# کۆلێژی ئاداب - زانکۆی سەڵاحەددین ١٩٨١ - ١٩٩١
## (توێژینەوەیەک لەبارەی چالاکییە زانستی و کارگێڕییەکان)

**پ.ی.د. سنوور صباح صدیق**

بەشی مێژوو – کۆلێژی ئاداب - زانکۆی سەڵاحەددین –
هەولێر
snur.sediq@su.edu.krd

**پوختە:**
بەهۆی کێشەی سیاسی و توندوتیژی حوکومەتی بەعس بەرانبەر بە گەلی کورد و کوشتنی ژمارەیەک مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی کە سەر بە ڕژێمی بەعس بوون و هەڵسوکەوتیان نەشیاو بوون بەرانبەر قوتابییانی کورد، حوکومەتی ئەو کاتی عێراق هەستی کرد بوونی زانکۆ لە سلێمانی هەڕەشەیە بۆ سەر حوکومەتی بەعس، بۆیە بڕیاری دا بەگواستنەوەی زانکۆ لە سلێمانییەوە بۆ هەولێر لەساڵی ١٩٨١. قوتابییان بەهۆی گواستنەوەی زانکۆ و ناڕەزایەتییەکانیان لە بارودۆخی ئەوکاتی خوێندنیان لەساڵی ١٩٨٢ خۆپیشاندانیان ئەنجام دا، حوکومەتی بەعس لە بەرانبەردا بە توندوتیژی وەڵامی دانەوە و دەستی لە قوتابییانی زانکۆی سەڵاحەددین نەپاراست. بەڵام لەگەڵ گرژیی دۆخەکەش ساڵانە ژمارەی قوتابییان و مامۆستایان و کرانەوەی بەشە زانستییەکان لەکۆلێژی ئاداب لەزیادبووندا بوو، قوتابییان لە ئاستێکی زانستی بەرز بوون. جێگای سەرنجە مامۆستایانی کۆلێژ ساڵانە خوولیان کردووەتەوە بۆ فەرمانبەرانی دەرەوەی زانکۆ، ئەمەش بەمەبەستی تێکەڵبوون و دانەبڕانی زانکۆ بوو لەگەڵ کۆمەڵگە، لەهەمان کاتدا کردنەوەی زانکۆ لە هەولێر جۆرە کرانەوەیەک و تێکەڵاوبوونی زیاتری کولتوورەکان و نوێبوونەوەیەکی بە شاری هەولێر بەخشی.
کردنەوەی خوێندنی باڵا لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەڵاحەددین گەشەسەندنێکی تری زانستیی کۆلێژ بوو کە ساڵانە ژمارەیەک قوتابی هەلیان بۆ ڕەخسا بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا لەم کۆلێژە، مامۆستایانی کۆلێژی ئاداب ساڵانە بەشدارییان لە کۆنفرانس و سیمینارەکان لە دەرەوە و ناوەوەی عێراق کردووە.

کلیلەوشە: کۆلێژ، زانکۆی سەڵاحەددین، مامۆستایان، قوتابییان، فەرمانبەران.

پێشەکی

دامەزرانــدنی زانکــۆی ســلێمانی لــە شــاری ســلێمانی لــە ســاڵی ١٩٦٨ بەهــۆی بڕیارێکــی سیاســیی حوکوومــەتی عێــراق بــوو، دامەزرانــدنی زانکــۆ بــۆ ئــەوکات پێویســتییەکی ســەردەم بــوو، چونکــە زانکــۆ لــە شــارە کوردییەکانــدا نەبــووە، هەمــان زانکــۆ لــە ســاڵی ١٩٨١ بەهــۆی بارودۆخــی ســیاسی و کێشــە و ئاڵۆزییــەکان، بــە بڕیارێکــی تــری ســیاسی لــە ســلێمانییەوە گواســترایەوە بــۆ هەولێــر و نــاوی کــرا بــە زانکــۆی ســەلاحەددین. بەهــۆی نەبــوونی باڵەخانەیەکــی تایبــەتی لــە یەکێــک لــە قوتابخانــەکانی شــاری هەولێــر جێگیــر کــرا.

دوای گواســتنەوەی زانکۆ بەهــۆی دۆخــی خراپــی گــوزەرانی قوتابییــان و چاودێرییــە بەردەوامــەکانی حیزبــی بەعــس لەســەر قوتابییــان، خۆپێشــاندانەکانی ســاڵی ١٩٨٢ی زانکــۆی لــێ کەوتــەوە کــە قوتابییــان ڕازی نەبــوون بــەم دۆخــە ناهەمــوارە، ئــەو خۆپێشــاندانانە لەلایــەن بەعســەوە بــە تونــدی بەرپــەچ درایــەوە، بــە شــێوەیەک ژمارەیــەک قوتــابی شــەهید بــوون و ژمارەیــەک گواســترانەوە، ژمارەیەکــی تریــش گیــران و کەوتنــە ژێــر ئەشــکەنجەوە.

بــەڵام لەگــەڵ ئــەم دۆخەشــدا ژمــارەی قوتابییــان و مامۆســتایان و بەشــە نوێیــە زانســتییەکان لــە زیادبــوون بــەرەو پێشــچووندا بــوو، بــەرزی ئاســتی زانســتی قوتابییــان و مامۆســتایان جەختیــان لەســەر ئــەو ڕاســتییە کردووەتــەوە.

هــۆکاری هەڵبژاردنــی ئــەم بابەتــە دەگەڕێتــەوە بــۆ گرنگــی بابەتەکــەو نەبوونــی هیــچ لێکۆڵینەوەیەکــی لــەم چەشــنە لــە ســەر مێــژووی کۆلێــژی ئــاداب.

گرنگیــی ئــەم توێژینەوەیــە لەوەدایــە کــە لەژێــر ڕۆشــنایی دۆکیۆمێنتــە بڵاونەکــراوەکان ڕاســتیە مێژووییەکانــی خســتووەتە بەرچــاو.

توێژینەوەیەکــە لــە پێشــەکی و دەروازە و ســێ تــەوەرە و ئەنجــام و پاشــکۆ پێــک هاتــووە، تــەوەری یەکــەم دوو بــاس لەخــۆ دەگرێــت بــاسی یەکــەم: لایــەنی کارگێــری و ڕەوشی فەرمانبــەرانی کۆلێــژ، بــاسی دووەم: کتێبخانــەی کۆلێــژی ئــاداب، تــەوەری دووەم لــە دوو بــاس پێــک هاتــووە، بــاسی یەکــەم: بەشــە زانســتییەکانی کۆلێــژ و ژمــارەی مامۆســتایان، بــاسی دووەم: ژمــارەی قوتابییــان و پرۆگرامــی خوێنــدن. تــەوەری سێیەم لــە دوو بــاس پێکدێــت، بــاسی یەکــەم: خوێنــدنی بــاڵا و کۆنفرانــس، بــاسی دووەم: توێژینــەوەی زانســتی و خوولــەکان.

بــۆ نووســینەوەی ئــەم توێژینەوەیــە پشــتمان بــە ســەرچاوەی هەمەجــۆر بەســتووە، لــە ســەروی هەمووشــیانەوە بەڵگەنامــە بڵاونەکــراوەکان کــە بوونەتــە مایــەی دەوڵەمەندکــردنی توێژینەوەکــە و پشتڕاســتکردنەوە.

هەروەهــا ســوودی زۆر لــە چاوپێکەوتنــەکان وەرگیــراوە کــە هەموویــان هاوســەردەمی ڕووداوەکان بــوون و تەنانــەت زۆرینەیــان لــە دروســتکردنی ڕەوتی ڕووداوەکان بەشــدار بــوون، جگــە لەمانــە ســوودی زۆر لــە بڵاوکــراوەکانی میــری و ســەرژمێرییەکانی زانکــۆ و کۆلێــژی ئــاداب ڕێبــەرەکانی دەرچــوون وەرگیــراوە، لــە هەمــان کاتــدا بیرەوەرییەکانیــش پاڵپشــتێکی بــاش بــوون وەک کتێبــی بیرەوەریــەکانی: (کوردســتان موکریــانی، ســەلام ناوخــۆش).

دەروازە: کۆلێژی ئاداب- زانکۆی سلێمانی ١٩٧١- ١٩٨١

زانکــۆی ســلێمانی بــە یاســای ژمــارە ١٤٣ی ســاڵی ١٩٦٨ لــە شــاری ســلێمانی دامــەزرا، کــە یاســاکە (٤٩) مــاددەی لــە خــۆ گرتبــوو، لــە مــاددەی یەکەمــی یاســاکەدا هاتــووە (بەپێــی ئــەو یاســایە بڕیــاردرا بــە دامەزرانــدنی زانکــۆی ســلێمانی لــە شــاری ســلێمانی، ئەنجوومــەنی زانکــۆ بــە وەرگرتنــی ڕەزامەنــدی لــە ئەنجوومــەنی وەزیــران دەتوانێــت لقــی تــری ســەر بــە زانکۆکــە لــە شــوێنی تــری کۆمــاری عێــراق دا بکاتــەوە) (قانــون العــراق، ١٠/ ١٠/ ١٩٦٨).

لــە ســەرەتادا ئــەم زانکۆیــە ســێ کۆلێــژی لەخــۆ گرتبــوو (کۆلێــژی زانســت، کۆلێــژی کشــتوکاڵ، کۆلێــژی ئەندازیــاری) دواتــر بــۆ ســاڵی خوێنــدنی ١٩٧١- ١٩٧٢ کۆلێــژی ئــاداب دامــەزرا، ١٩٧٦- ١٩٧٧ کۆلێــژی بەڕێوەبــردن و ئابــووری، ١٩٧٦- ١٩٧٧ کۆلێــژی پــەروەردە، ١٩٧٧- ١٩٧٨ کۆلێــژی پزیشــکی دامــەزران.

کۆلێــژی ئــاداب بــە فەرمــانی زانکــۆی ژمــارە (٩٠١٠) بەمێــژووی ١١/ ٩/ ١٩٧١ دامــەزرا، لــە ســەرەتای دامەزراندنیــدا تەنیــا یــەک بــەشی لــە خــۆ دەگــرت، ئەویــش بــەشی (خوێنــدنی کــوردی- دراســات الکردیــة) بــوو، یــەک لقــی هەبــوو بەنــاوی لقــی زمــان و ئــەدەبی کــوردی.

دواتــر لــە ســاڵی خوێنــدنی ١٩٧٢- ١٩٧٣ لقێکــی تــر لــە بــەشی خوێنــدنی کــوردی کرایــەوە بەنــاوی لقــی ئابــووری، ئـەم لقـە کـە لـە سـاڵی ١٩٧٧- ١٩٧٨ دوایـن خـوولی قوتابییـانی دەرچـوون و کۆتایـی پـێ هـات و داخـرا لـە کۆلێـژی ئـاداب.

ســاڵی ١٩٧٥- ١٩٧٦ کۆلێــژی ئــاداب لــە دوو بــەش پێــک دەهــات، بــەم شــێوەیەی خــوارەوە:

١- بەشی خوێندنی کوردی، لە سێ لق پێک دەهات:

أ- لقی زمان و ئەدەبی کوردی ب- لقــی زانســتی کۆمەڵناسی

ج- لقی ئابووری

٢- بـەشی بەڕێوەبـردن و ئابـووری (دواتـر بـوو بـە کۆلێـژی بەڕێوەبـردن و ئابـووری لـە سـاڵی ١٩٧٦- ١٩٧٧).

بــەشی زمــانی عــەرەبی لــە ١٩٧٦- ١٩٧٧ دامــەزرا، ســاڵی دواتر واتـە ١٩٧٧- ١٩٧٨ گۆڕانـکاری تـر لـە هەیکـەلی زانسـتیی کۆلێـژ کـراوە بـەم شـێوەیە:

١- بــەشی زمــانی کــوردی: (واتــە نــاوی بەشــەکە لــە خوێنــدنی کــوردی یــەوە بــۆ زمانــی کــوردی گــۆڕاوە).

أ- لقی زمانەوانی

ب- لقی خوێندنی ئەدەبی

٢- بەشی زمانی عەرەبی:

أ- لقی زمانەوانی

ب- لقی خوێندنی ئەدەبی

٣- لقــی زانســتی کۆمەڵنــاسی (جامعــة الســليمانية، ب. س: ٥٤).

بـەم شـێوەیە سـاڵ لـەدوای سـاڵ ژمـارەی بـەش و لقـەکانی کۆلێـژ لـە زیادبـوون و بـەرەو پێشـچووندا بـووە، لەگەڵیشـیدا ژمــارەی قوتابییــان و مامۆســتایان و ســتافی فەرمانبــەران و کارگێـری کۆلێـژ زیـادی کـردوە، ژمـارەی قوتابییـان بـە هـۆی زیـاد بـوونی بەشـەکان و بەئامانجـی ڕەخسـاندنی دەرفـەت لەبـەردەم قوتابییـان بەتایبـەتی قوتـابی کـورد کـە بتوانێـت لـە شـوێن و ناوچـەی خـۆی بخوێنێـت لەلایـەک و لەلایەکـی تریشــەوە ئــارەزووی قوتابییــان بــۆ تەواوکــردنی زانکــۆ، هــۆکار بــوون بــۆ زیادبــوونی ژمــارەی قوتابییــان، هــەروەک لــەم خشــتەیەی خــوارەوە ئامــاژەی پــێ دەدەیــن:

خشتەی ژمارە (١)

ژمــارەی قوتابییــانی کۆلێــژی ئــاداب- زانکــۆی ســلێمانی (١٩٧١- ١٩٨١)

| ساڵ | کوڕ | کچ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| ١٩٧١- ١٩٧٢ | ٢٥ | ١٦ | ٤١ |
| ١٩٧٢- ١٩٧٣ | ٩٥ | ٦٩ | ١٦٤ |
| ١٩٧٣- ١٩٧٤ | ١٣٥ | ١٥٩ | ٢٩٤ |
| ١٩٧٤- ١٩٧٥ | ١٧٩ | ١٩٩ | ٣٧٨ |
| ١٩٧٥- ١٩٧٦ | ٣٠٧ | ٢٥٩ | ٥٦٦ |
| ١٩٧٦- ١٩٧٧ | ١٩٢ | ١٨٥ | ٣٧٧ |
| ١٩٧٧- ١٩٧٨ | ٢٠٠ | ١٥٢ | ٣٥٢ |
| ١٩٧٨- ١٩٧٩ | ٢٦١ | ١١٤ | ٣٧٥ |
| ١٩٧٩- ١٩٨٠ | - | - | ٤٦٤ |
| ١٩٨٠- ١٩٨١ | - | - | ٥٤٥ |

(جامعــة الســليمانية، ب. س: ٥٤؛ جامعــة صــلاح الديــن، ١٩٨٢: ٨٢)

ژمـارەی مامۆسـتایانیش سـاڵ لـەدوای سـاڵ زیـادی کـردووە بەهــۆی زیادبــوونی ژمــارەی بەشــەکانی کۆلێــژ و لەگەڵیشــدا زۆربــوونی ژمـارەی قوتابییـان وزیادبـوونی پێویسـتیی کۆلێـژ بـە مامۆسـایانی پســپۆڕ.

خشتەی ژمارە (٢)

ژمــارەی مامۆســتایانی کۆلێــژی ئــاداب- زانکــۆی ســلێمانی (١٩٧١- ١٩٨١)

| ساڵ | ژمارەی مامۆستایان |
|---|---|
| ١٩٧١- ١٩٧٢ | ٩ |
| ١٩٧٢- ١٩٧٣ | ١٧ |
| ١٩٧٣- ١٩٧٤ | ١٨ |
| ١٩٧٤- ١٩٧٥ | ١٨ |
| ١٩٧٥- ١٩٧٦ | ٣٥ |
| ١٩٧٦- ١٩٧٧ | ٢٧ |
| ١٩٧٧- ١٩٧٨ | ٢٥ |
| ١٩٧٨- ١٩٧٩ | ٢٧ |
| ١٩٧٩- ١٩٨٠ | ٣٣ |
| ١٩٨٠- ١٩٨١ | ٣٥ |

(جامعــة الســليمانية، ب. س، ٥٦؛ جامعــة صــلاح الديــن، ١٩٨٢: ٨٣)

شیاوی باسکردنە لە ساڵی ١٩٨٠- ١٩٨١ واتە ماوەیەکی کەم بەر لە گواستنەوەی زانکۆی سلێمانی بۆ هەولێر ژمارەی مامۆستایانی کۆلێژی ئاداب (٣٥) مامۆستا بووە، بەڵام ئەوانەی بەشێوەیەکی کردارەکی (فعلی) دەوامیان کردووە (٢٨) مامۆستا بوون، (٧) مامۆستاکەی تریش مۆڵەتیان هەبووە، ئەم (٢٨) مامۆستایە بریتی بوون لە (د.کوردستان عبدالرحمن عبداللطیف، د. محمد نوری عارف، د. علی عبدالقادر علی، د. محمد فاروق عمر صدیق، د.شکریة ڕسول ابراهیم، د. عبدالجار عبدالقادر غفور، د. جمال ڕشید أحمد، د. هشام أکرم ابراهیم، د. خلیل اسماعیل محمد، د. پروین ڕحیم عبدالرحمن، م.خلیل سعید عبدالقادر، م. ابراهیم امین بالدار، م. محمد معروف فتاح، م. نبیل عبدالمجید عبدالجبار، م. حسام الدین علی غالب، م. شاکیتی مهاجان (هندیة جنسیة)، م. مریم غزیز فتاح، م. فاضل عبدالقادر احمد، م. ابراهیم یاس خضر، د. فوریە ادهم الدباغ، م. عبدالامیر مهدی حبیب، م. عباس توفیق ڕضا، م. کامل سعید عواد، د. ڕاجعة حیدر الصقر، م. عبدالکریم عبدلسادة نصار، م. عبدالکاظم شندل عیسی، م. علی عبدالامیر علی، م. محمد عبدالقادر احمد) بوون، ئەم مامۆستایانە (١٩)یان لە بەشی کوردی و (٤) لە بەشی عەرەبی (٥) لە لقی زانستی کۆمەڵناسی بوون (جامعة السلیمانیة، ٢٥/ ٩/ ١٩٨٠). ژمارەی فەرمانبەران و کارگوزارانیش بەهەمان شێوە ساڵ لە دوای ساڵ زیادی کردووە، بەنموونە لە ساڵی ١٩٨٠- ١٩٨١ ژمارەی فەرمانبەران (١٦) و ژمارەی کارگوزارەکان (١٢) بووە (جامعة السلیمانیة، ١/ ١٠/ ١٩٨٠).

هەڵبەتە باسکردن لە زانکۆی سلێمانی لە نێوان ساڵانی ١٩٧١- ١٩٨١، زۆر هەڵدەگرێت و شیاوی توێژینەوەیەکی سەربەخۆیە، بەڵام لێرەدا تەنیا خاڵە گرنگەکانمان ئاماژە بۆ کردووە، چونکە تەنیا دەروازەیە.

تەوەری یەکەم: ڕەوشی کارگێڕی کۆلێژی ئاداب ١٩٨١- ١٩٩١

یەکەم: لایەنی کارگێری و ڕەوشی فەرمانبەرانی کۆلێژی ئاداب ١٩٨١- ١٩٩١

بارودۆخی سیاسی کاریگەری هەبوو لەسەر گواستنەوەی زانکۆی سلێمانی لە شاری سلێمانی بۆ شاری هەولێر و دامەزراندنی زانکۆی سەلاحەددین، گواستنەوەی زانکۆ بەشێوەیەکی لە ناکاو و بێ پلان بوو، کۆلێژەکان بەشێوەیەکی پلان بۆ دانەرێژراو دابەشکران (محمد، ١١/٤/ ٢٠٢٢).

دوای تەواوبوونی ساڵی خوێندنی (١٩٨٠- ١٩٨١)، لێژنەیەک پێک هاتووە لە زانکۆی سلێمانی بۆ گواستنەوەی کەلوپەلەکانی زانکۆی سلێمانی بۆ هەولێر و وەرگرتنی باڵەخانەی ژمارەیەک لە قوتابخانەکان بۆ مەبەستی جێگیربوونی کۆلێژەکان، حوکومەت هیچ ئامادەباشییەکی نەکردبوو بۆ ئەو گواستنەوەیە، کۆلێژەکان بەسەر بینایەی چەند قوتابخانەیەکی سەرەتایی و ناوەندی دابەش کران (موکریان، ٢٠٢٢: ١١٥)، کە زۆربەیان کۆن بوون، کۆلێژی ئاداب کە بڕیار درابوو لە گەڕەکی (ئەمین عامەکان) یان خانووەکانی (مجلس تشریعی) لە قوتابخانەیەکدا جێگر بکرێت، قوتابخانەکە تەواو نەکرابوو، قوتابخانەکە بەهەوڵی مامۆستایانی لێژنەی گواستنەوە (غەفور، ١١/١٣/ ٢٠٢٢) دواتر بەهەوڵی (د.کوردستان موکریانی) ڕێکخرا کە ئەوکات سەرۆکی بەشی کوردی بوو، لە هاوینی هەمان ساڵ واتە ساڵی ١٩٨١ بەجێگری ڕاگری کۆلێژ دانراوە. لەم ماوەیەدا هەوڵی داوە بۆ تەواوکردن و ڕێکخستنی کارەکانی کۆلێژ بە قیرتاوکردنی جادەی نێوان شەقامی شەست مەتری و بینایەی کۆلێژ چیمەنتۆکردنی گۆرەپانی بیناکە بۆ هاتوچۆی قوتابییان، چاککردنی باخچەی بیناکە، هێنانی هێڵی تەلەفۆن و دانانی ئامێری بەدالە، بیناکردنی هۆڵێکی تایبەت بۆ یانەی قوتابییان و ڕێکخستنی هۆڵەکانی خوێندن، یەکەمین باری کەلوپەلەکانی کۆلێژی ئاداب لە ١٩٨١/٧/١٨ دا گەیشتۆتە هەولێر و لەلایەن (د.جبار قادر)ەوە وەرگیراوە کە بەڕێزیان ئەندام بوون لە

لێژنــەی گواســتنەوەی کۆلێــژ و هاوکارێکــی بــاش بــووە (موکریــان، ٢٠٢٢: ١١٤- ١١٥).

ســەبارەت بــە بینــای ئــەو قوتابخانەیــەی کــە (کۆلێــژی ئــاداب(ی تێــدا جێگــر کــراوە قوتابخانەیەکــی دوو نهۆمــی بــووە، نهۆمــی خــوارەوە بــۆ (ڕاگرایەتــی، فەرمانبــەران، مامۆســتایان، کتێبخانــە، چێشــتخانە) بــووە، نهۆمــی دووەم تەرخــان کــراوە بــۆ هۆڵەکانــی خوێنــدن (محمــد، ١١/٤/ ٢٠٢٢). کۆلێــژی ئــاداب لــە ســاڵی خوێندنــی (١٩٨١- ١٩٨٢) تەنیــا دوو بــەش بــوو (بەشــی کــوردی و بەشــی عەرەبــی)، کۆمەڵناســی وەک لقێــک ســەر بــە بەشــی کــوردی بــووە بەنــاوی (لقــی کۆمەڵناســی) (غەفــور، ١٣/ ١١/ ٢٠٢٢)، بــەڵام دەتوانیــن بڵێــن وەک بەشــێک مامەڵــەی لەگــەڵ کــراوە و تەنانەتــی ئــەم لقــە ســەرۆکی تایبــەت بەخــۆی هەبــوو، بەنــاوی (ســەرۆکی لقــی کۆمەڵناســی، رئیــس فــرع الاجتــماع) تەنانــەت لــە ئەنجوومەنــی کۆلێــژ و ڕێبــەری دەرچوونــی قوتابییانیــش بــەم شــێوەیە ئامــاژەی بــۆ کــراوە (جامعــة الســلیمانیة، ٢٥/ ٩/ ١٩٨٠).

یەکــەم ڕاگــری کۆلێــژی ئــاداب لــە زانکــۆی ســەلاحەددین (د.اســماعیل لازم الهاشــل) بــووە، لــە ســاڵی ١٩٨١- ١٩٨٢ کۆلێــژی ئــاداب لــە چەنــد هۆبەیــەک پێــک هاتــووە لەوانــە (خۆیەتــی (أفــراد) ســەرۆکی ئــەم هۆبەیــە (حمیــدە محمــود حەمــە) بــووە، هۆبــەی کاروبــاری قوتابییــان، کــە نــاو تۆمارکــردن و نەهاتــن و دەوامــی قوتابییــان لــەم هۆبەیــەدا تۆمارکــراو و ســەر بەتۆمــاری گشــتی ســەرۆکایەتیی زانکــۆی ســەلاحەددین بــووە، ســەرۆکی ئــەم هۆبەیــە (نسریــن محمدامیــن ســلێمان) بــووە، هۆبــەی اوراق (ســەرگول علــی حســین)، هۆبــەی ڕۆنیــو (صبریــە جــلال کریــم)، کتێبخانــە (محمــد محمــود ڕؤوف) بــووە کــە خەڵکــی (میــسر) بــووە....) لــە ســاڵی ١٩٨١- ١٩٨٢ ژمــارەی فەرمانبــەرانی کارگێــری و هونــەری وکارگــوزاری لــە کۆلێــژی ئــاداب (٣٠) فەرمانبەربــوون (١٦) لەرەگــەزی نێــر و (١٤)لــە ڕەگــەزی مــێ (سلێمان، ١٠/ ١١/ ٢٠٢٢؛ کەریــم، ١٤/ ١١/ ٢٠٢٢)، بەشــێوەیەک فەرمانبەرانــی کارگێــری ژمارەیــان (٨) بــووە کــە (٣)یــان لــە ڕەگــەزی نێــر و (٥) یــان لــە ڕەگــەزی مــێ بــوون، فەرمانبەرانــی هونــەری (٧) بــوون، (٥) لــە ڕەگــەزی نێــر و (٢) لــە ڕەگــەزی مــێ، کارگوزارەکانیــش (١٥)، (٨) لــە ڕەگــەزی نیــر و (٧) لــە ڕەگــەزی مــێ (جامعــة صــلاح الدیــن، ب. س، ٨٧). ژمــارەی فەرمانبەرانــی کۆلێــژی ئــاداب لەگــەڵ ژمــارەی قوتابییــان و مامۆســتایانی کۆلێژەکــە تاڕادەیــەک گونجــاو بــووە، بــە تایبــەت لەکاتێکــدا ئــەم زانکۆیــە لــە هەمــان ســاڵدا گواســتراوەتەوە بــۆ هەولێــر. بــە ســەرەنجدانی بڕوانامــەی فەرمانبەرانــی کۆلێــژ تێبینــی دەکرێــت کــە ژمــارە هەڵگرانــی بڕوانامەکانــی بــەم شــێوەیە بــووە لــە (٣٠) فەرمانبــەر (٧) یــان بەکالۆریــۆس، (٢) دبلــۆم، (٤) دواناوەنــدی، (٢) ناوەنــدی و (١) ســەرەتایی، ئەوانــەی تریــش کەخاوەنــی بڕوانامــە نەبــوون کارگوزارەکانــی کۆلێــژ بــوون (جامعــة صــلاح الدیــن، ١٩٨٢: ٩-٩٢-٩٤).

جێــگای ســەرەنجە دوو ســاڵ دوای دامەزراندنــی زانکــۆ، لــە ســاڵی خوێندنــی (١٩٨٣- ١٩٨٤) ژمــارەی فەرمانبەرانــی هەڵگــری بڕوانامــەی بەکالۆریــۆس لــە کۆلێــژی ئــاداب زیــادی کــردووە بــۆ (١٤) فەرمانبــەر کــە بەشــێکیان نازناویــان یاریــدەدەری توێــژەر و بەشــێکیان تێبینــەر بــوون لەوانــەش (ایــدن عبدالوهــاب، انتســار مســتەفا عبــاس، مشــاعل حیــدر محمــد علــی، بــشری فائــق، لیلــی مــراد محمــد، شــکریە ابراهیــم ســلیمان، ئومێــد محمــد عبدالرحــمان، موســی مصطفــی ابراهیــم، فاصــل مجیــد محمــود، دلشــاد علــی محمــد......) (دلیــل جامعــة صــلاح الدیــن، ١٩٨٤: ١٤٠- ١٤٢). دواتــر لــە ســاڵی ١٩٨٥ لــە ڕێگــەی نووسراوێکــی فەرمــی ڕاگــری کۆلێــژ بەرپرسیاریەتی هۆبــە و یەکەکانــی کۆلێــژی دووبــارە دابەشــکردووەتەوە، کــە ئەمــەش بەمەبەســتی ڕێکخســتنی کاروبــاری کارگێــری بــووە تاوەکــوو هــەر فەرمانبەرێــک ئەرکەکانــی بــۆ دەستنیشــانبکرێت و کارەکانی خــۆی ڕاپەڕێنێــت، بەپێــی ئــەم نــووسراوە بەرپرســی یەکــە و هۆبــەکان بــەم شــێوەیە بــوو (نووســینگەی ڕاگــر: ســابر مجیــد عوســمان، خۆیەتــی: شــکریە ابراهیــم ســلیمان، ســکرتێری بەشــی ئینگلیــزی (ســمیر محمــد علــی)، ســکرتێری بــەشی کــوردی (ســمیرە شــهاب عبداللــە)، ســکرتێری بەشــی عەرەبــی (ســهیلە طــە محمــد)، ســکرتێری بەشــی کۆمەڵناســی (عبدالــرؤوف

مصبـاح برکـە)، سـەرۆکی نووسـینگەی یاریـدەدەری ڕاگـر (فایـزە اسـماعیل محمـد). (پەیـمان ابراهیـم علـي) هۆبـەی چـاپ، (ئومیـد محمـد عبدالرحمـن) هۆبـەی قوتابییـان، (خلـود نجـم وادی) خامـەی نهێنـی، (صبریـە جـلال کریـم) ڕونیـو، (سـعاد خورشـید عبـدال) کتێبخانـە، (ژیـان علـی شریـف) ژمێریـاری، (سـلوی صلیـوا) دابینکـردن، (ابراهیـم سـلیم)بگۆر (بدالـە). (صابـر طاهـر حمـد) الاوراق، (علـی سـلیم) پرسـگە (جامعـة صـلاح الديـن، ٤/ ٧/ ١٩٨٥)، لەهەمـان سـاڵدا ژمارەیـەک فەرمانبـەر بەشـێوەیەکی کاتـی لـە کۆلێـژی ئـاداب دامـەزران (جامعـة صـلاح الديـن، ٣/ ١١/ ١٩٨٥؛ جامعـة صـلاح الديـن، ٣/٤/ ١٩٨٥).

دواتـر لـە سـاڵی ١٩٩٠ نـاوی بەشـێک لـە یەکەکانـی کۆلێـژ گۆرانـکاری بەسـەرداهات و ژمارەیـەک یەکـەش کـران بـەم شـێوەیە: (یەکـەی خۆیەتـی و خزمەتگوزارییـە کارگێرییـەکان، یەکـەی تۆمـار، یەکـەی ژمێریـاری و وردبینـی، یەکـەی پلاندانـان و بەدواداچـوون، کتێبخانـە و خوێندنـی بەخۆرایـی، یەکـەی خوێنـدنی بـاڵا و کاروبـاری زانسـتی، یەکـەی توێژینـەوەی زانسـتی، یەکـەی هونـەری تشـکیلی، یەکـەی مەشـقی سـەربازی و (التعبئـة)، یەکـەی پـەروەردەی وەرزشـی) (محمـد، ١٩٩٠: ١٣- ١٨- ٢١). لەگـەڵ کرانـەوەی یەکـەی نـوێ و بەشـی نـوێ و فراوابوونـی کۆلێـژی ئـاداب، ژمـارەی فەرمانبەرانیـش زیـادی کـردووە، بـۆ نموونـە لەسـاڵی ١٩٩٠ ژمـارەی فەرمانبەرانـی کۆلێـژ زیادبـووە بـۆ (١٠٣) فەرمانبـەر، (٥٩) فەرمانبـەری کارگێـری، (١٤) هونـەری و (٣٠)خزمەتگـوزاری. لـە کـۆی (١٠٣) کارمەنـد (٤)یـان عێراقـی نەبـوون و بەڕەگـەز عەرەبـی وڵاتانـی دیکـە بـوون، (٣)ی کارگێـری (١)ی هونـەری بـوون، (محمـد، ١٩٩٠: ١٠٨).

جێـگای سـەرەنجە زانکـۆی سـەڵاحەددین نـەک تەنیـا ڕەچـاوی یەکپۆشـی جـل و بەرگـی قوتابییانـی کـردووە، بەڵـکوو بەهەمـان شـێوە ڕەچـاوی بەکپۆشـی بـۆ فەرەمانبەرانـی کۆلێژیـش کـراوە، بـۆ نموونـە لـە سـاڵی ١٩٨٥ لـە ڕێگـەی فەرمانێکـی زانکۆیـی کـە بـۆ کۆلێـژی ئـاداب نـاردراوە جەخـت کراوەتـەوە لەسـەر یەکپۆشـی فەرمانبـەران، ئـەم نـووسراوە تایبەتـە بـە فەرمانبـەرە ئافرەتـەکان، تەنانـەت ڕەنگیشـیان بـۆ دیـاری کـراوە بـەم شـێوەیە (تەنـورەی قاوەیـی سـادە بـە بـێ هیـچ نەخـش و هێڵێـک لەسـەری و داپـۆشراو بێـت، قەمیسـی بێجـی یـان سـپی لەگـەڵ چاکێتـی قاوەیـی)، یـان (تەنـورەی نیلـی سـادە بەبـێ هیـچ نەخـش و هێڵێـک لەسـەری و داپۆشراوبێـت) قەمیسـی سپی یـان شـین لەگـەڵ چاکەتـی نیلی). بـە هەمـوو شـێوەیەک لەبەرکردنـی بانتـۆڵ قەدەغـە کـراوە، تەنیـا بـۆ ئـەو کاتانـە نەبێـت کـە کارەکـە پێویسـتی پێـی هەبێـت، ڕێگـەش دراوە بـە لەبـەر کردنـی بلـوز لـە هەمـان ڕەنگەکانـی پێشـووتر، فەرمانبـەران سـەر پشـک کـراون لـە هەڵبژاردنـی ئـەو دوو ڕەنگـەی کـە ئاماژەمـان بـۆ کـردن. لەهەمانکاتـدا پێویسـت بـووە لەسـەر ڕاگـرەکان لێژنـە دروسـت بکـەن بـۆ جێبەجێکردنـی فەرمانەکـە. مێـژووی یەکپۆشـیی فەرمانبـەران بەپێـی ئـەم نـووسراوە لـە زانکـۆی سـەڵاحەددین دەگەڕێتـەوە بـۆ ٢/٨/ ١٩٨٣ و دواتـر لـە سـاڵی ١٩٨٥ جەختـی لەسـەر کراوەتـەوە (جامعـة صـلاح الديـن، ١٢/٨/ ١٩٨٥).

هەمـان بابـەت لـە سـاڵی ١٩٩٠ جەختـی لەسـەر کراوەتـەوە، تەنانـەت داوا کـراوە کـە فەرمانبەرانـی ئافـرەت پێویسـتە دوور بـن لـە بەکارهێنانـی کەلوپەلـی جوانـکاری و زێـڕ بـە بەمەسـتی ڕازاندنـەوە و سەرەنجراکێشـان (جامعـة صـلاح الديـن، ٧/ ٣/ ١٩٩٠).

سـاڵانەش فەرمانبەرانـی کۆلێـژی ئـاداب بەهـۆی خزمەتەکانیـان و کاری بەردەوامیـان لـە کۆلێـژ لەلایـەن سـەرۆکایەتیی زانکـۆ و کۆلێـژی ئادابـەوە و سـوپاس و پێزانینیـان پـێ بەخـشراوە و لـە پایـەی خزمەتەکانیـان پاداشـت کـراون، لـە بەرانبەریشـدا لـە نەهاتـن و کەمتەرخەمیەکانیـان سـزایان بـۆ دەکـراوە (جامعـة صـلاح الديـن، ٣٠/٤/ ١٩٩١؛ جامعـة صـلاح الديـن، ٢/٢٧/ ١٩٨٩). لـە دوای ڕاپەڕینـی سـاڵی ١٩٩١ی هەولێـر ژمارەیـەک لـە دام و دەزگاکانـی حوکوومـی تـاڵان کـران کۆلێـژی ئادابیـش بـە هەمـان شـێوە دووچـاری ئـەم دۆخـە بووەتـەوە، بـووەوە لـە مانگـی ئایـاری ١٩٩١ ژمارەیـەک لێژنـە پێـک هێـنراوە بەمەبەسـتی پێداچوونـەوە و دەستنیشـانکردنی زیانـەکان و کەلوپەلـە بزربووەکانـی کۆلێـژ (جامعـة صـلاح

الدیـن، ٥/٨/ ١٩٩١؛ جامعــة صــلاح الدیــن، ٥/١١/ ١٩٩١؛ جامعـة صـلاح الدیـن، ٥/٢٧/ ١٩٩١؛ جامعـة صـلاح الدیـن، ٦/٣/ ١٩٩١).

جێـگای باسـکردنە لـە مـاوەی نێـوان سـاڵانی (١٩٨١- ١٩٩١) کۆلێــژی ئــاداب لەلایــەن ژمارەیــەک ڕاگــر و یاریــدەدەری ڕاگــرەوە بەڕێــوە بــردراوە کــە بەشــێوەیەی خــوارەوە بــووە:

د. اسماعیل لازم الهاشل (١٩٨١- ١٩٨٤)

م.عبدالکریم عبدالسادە النصار (١٩٨٤- ١٩٨٥)

د.غالب فاضل المطلبی (١٩٨٥- ١٩٨٩)

م.عبدالکریـم عبدالسـادە النصـار (١٩٩٠- ١٩٩١) (جامعـة صـلاح الدیـن، ٢٣/ ٤/ ١٩٩٠)

هەرچـی سـەبارەت بەیاریـدەدەری ڕاگـرە تێبینـی دەکەیـن هەندێـک سـاڵ ڕاگـر دوو یاریـدەدەری هەبـووە بـە مەبەسـتی ڕایکردنـی کارەکان و هەندێـک سـاڵیش تەنیـا یـەک یاریـدەدەر بـووە وەک لـە خـوارەوە ئامـاژەی بـۆ کـراوە:

م. علی عبدالامیر علی (١٩٨١- ١٩٨٢).

م.عبدالکریـم عبدالسـادە النصـار (١٩٨٣- ١٩٨٤) (دلیـل جامعــة صــلاح الدیــن، ١٩٨٤: ١٣٧).

د.غالـب فاضـل المطلبـي، یاریـدەدەری ڕاگـر بـۆ کاروبـاری کارگێـری (١٩٨٤- ١٩٨٥) (دلیـل تخـرج الـدورة الرابعـة، ١٩٨٥: ٦٣).

م.احمـد یونـس خـضر، یاریـدەدەری ڕاگـر بـۆ کاروبـاری قوتابییــان (١٩٨٤- ١٩٨٥).

د.عبـاس تۆفیـق ڕضـا، یاریـدەدەری ڕاگـر بـۆ کاروبـاری زانســتی (١٩٨٥- ١٩٨٦).

م.احمـد یونـس خـضر، یاریـدەدەری ڕاگـر بـۆ کاروبـاری قوتابییــان (١٩٨٥- ١٩٨٦) (دلیــل تخــرج الــدورة الخامســة، ١٩٨٦: ٦٩).

د.عبـاس تۆفیـق ڕضـا، یاریـدەدەری ڕاگـر بـۆ کاروبـاری زانســتی (١٩٨٦- ١٩٨٧).

م.احمـد یونـس خـضر، یاریـدەدەری ڕاگـر بـۆ کاروبـاری قوتابییــان وکارگێــری (١٩٨٦- ١٩٨٧) (دلیــل تخــرج الــدورة السادســة، ١٩٨٧: ٦٩).

م.احمـد یونـس خـضر، یاریـدەدەری ڕاگـر (١٩٨٦- ١٩٨٧) (دلیـل تخـرج الـدورة السـابعة، ١٩٨٨: ٦٢؛ محمـد، ١٩٩٠: ١٨).

د.صـلاح محمـد نـوری، داود یاریـدەدەری ڕاگـر (١٩٨٨- ١٩٩١).

دووەم: کتێبخانەی کۆلێژی ئاداب ١٩٨١- ١٩٩٠

لەگــەڵ گواســتنەوەی زانکــۆی ســلێمانی بــۆ هەولێــر کتێبخانــەی ناوەنــدی زانکــۆش بــۆ هەولێــر گواســترایەوە. کتێبخانـەی ناوەنـدی زۆر دەوڵەمەنـد بـوو، بـەڵام ئـەم شـوێنەی بـۆی گواسـترایەوە زۆر بچـووک بـوو کـە لەسـەر جـادەی سـی مەتـری لـە تەیـراوە شـوێنێکی بـۆ تەرخانکرابـوو، بۆیـە بڕیـاردرا بــە پێــی پســپۆڕی کتێبــەکان بەســەر کۆلێژەکانــدا دابــەش بکرێــت، یەکێــک لــە هۆڵەکانــی کۆلێــژی ئــاداب بــوو بــە کتێبخانـە و بەرپرسـی تایبـەت بـە خـۆی بـۆ دانـرا (غەفـور، ١١/١٣/ ٢٠٢٢).

بـەم شـێوەیە هــەر لــە ســەرەتای دامەزراندنــی کۆلێــژی ئـاداب لـە زانکـۆی سـەڵاحەددین خـاوەن کتێبخانـەی تایبـەت بــە خــۆی بــووە، گرنگیەکــی زۆر بــە کتێــب و دەوڵەمەنــد کردنــی کتێبخانــە دراوە، کتێبخانــەی کۆلێــژ زۆر چالاکانــە یارمەتــی قوتابییانــی خوێندنــی بەکالۆریــۆس و خوێندنــی بــاڵا و مامۆســتایانی داوە بــۆ بەدەســت هێنانــی ســەرچاوە و ژێــدەرەکان. هەمیشــە لەبەرەوپێشــچووندا بــووە لــە ڕووی ژمــارەی کتێــب و گۆڤــار...، لەســەرەتادا کتێبخانەکــە خاوەنــی (٢٠٠) تەنیـا دووسـەد کتێـب بـووە (محمـد، ١٩٩٠: ٩٧). لـە ســاڵی ١٩٨٦- ١٩٨٧ ژمــارەی کتێبــەکان زیــادی کــردووە بــۆ (١١٩٤٩) کتێـب، ئـەم گەشەسـەندنەش پەیوەسـت بـووە بـە کرانـەوەی بەشـی نـوێ زانسـتی و پێداویسـتی ئـەم بەشـانە بـۆ کتێـب، لـە هەمـان کاتیشـدا ژمـارەی قوتابییـان و مامۆسـتایان زیــادی کــردووە بەهــۆی گەشەســەندنی کۆلێژەکــە، لــە هەمـان سـاڵدا ژمـارەی خوازیارانـی کتێبیـش ئاسـتێکی باشـی تۆمارکـردووە مامۆسـتایان (٨٤٦) و قوتابییـان (٨٠٦١) کتێبیـان خواســتووە، ئەمــەش بەڵگەیەکــی زینــدووە بــۆ چالاکــی وکارایـی و جموجۆڵـی کتێبخانـەی کۆلێـژ، لـە سـاڵی (١٩٨٧- ١٩٨٨) ژمـارەی کتێبەکانـی کتێبخانـەی کۆلێـژی ئـاداب زیـادی کـردووە، بـۆ (١٣٤٥٤)کتێـب و لەسـاڵی دواتریشـدا واتـە سـاڵی ١٩٨٨- ١٩٨٩ بــۆ (١٣٧٩٧) کتێــب بەرزبووەتــەوە (جامعــة

صلاح الدیـن، ١٩٩٠: ١٧- ١٩). دواتـر لـە ساڵی (١٩٩٠- ١٩٩١) ژمـارەی کتێبـەکان بەشـێوەیەکی بەرچـاو بەرزبووەتـەوە بـۆ (١٨,٠٠٠) هـەژدە هـەزار کتێـب، زیاتـر لـە (٢٠٠٠) ڕۆژنامـە و گۆڤـارەکان، زیاتـر لـە (١٠٠٠)نامـەی زانکـۆی کـە لـە هۆڵـی خوێندنـەوە دانـراوە بـۆ خوێنـەران، لەگـەڵ ژمارەیـەک پێرسـتی دەستنووسـەکانی، بەشـێک لـەو بەرەوپێشـچوونەی کتێبخانـەی کۆلێـژی ئـاداب دەگەڕێتـەوە بـۆ پێداویسـتی بەشـەکان بـۆ کتێـب و لەلایەکـی تریشـەوە دەگەڕێتـەوە بـۆ کردنـەوەی پێشـانگەی کتێـب کـە لـەم پێشـانگایانەدا کتێبـی زۆر کـڕاوە بـۆ کتێبخانەکـە، لەهەمانکاتیشـدا بەشـێک لـە کتێبـەکان وەک دیـاری لەلایـەن کتێبخانەکانـی نـاو عێـراق و دەرەوەی عێـراق پێشـکەش بـە کتێبخانـەی کۆلێـژی ئـاداب کـراون (کەریـم، ١١/ ١١/ ٢٠٢٢؛ دلیـل جامعـة صـلاح الدیـن، ١٩٨٤: ١٥٤).

لەسـەرەتادا (محمـد محمـود عبدالـرؤوف) ئەمینـی کتێبخانـە بـووە، دواتـر لەساڵی ١٩٨٥ (سـعاد خورشـید عبـدال) بەرپرسـی کتێبخانەبـووە، (ژیـان تۆفیـق) کارمەنـدی کتێبخانـە و (وسـفیە حمیـد) بەرپرسـی خوێندنـەوە، (عمـر عبدالرحمـن) بەرپرسـی دابەشـکردنی کتێـب و سـکرتێری خوێندنـی خۆرایـی بـووە، واتـە کتێبخانـەی کۆلێـژی ئـاداب چـوار فەرمانبـەری لـە خۆگرتـووە (جامعـة صـلاح الدیـن، ٤/ ٧/ ١٩٨٥). لەسـاڵی ١٩٨٩ (سروە جـلال غریـب) وەک ئەمینـداری کتێبخانـە (امیـن مكتبـة) دامـەزراوە لـە کۆلێـژی ئـاداب کـە دەرچـووی هەمـان کۆلێـژ بـووە لـە هەمـان سـاڵدا (جامعـة صـلاح الدیـن، ٦/ ١١/ ١٩٨٩).

سـاڵی ١٩٩٠- ١٩٩١ (شـكریە ابراهیـم سـلیمان) بـە بەرپرسـی کتێبخانـە دانـراوە، (فائـزە اسـماعیل محمـد، سـمیرة عبداللـە احمـد) وەک فەرمانبـەر لـە کتێبخانـە خزمەتیـان کـردووە.

لەسـاڵی ١٩٩٠- ١٩٩١ کتێبخانـەی کۆلێـژی ئـاداب لـە زانکـۆی سـەڵاحەددین لـە چەنـد بەشـێک پێـک هاتـووە کـە ئەمانیـش بریتـی بـوون لـە :

بەشـی دابینکردنـی (التزویـد): فەرمانبەرێـک تەرخانکـراوە بـۆ ئـەم بەشـە بەمەبەسـتی تۆمارکردنـی کتێبـە هاتـووەکان لـە کتێبخانەکانـی تـرەوە.

بەشـی پێرسـت و پۆلێنکـردن (فهرسـت و التصنیـف): ئـەم بەشـەش کارمەندێکـی بـۆ تەرخانکـراوە بـە بەمەسـتی پۆلێنکردنـی کتێبـەکان تـا لـە کاتـی پێویسـتدا بتوانرێـت بـە ئاسـانی کتێبەکـە بخرێتـە بەردەسـتی خوێنـەر.

بەشـی خواسـتن: کارمەندێـک تایبـەت بـووە بـەم بەشـە بەمەبەسـتی یارمەتیدانـی قوتابییـان و توێـژەران و پێدانـی کتێبـی خواسـتراو و دواتـر تۆمارکردنـی کتێبەکـە لـە تێنووسـێکی تایبـەت بـە کتێبخانـە، مـاوەی خواسـتنی کتێـب بـۆ قوتابییـان هەفتەیـەک و بـۆ توێـژەران دوو هەفتـە بـووە (محمـد، ١٩٩٠: ٩٧). جێـگای سـەرەنجە بەشـە زانسـتییەکان خـاوەن کتێبخانـەی تایبـەت بەخویـان بـوون، هەریـەک لـەم کتێبخانـە فەرمانبـەری تایبـەت بەخـۆی بـۆ دامەزراندرابـوو، سـاڵانەش لەلایـەن لیژنەیەکـی بەشـەوە ڕێکخسـتنەوەی بـۆ کـراوە (جامعـة صـلاح الدیـن، ٢٧/٥/ ١٩٩١).

تـەوەری دووەم: بەشـە زانسـتییەکانی کۆلێـژی ئـاداب و ژمـارەی قوتابـی و مامۆسـتایان

یەکـەم: بەشـە زانسـتییەکانی کۆلێـژ و ژمـارەی مامۆسـتایان ١٩٨١- ١٩٩١

هـەروەک لـە تـەوەری پێشـوودا ئاماژەمـان بـۆ کـردووە، لەگـەڵ گواسـتنەوەی زانکـۆی سـلێمانی هەمـوو کۆلێـژ و بەشـەکانی گواسـتراونەتەوە بـۆ هەولێـر لـەم چوارچێوەیەشـدا کۆلێـژی ئـاداب بـە بەشـەکانیەوە لـە زانکـۆی سـەڵاحەددین جێگـر کـراوە، لـە سـاڵی١٩٨١ ئـەم کۆلێـژە خاوەنـی دوو بەشـی زانسـتی بـووە (بەشـی کـوردی و بەشـی عەرەبـی)، لەگـەڵ لقـی کۆمەڵناسـی کـە سـەر بـە بەشـی کـوردی بـووە و سـەرۆکی لـق و مامۆسـتای تایبـەت بـە خـۆی هەبـووە (غەفـور، ١٣/ ١١/ ٢٠٢٢)، دواتـر لـە سـاڵی ١٩٨٤ وەک بەشـی کۆمەڵناسـی لـە نـووسراوە فەرمییەکانـدا ئامـاژەی بـۆ کـراوە (دلیـل تخـرج الـدورة الرابعـة، ١٩٨٥: ٦٣)، دواتـر سـاڵ لـەدوای سـاڵ ئـەم کۆلێـژە پێشـکەوتووە و فـراوان بـووە، لـە سـاڵی خوێندنـی ١٩٨٤- ١٩٨٥ لقێـک کراوەتـەوە بەنـاوی (لقـی زانسـتە بنەڕەتیـەکان- فـرع العلـوم الاساسـیە)، بـەڵام قوتابـی وەرنەگرتـووە و لەسـاڵانی دواتـر بـووە بەبنەمـای دامەزراندنـی بەشـی مێـژوو و جوگرافیـا، هـەر لـە هەمـان سـاڵدا لقـی زمانـی ئینگلیـزی دامـەزراوە کـە تەنیـا (٤) مامۆسـتای لەخۆگرتـووە،

بـەڵام لـەم سـاڵەدا قوتابـی لـەم لقـە وەرنەگیـراوە (دلیـل تخـرج الـدورة الرابعـة، ١٩٨٥: ٦٣)، لـە هەمانکاتـدا ئـەم لقـە لـە سـاڵی داهاتـوودا بـووە بەهەوێنـی دامەزراندنـی بەشـی زمانـی ئینگلیـزی، واتـە بەشـی ئێنگلیـزی لـە سـاڵی خوێندنـی ١٩٨٥- ١٩٨٦ دامـەزراوە. جێـگای سـەرەنجە هـەر لـە هەمـان سـاڵدا (١٩٨٥- ١٩٨٦) بەشـی مێـژوو دامـەزراوە کـە لـە (٦) مامۆسـتای لـە خۆگرتـووە (دلیـل تخـرج الـدورة الخامسـة، ١٩٨٦، ٩٧). لـە هەمـان سـاڵدا ئامـاژە بـە بەشـی جوگرافیـاش کـراوە. بـەڵام قوتابـی وەرنەگرتـووە، بۆیـە بەپێـی بەڵگـەکان بەشی جوگرافیا لـە ساڵی خوێندن (١٩٨٦- ١٩٨٧) دامـەزراوە. ژمـارەی مامۆسـتایانی لەسـاڵی یەکەمـی دامەزراندنـی تەنیـا (٦) مامۆسـتابووە (دلیـل تخـرج الـدورة السادسـة، ١٩٨٧: ٦٩)، ژمـارەی مامۆسـتایان کۆلێـژی ئـاداب سـاڵ لـە دوای سـاڵ لـە زیادبوونـدا بـووە بەهـۆی دامەزراندنـی بەشـی زانسـتی و زیادبوونـی ژمـارەی قوتابییـان و پێویسـتی قوتابییـان بـۆ مامۆسـتا، هـەروەک لـەم خشـتەیەی خـوارەوە ژمـارەی مامۆسـتایانی کۆلێـژی ئـاداب دەخرێتـەڕوو:

خشتەی ژمارە (٣)

ژمـارەی مامۆسـتایانی کۆلێـژی ئـاداب لەگشـت بەشـە زامسـتییەکان کۆلێـژ بەپێـی ژمـارەو پلـەی زانسـتییەکانیان (١٩٨١-١٩٩١)

(دلیـل تخـرج الـدورة الأولـی، ١٩٨٢ : ٤٥- ٤٦؛ دلیـل تخـرج الـدورة الثانیـة، ١٩٨٣: ٥١- ٥٢؛ دلیـل جامعـة صـلاح الدیـن، ١٩٨٤: ٦٤- ٦٧؛ دلیـل تخـرج الـدورة الخامسـة، ١٩٨٦: ٩٧- ٩٩؛ دلیـل تخـرج الـدورة السادسـة، ١٩٨٧: ٧٠- ٧٣؛ دلیـل تخـرج الـدورة الثامنـة، ١٩٨٩: ٦٥- ٦٦؛ دلیـل تخـرج الـدورة التاسـعة، ١٩٩٠ : ٦٣- ٦٦؛ جامعـة صـلاح الدیـن، ١٩٩٢: ١١)

لـەم خشـتەیەدا تێبینـی دەکرێـت ژمـارەی مامۆسـتایان لـە بەشـەکاندا هەمیشـە لـە گۆڕانـدا بـووە کـە بـە شـێک لـەم گۆڕانکاریانـە دەگەڕێتـەوە بـۆ هـۆکاری سیاسـی ئەوکاتـی عێـراق. مامۆسـتایان لـە زانکـۆی سـەڵاحەددینەوە گواسـتراونەتەوە بـۆ زانکۆکانـی تـری عێـراق و هەندێـک جاریـش بەهەمـان هـۆکار مامۆسـتاکان لـە زانکۆکانـی تـری عێراقـەوە بـۆ زانکـۆی سـەڵاحەددین گواسـتراونەتەوە (ئیبرهیـم، ٢٠٢٢ /١١/٤)، ئـەم گۆڕانکاریانـە لـە بەشـە زانسـتییەکان دەتوانیـن لـەم خشـتەیەک خـوارەوە ئامـاژە پـێ بکەیـن:

| ساڵ | ژ.مامۆستایان | پرۆفیسۆر | پرۆفیسیۆری یاریدەدەر | مامۆستا | مامۆستای یاریدەدەر |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٨١- ١٩٨٢ | ٣٢ | / | ١ | ١٥ | ١٦ |
| ١٩٨٢- ١٩٨٣ | ٣٦ | / | / | ٩ | ٢٦ |
| ١٩٨٣- ١٩٨٤ | ٣٢ | / | / | ١٣ | ١٨ |
| ١٩٨٤- ١٩٨٥ | ٣٦ | / | ٢ | ١٢ | ٢١ |
| ١٩٨٥- ١٩٨٦ | ٤٠ | / | ٦ | ١٢ | ١٩ |
| ١٩٨٦- ١٩٨٧ | ٥٣ | / | ٦ | ١٨ | ٢٩ |
| ١٩٨٧- ١٩٨٨ | ٦٥ | ٢ | ٩ | ٢٣ | ٣١ |
| ١٩٨٨- ١٩٨٩ | ٦٨ | ٤ | ٩ | ٢٢ | ٣٣ |
| ١٩٨٩- ١٩٩٠ | ٨٠ | ٣ | ١١ | ٣٣ | ٣٣ |
| ١٩٩٠- ١٩٩١ | ٩٠ | ٥ | ١٣ | ٢٦ | ٤٥ |

خشتەی ژمارە (٤)

ژمـارەی مامۆسـتایانی کۆلێـژی ئـاداب، بەپێـی بەشـە زانسـتییەکان (١٩٨١- ١٩٩١)

| ساڵ | کوردی | کۆمەڵناسی | عەرەبی | ئینگلیزی | زانستییەکان | مێژوو | جوگرافیا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٨١- ١٩٨٢ | ١٧ | ٧ | ٧ | / | / | / | / |
| ١٩٨٢- ١٩٨٣ | ١٣ | ١٢ | ١٠ | / | / | / | / |
| ١٩٨٣- ١٩٨٤ | ٨ | ١١ | ١٢ | / | / | / | / |
| ١٩٨٤- ١٩٨٥ | ٦ | ٨ | ١٠ | ٤ | ٧ | / | / |
| ١٩٨٥- ١٩٨٦ | ٦ | ١٠ | ٥ | ٧ | / | ٧ | ٤ |
| ١٩٨٦- ١٩٨٧ | ٤ | ١٤ | ٩ | ٩ | / | ١٠ | ٦ |
| ١٩٨٧- ١٩٨٨ | ٧ | ١٤ | ١٢ | ٩ | / | ١٦ | ٦ |
| ١٩٨٨- ١٩٨٩ | ١٠ | ١٤ | ١١ | ١١ | / | ١٦ | ٦ |
| ١٩٨٩- ١٩٩٠ | ١٣ | ١٦ | ١٢ | ١١ | / | ١٦ | ١١ |
| ١٩٩٠- ١٩٩١ | ١٥ | ١٧ | ١٤ | ١٥ | / | ١٧ | ١٢ |

(دليـل تخـرج الـدروة الأول، ١٩٨٢ : ٤٥- ٤٦؛ دليـل تخـرج الـدورة الثانيـة، ١٩٨٣: ٥١- ٥٢؛ دليـل جامعـة صلاح الديـن، ١٩٨٤: ١٣٩- ١٤٨؛ دليـل تخـرج الـدورة الرابعـة، ١٩٨٥: ٦٤-٦٦؛ دليـل تخـرج الـدورة الخامسـة، ١٩٨٦: ٩٧- ١٠٠؛ دليـل تخـرج الـدورة السادسـة، ١٩٨٧: ٦٩- ٧٣؛ دليـل تخـرج الـدورة السـابعة، ١٩٨٨: ٧٤- ٧٨؛ دليـل تخـرج الـدورة الثامنـة، ١٩٨٩: ٦٦- ٦٩؛ دليـل تخـرج الـدورة التاسـعة، ١٩٩٠ : ٦٦- ٦٩؛ صالـح، ب. س: ٤- ٩؛ جامعـة صـلاح الديـن، ١٩٨٩/١/٢٩)

تێبینـی دەکرێـت لـەم خشـتەیەدا کـۆی مامۆسـتایان لـە سـاڵی (١٩٨١-١٩٨٢) (٣١) مامۆسـتا بـووە بـەڵام لـە خشـتەیەی پێشـوتر بـە (٣٢) مامۆسـتا ئاماژەی بـۆ کـراوە ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ هەژمارنەکردنـی ڕاگـری کۆلێـژ لـەم خشـتەدا، چونکـە سـەر بـە بەشـە زانسـتییەکانی کۆلێـژ نەبـووە (محمـد، ٤/ ٢٠٢٢/١١). تەنیـا لـە سـاڵی (١٩٨٨-١٩٨٩)دا نەبێـت کـە ڕاگـری کولێـژ (د.غالـب فاضـل المطلبـی) لـە دەسـتەی مامۆسـتایانی بەشـی عەرەبـی نـاوی تۆمارکـراوە. لـە سـاڵی (١٩٨٤-١٩٨٥)ئامـاژە بـە بەشـی (زانسـتە بنەڕەتیەکان)کـراوە کـە ژمـارەی مامۆسـتایان (٧) مامۆسـتا بـووە، ئـەم بەشـە تەنیـا لـەم سـاڵەدا هەبـووە و دواتـر هەڵوەشـاوەتەوە تەنانـەت لـەم ساڵەشـدا قوتابـی وەرنەگرتـووە (محمـد، ٤/ ١١/ ٢٠٢٢). جێـگای ئامـاژە بـۆ کردنـە سـاڵانە ژمارەیـەک لـە مامۆسـتایان بـە مەبەسـتی تـەواو کردنـی خوێندنـی بـاڵا لـە دەرەوەی وڵات مۆڵەتیـان پـێ دراوە، بـۆ نموونـە لەسـاڵی ١٩٨٢ -١٩٨٣ مامۆسـتایان (عبداللـە معتصـم الدبـاغ، علـی عبدالامیـر علـی، عبـاس تۆفیـق ڕضـا، فریـاد فاضـل محمـد، پرویـن نـوری مـارف، زاهیـر لطیـف کریـم) (دلیـل تخـرج الـدورة الثانیـة، ١٩٨٣: ٥٢)، لـە سـاڵی ١٩٨٥-١٩٨٦ یشـدا سـێ لـە مامۆسـتایانی بەشـی کۆمەڵناسـی مۆڵەتـی خوێندنیـان هەبـووە لـە دەرەوەی وڵات ئەوانیـش (عبدالکریـم عبدالسـادة النصـار، علـی عبدالامیـر، محمـد عبدالقـادر) بـوون، لـە هەمـان سـاڵدا لـە بەشـی ئینگلیـزی (بسـام عبدالـرزاق الحسـو)و لـە بەشـی مێـژووش (ابراهیـم یـاس الـدوری)، بـۆ سـاڵەکانی دواتریـش بەهامـان شـێوە بـووە (دلیـل تخـرج الـدورة الخامسـة، ١٩٨٦: ١٠٠؛ دلیـل تخـرج الـدورة السادسـة، ١٩٨٧: ٧٣؛ دلیـل تخـرج الـدورة السـابعة، ١٩٨٨: ٧٨؛ دلیـل تخـرج الـدورة الثامنـة،

١٩٨٩: ٦٩؛ دليل تخرج الدورة التاسعة، ١٩٩٠ : ٦٦)، لە هەمان کاتدا لەرووی ژمارەی مامۆستایان لەساڵی ١٩٨١-١٩٨٢ تێبینی دەکرێت ژمارەی مامۆستایانی بەشی کوردی زۆربووە، بەڵام دواتر ساڵ لەدوای ساڵ کەم بووەتەوە، یەک لە هۆکارەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە مامۆستایانی ئەم بەشە لە پسپۆڕی جیاواز پێکهاتبوون ژمارەیەکیان پسپۆڕیان مێژوو و ژمارەیەکیان جوگرافیاو بەشێکیان ئینگلیزی بووە، بەهۆی نەبوونی بەشی تایبەت بەم پسپۆڕیانە لە بەشی کوردی دامەزرابوون و وانەیان دەگوتەوە دواتر لەگەڵ کرانەوەی بەشی زانستی تایبەت بە خۆیان لە بەشەکانی خۆیان دەستبەکاربوون. لە لایەکی تریشەوە بە هۆی سیاسەتی ئەوکاتی حوکومەتی بەعس زۆرجار بەهۆکاری سیاسی و هەستی نەتەوایەتی یان بە هۆکاری ترەوە مامۆستایان گواستراوەنەتەوە بۆ زانکۆکانی تری عێراق، بۆ نموونە لەساڵی (١٩٨٢) لە ئەنجامی خۆپێشاندانەکانی قوتابییانی زانکۆی سەلاحەددین ژمارەیەک مامۆستا دووچاری دژواری و گواستنەوە بوونەوە بە تۆمەتی هاندانی قوتابییان و پشتگیری کردنیان لە خۆپێشاندانەکاندا، (٢٧) مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەددین گواسترانەوە لە کۆلێژی ئاداب (د.جبار قادر،د.پەروین ڕەحیم عبدالرحمن) بۆ زانکۆ موسڵ دواتریش هەر لە هەمان ساڵدا (د.جمال ڕشید) بۆ زانکۆی بەسرە (د.کوردستان عبدالرحمن عبداللطيف) بۆ بەغدا (خانەی ڕۆشنبیری کوردی دار الثقافة الكردية) (غفور، ٢٠٢٢/١١/١٣)، کە ئەم بەڕێزانە لە بەشی کوردی مامۆستابوون دواتریش لەگەڵ کرانەوەی بەشی ئینگلیزی و مێژوو لە ساڵی ١٩٨٥ و کرانەوەی بەشی جوگرافیا لە ساڵی ١٩٨٦ ژمارەیمامۆستایانی ئەم بەشە کەمی کردووە. لەهەمانکاتیشدا ئەم بەشە لەساڵی ١٩٨٥ یەک لە مامۆستا بە تواناکانی کە (غازی فاتح وەیس) بووە بە ڕووداوی هاتووچۆ لە دەست دا، لە (٧/کانوونی یەکەمی/١٩٨٦) یشدا یەک لە مامۆستا و شاعیرە بە تواناکانی کە مامۆستا (محمد ئەحمەد تەها) ناسراو بە (کامران موکریانی) کۆچی دوایی کرد (ئیبراهیم،٢٠٢٢/١١/٤)، دواتر لە ساڵی١٩٨٧-١٩٨٨ژمارەی مامۆستایانی بەشی کوردی زیادی کردووە بەهۆی گواستنەوەی ژمارەیەک مامۆستا بۆ بەشەکە کە ژمارەیەکیان لەساڵانی پێشووتر بەهۆی هۆکاری سیاسییەوە دوور خرابوونەوە (دليل تخرج الدورة السابعة، ١٩٨٨: ٧٣)، لە ساڵانی دواتریشدا ژمارەی مامۆستایانی ئەم بەشە زیادی کردووە، هەرچی سەبارەت بە بەشی کۆمەڵناسی یە لە سەرەتادا ژمارەی مامۆستایانی کەم بووە، دواتر ساڵ لەدوای ساڵ ژمارەی مامۆستایان زیادی کردووە بێجگە لە ساڵی ١٩٨٤ -١٩٨٥ نەبێت کە ژمارەی مامۆستایانی کەم بووەتەوە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کردنەوەی بەشی (زانستە بنەرەتییەکان) لە هەمان کۆلێژ کە ژمارەیەک لە مامۆستایانی بەشی جوگرافیا و مێژوو بەهۆی نەبوونی بەشی زانستی تایبەت بە پسپۆڕیەکەیان مامۆستابوون لە بەشی کۆمەڵناسی،دواتر کرانەوەی بەشی (زانستە بنەرەتییەکان) کە دواتر بوو بە بەشی مێژوو و جوگرافیا، مامۆستایانی پسپۆڕی هەردوو بوار بۆ بەشە زانستییەکانی خۆیان و پسپۆڕی تایبەت بە خۆیان گواسترانەوە، لە ئەنجامیشدا ژمارەی مامۆستایانی بەشی کۆمەڵناسی کەمی کردووە (دليل تخرج الدورة الرابعة، ١٩٨٥: ٦٦). مامۆستایانی بەشی عەرەبی بەهەمان شێوە ساڵانە ژمارەی مامۆستایانیان زیادی کردووە، تەنیا ساڵی ١٩٨٥ -١٩٨٦ نەبێت هەروەک لە خشتەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە ژمارەی مامۆستایانی کەمی کردووە؛ ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کرانەوەی بەشی زمانی عەرەبی لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەددین ژمارەیەک مامۆستا لە بەشی عەرەبی کۆلێژی ئاداب گواستراونەتەوە بۆ بەشی زمانی عەرەبیی کۆلێژی پەروەردە (دليل تخرج الدورة الخامسة، ١٩٨٦: ١٣٥). تێبینی دەکرێت لە بەشی ئینگلیزی و مێژوو و جوگرافیا ساڵ لە دوای ساڵ ژمارەی مامۆستایان زیادی کردووە. زیاد بوونی ژمارەی مامۆستایان لە کۆلێژی ئاداب دەگەڕێتەوە بۆ پێشکەوتن و فراوانبوونی کۆلێژ و کرانەوەی بەشی

زانستی نوێ لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە دەگەڕێتەوە بۆ بەرزبوونەوەی ژمارەی قوتابییانی کۆلێژ کە ساڵ لە دوای ساڵ ژمارەیان زیادی کردووە تەنانەت پێداویستی کۆلێژ بۆ دابینکردنی مامۆستا بەشێوەیەک بووە کە ساڵانە ژمارەیەک لە مامۆستایانی ئامادەیی و دواناوەندی وەک وانەبێژ لە کۆلێژ خزمەتیان بە قوتابیان کردووە و وانەیان گوتووەتەوە بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٨٥-١٩٨٦ (ابوبکر یاسین) (دلیل تخرج الدورة الخامسة، ١٩٨٦: ١٠٠)، ساڵی ١٩٨٦-١٩٨٧ ژمارەی وانەبێژان لە کۆلێژی ئاداب بەرز دەبێتەوە بۆ (١٤) مامۆستا (فارس سۆلاقا متي، حسن جاف، شێرو کریم، استیرمحمد، عثمان حمد، علی محمود جوکل، عبدالحکیم فتاح، بشیر عامر جندال، حمید مرمرجی، عبدالکریم حبیب، نادیە علي، صباح علی جعفر، غازی عبداللە، صلاح عمر) (دلیل تخرج الدورة السادسة، ١٩٨٧: ٧٣- ٧٤).

لە ساڵی خوێندنی (١٩٨٧-١٩٨٨) (مزەفەر یحی یوسف، فائق توفیق سلێمان، حمە کریم ڕمەزان، حسن جاف، علی محمود جوکل، کریم مستەفا محمد، انطونیوس قریاقوس، علی حمید فرج، نجاح باقر ابراهیم، غازی عبداللە، نادیە علی) (دلیل تخرج الدورة السابعة، ١٩٨٨: ٧٨)، ساڵی ١٩٨٨-١٩٨٩ بەهەمان شێوە ژمارەیەک لەوانەبێژان وانەیان لە کۆلێژی ئاداب گوتووەتەوە کە ژمارەیان بەرزبۆتەوە بۆ (١٥) مامۆستای وانەبیژ (دلیل تخرج الدورة الثامنة، ١٩٨٩: ٦٩)، هەر بەمەبەستی دابین کردنی مامۆستایان بۆ کۆلێژ لەساڵی (١٩٨٧-١٩٨٨)ژمارەیەک مامۆستا بەشێوەیەکی کاتی گواستراونەتەوە (تنسیب) بۆ کۆلێژ کە ئەوانیش مامۆستایان (کوسر عزیز احمد، محمد احمد عارف، جواد محمد عبداللە) بوون. هەر لە هەمان ساڵدا دوو مامۆستا بۆ کۆلێژ تەرخانکراون یەکێکیان بۆ پەروەردەی وەرزشی کە مامۆستا (ئاهەنگ سعدالله) بووە، ئەویتریشان بۆ هونەر شێوەکاری کە (سنۆبەر عزالدین علی) بووە (دلیل تخرج الدورة السابعە، ١٩٨٨: ٧٩). ساڵانە لەلایەن سەرۆکایەتیی زانکۆ سەڵاحەددینەوە مامۆستا دامەزراوە بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٨٩-١٩٩٠، ژمارەی مامۆستا دامەزرێندراون و ژمارەیک گواستراونەتەوە بۆ کۆلێژی ئاداب بۆ نموونە مامۆستایان (عبدالحمید علی سعید (جامعة صلاح الدین ١٩٨٩/١٢/٩)، لطیف سعید نوری (جامعة صلاح الدین، ١٩٩٠/١/١٤)، جمعة علي دای (جامعة صلاح الدین، ١٩٩٠/٢/١٨)،....

جێگای ئاماژە بۆکردنە هەریەک لە بەشەزانستییەکانی کۆلێژی ئاداب لەلایەن مامۆستای بە تواناو لێهاتووەوە سەرۆکایەتی کراوە هەر لە سەرەتای دامەزراندنی کۆلێژەکەوە،بۆیە لێرە بە پێویستمان زانی تیشک بخەینەسەر سەرۆک بەشەکانی بەشە زانستییەکان و ساڵانی خزمەتەکانیان لە سەرۆکایەتی بەشەکانیاندا:

بەشی کوردی:

د.کوردستان عبدالرحمن عبدالطیف (کوردستان موکریانی) (١٩٨١-١٩٨٢)بەڕێزیان لەهەمان بەش لە کۆلێژی سلێمانی سەرۆکی بەش بووە دواتر لەگەڵ گواستنەوەی زانکۆ هەمان ئەرکی پێ سپێردراوە (موکریانی، ٢٠٢٢: ١١٤-١١٧).

د.شکریە ڕسول ابراهیم (١٩٨١ ــ ١٩٨٤) (ابراهیم، ٢٠٢٢/١١/٤).

م.غازی فاتح ویس. (١٩٨٤ــ ١٩٨٥) (دلیل تخرج الدورة الرابعة، ١٩٨٥: ٦٥)

د.ابراهیم عزیز ابراهیم (١٩٨٥-١٩٨٦) (دلیل تخرج الدورة الخامسة، ١٩٨٦: ٩٧)

م.محمد معروف فتاح. (١٩٨٦ــ ١٩٨٧) بۆ جاریکی تریش لەنێوان ساڵانی (١٩٨٩-١٩٩١ (دلیل تخرج الدورة السادسة، ١٩٨٧: ٧٠؛ فتاح، ٢٠٢٢/١١/٨)

بەشی کۆمەڵناسی:

د.صبیح عبدالحسین الجلبی (١٩٨١ــ ١٩٨٢) (غەفور، ٢٠٢٢/١١/١٣؛ موکریانی، ٢٠٢٢/١١/١٤)

د.عبدالحسین مهدي الرحیم. (١٩٨٢ــ ١٩٨٤) (دلیل تخرج الدورة الثانیة، ١٩٨٣: ٥١؛ دلیل جامعة صلاح الدین، ١٩٨٤: ١٣٧)

عبدالکاظم شندل عیسی (١٩٨٤- ١٩٨٧)

م.عبـد علـى سـلمان (١٩٨٧ـــ ١٩٩١) (دليـل تخـرج الـدورة السـابعة، ١٩٨٨: ٧٠؛ دليـل تخـرج الـدورة الثامنـة، ١٩٨٩: ٦٢» دليـل تخـرج الـدورة التاسـعة، ١٩٩٠: ٦٢)

بەشی عەرەبی:

م.كامل سعيد عواد. (١٩٨١ ــ ١٩٨٢)

د.فوزيـه ادهـم الدبـاغ. (١٩٨٢ ـــ ١٩٨٧) (دليـل تخـرج الـدورة السـابعة، ١٩٨٨: ٧٠؛ دليـل تخـرج الـدورة الثامنـة، ١٩٨٩: ٦٢؛ دليـل تخـرج الـدورة التاسـعة، ١٩٩٠: ٦٢)

د.عبـاس توفيـق رضـا. (١٩٨٧ ـــ ١٩٨٨) (دليـل تخـرج الـدورة السـابعة، ١٩٨٨: ٧٠)

محمـد سـعيد الحافـظ. (١٩٨٨ ـــ ١٩٩١) (دليـل تخـرج الـدورة الثامنـة، ١٩٨٩: ٥١؛ دليـل تخـرج الـدورة الخامسـة، ١٩٨٦: ٩٧)

بەشی ئینگلیزی:

د.عبدالله معتصم عبدالفتاح. (١٩٨٥ ــ ١٩٩٠)

بسـام عبدالـرزاق الحسـو. (١٩٩٠ ـــ ١٩٩١) (دليـل تخـرج الـدورة الخامسـة، ١٩٨٦: ٩٩؛ دليـل تخـرج الـدورة الثامنـة، ١٩٨٩: ٥٦؛ محمـد، ١٩٩٠: ١٥)

بەشی مێژوو:

د.حسام الدين غالب النقشبندى. (١٩٨٥ ــ ١٩٩١)

بەشی جوگرافیا:

د.خليـل اسـماعيل محمـد. (١٩٨٦ ـــ ١٩٨٧) (محمـد، ٢٠٢٢/١١/٤)

د.صبـاح محمـود سـعيد. (١٩٨٧ ـــ ١٩٩١) (دليـل تخـرج الـدورة السـابعة، ١٩٨٨: ٧٠؛ دليـل تخـرج الـدورة الثامنـة، ١٩٨٩: ٦٩؛ محمد: ١٩٩٠: ١٥؛ جامعـة صـلاح الديـن، ١٩٩٠/٤/٢)

شـیاوی باسـکردنە دەسـتەی یەکەمـی مامۆسـتایانی کۆلێـژی ئـاداب لـە سـاڵی (١٩٨١-١٩٨٢) بریتـی بـوون لـە (د.اسـماعيل لازم الهاشـل، دمحمـد محمـد الزلبانـى، د.علـى عبدالقـادر علـى، د.محمـد محمـد نـورى عارف،د.بالـى كريشـان، د.جـمال رشـيد احمـد، د.ابراهيـم عزيـز ابراهيـم، د.كوردسـتان عبدالرحـمان عبداللطيـف، د.عبدالحسـين مهـدى الرحيـم، د.شـكريه رسـول ابراهيم،د.عبدالجبـار قـادر غفـور، د.فوزيـه ادهـم الدبـاغ، د.پرويـن رحيـم عبدالرحمـن، د.خليـل اسـماعيل محمـد، ابراهيـم اميـن بالـدار، م.لطيـف عبداللـه عزيـز، م.مريـم عزيـز فتـاح، م.صالـح عزيـز عبداللـه، م.عبدالاميـر مهـدى الطائـى، م.محمـد معـروف فتـاح، م.عبدالكاظـم شـندل عيسـى،م. عبـد علـى سـلمان، م.علـى عبدالاميـر عـلي، م.كامـل سـعيد عـواد، م.جايـد زيـدان مخلـف، م.احمـد عبداللـه فرهـادى. م. محمـد عبدالقـادر احمـد، م. صـلاح مهـدى حسـين، م. محمـود عبدالـرزاق، م. نافـع محمـود دخلـف، م. كـمال بهاسـن، مـوح عـراك عليـوي) (دليـل تخـرج الـدورة الاول، ١٩٨٢: ٤٥- ٤٦).

سـاڵانەش لەلایـەن سـەرۆکایەتی زانکـۆ و کۆلێـژی ئادابـەوە دەسـتخۆشی و سـوپاس و پێزانیـن بـە مامۆسـتایان بەخـشراوە بەرانبـەر بـە چالاکیەکانیـان (جامعـة صـلاح الديـن، ١٩٩٠/١/٢٥)، لـە هەمـان کاتیشـدا گلەیـی و گازندەیـان لێکـراوە بەرانبـەر کەمتەرخەمیەکانیـان بۆنموونـە بەهـۆی هەوڵنـەدان بـۆ نووسـینی توێژینـەوەو بەرزکردنـەوەی پلـەی زانسـتی سـاڵانە بەدواداچـوون کـراوە و مامۆسـتایانی کـەم تەرخـەم نـووسراوی گلەیـی و گازەندەیـان بەشـێوەیەکی فەرمـی لەلایـەن سـەرۆکایەتیی زانکـۆی سـەڵاحەددینەوە بـۆ نێـردراوە (جامعـة صـلاح الديـن، ١٩٨٨/٦/٢٧). سـاڵانە لێژنـەی تاقیکردنـەوەی قوتابییـان لـە مامۆسـتایان پێکهێـنراوە و مامۆسـتایان بەشـێوەیەکی کارا ئەرکەکانیـان ڕاپەڕانـدووە (جامعـة صـلاح الديـن، ١٩٩١/٥/٢٨).

دووەم: ژمارەی قوتابییان و پرۆگرامی خوێندن

ژمـارەی قوتابییـان و چالاکیەکانیـان (١٩٨١-١٩٩١) ژمـارەی قوتابییـان سـاڵ دوای سـاڵ زیـادی کـردووە لـە کۆلێـژی ئـاداب بەهـۆی زیادبوونـی بەشـە زانسـتییەکان کەسـاڵانە بەشـی نوێـی زانسـتی کراوەتـەوە لەلایـەک، لەلایەکـی تریشـەوە سـاڵ لـەدوای سـاڵ ژمـارەی دانیشـتوان زیـادی کـردووە لـە بەرانبەریشـدا ژمـارەی قوتابییـان زیـادی کـردووە و ئامادەکـراون بـۆ چوونـە کۆلێـژ، ئەمانـە و چەندیـن هـۆکاری تـر پاڵپشـت و هۆکاربـوون بـۆ زیادبوونـی ژمـارەی قوتابییان،لـەم خشـتەیەی خـوارەوە ئامـاژە بـە ژمـارەی قوتابییـان لەسـاڵانی خوێنـدن دەکەیـن.

خشتەی ژمارە (٥)

ژمارەی قوتابییانی کۆلێژی ئاداب لە بەشە زانستییەکان ١٩٨١- ١٩٩١

| ساڵ | ژ.قوتابیان بەشە زانستییەکان | ژمارەی قوتابیانی دەرچوو لە بەشە زانستییەکان | ژمارەی قوتابیانی وەرگیراو لە بەشەزانستەکان |
|---|---|---|---|
| ١٩٨١- ١٩٨٢ | ٥٦٢ | ١٠٤ | ١٥٢ |
| ١٩٨٢- ١٩٨٣ | ٦٢٧ | ١٠٣ | ١٩٨ |
| ١٩٨٣- ١٩٨٤ | ٧٣٣ | ١٠٨ | ٢٧٩ |
| ١٩٨٤- ١٩٨٥ | ٩٣٢ | ٨٩ | ٢٩١ |
| ١٩٨٥- ١٩٨٦ | ١٢٥٨ | ١٦٣ | ٥٢٣ |
| ١٩٨٦- ١٩٨٧ | ١٤١٠ | ١١٤ | ٦١١ |
| ١٩٨٧- ١٩٨٨ | ١٤٨٢ | ١٩٧ | ٥٣٠ |
| ١٩٨٨- ١٩٨٩ | ١٣٢٣ | ٣٣٨ | ٣٧٠ |
| ١٩٨٩- ١٩٩٠ | ١٧٣٥ | ٤٠٧ | ٤٨١ |
| ١٩٩٠- ١٩٩١ | ٢٠٠٨ | / | / |

(جامعة صلاح الدین، ١٩٨٨، ٢٤٥؛ جامعة صلاح الدین، ١٩٨٢، ٢٥؛ صالح، ١٩٩٢: ١٨)

جێگای ئاماژە بۆ کردنە ژمارەی قوتابییانی کۆلێژی ئاداب لە ساڵی دامەزراندنی کۆلێژەکە (٥٦٢)قوتابی بووە بەپێی بەشە زاستیەکان بەم شێوەیە بووە، (بەشی زمانی کوردی (١٨٨)،لقی کۆمەڵناسی (١٨٢)بەشی زمانی عەرەبی (١٩٢)قوتابی بوون (جامعة صلاح الدین، ١٩٨٢: ٢٥)، دواتر ساڵ لە دوای ساڵ ژمارەی قوتاییان زیادبووە بەشێوەیەک لەساڵی١٩٨٩-١٩٩٠ گەیشتۆتە (١٧٣٥)بەپێی بەشە زانستییەکان بەم شێوەیە بووە (بەشی زمانی کوردی) (٣١٤)، بەشی کۆمەڵناسی (٣٢٤)، بەشی زمانی عەرەبی (٣٠٢)، بەشی زمانی ئینگلیزی (٢٣٦)، بەشی مێژوو (٣٢٥)، بەشی جوگرافیا (٢٣٤) قوتابی (سهیلە طە (محمد، ١٩٩٠: ١١).

کەواتە تێبینی دەکرێت لەخشتەی سەرەوەکە قوتابییان ساڵ لە دوای ساڵ ژمارەیان زیادی کردووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی دانی حوکومەتی ئەو کاتی عێراق بەپرۆسەی پەروەردە و فێرکردن و هاندانی خەڵک بۆ خوێندن و کارئاسانی کردن بۆ قوتابییان لە هەموو ئاستەکانی خوێندندا، ئەو کات قوتابییان دەرماڵەی تایبەت بە خۆیان هەبوو و لەلایەن حوکومەتیشەوە بەشە ناوە خۆیان بۆ تەرخانکراوە (جەلال، ٢٠٢٢/١١/١١)، هەرچەندە لەگەڵ گواستنەوەی زانکۆ بۆ هەولێر قوتابییان دۆخیان لەو ساڵەدا زۆر خراپ بووە بەشە ناوەخۆییان نەبووە، بەڵکوو خانوو لەلایەن حوکومەتەوە بۆ قوتاییان دابینکراوە. بەشێوەیەک کە هەردووسێ قوتابی بەیەکەوە لەناوماڵاندا خانوویان بۆ بەکرێ گیرابوو (ابراهیم، ٢٠٢٢/١١/١١). بێجگە لە دەرماڵەی مانگانەی قوتابییان، حوکومەت بەمەبەستی هاندانی قوتابییان ساڵانە برێک پارەی وەک پاداشت بۆ تەرخانکردوون لەهەموو قۆناغەکان و بەشەکانی زانکۆ (جامعة صلاح الدین، ١٩٨٨/١٠/١٢؛ جامعة صلاح الدین، ١٩٩١/٥/٢٨)، هەر قوتابیەکی زانکۆش خزمەتی کۆلێژی کردبێت بەهەمان شێوە لەلایەن ڕاگرایەتی کۆلێژەوە پاداشت کراوە (جامعة صلاح الدین، ١٩٩١/٦/٣). شیاوی باسکردنە قوتابییانی عەرەب مەبەستمان ئەوانەی عێراقی نەبوون ساڵانە لەلایەن حوکومەتەوە یارمەتیەکی زۆریان پێشکەش کراوە بەشێوەیەک پارەیان بۆ تەرخانکراوە تەنانەت بۆ کرینی جل و بەرگی زستانە (جامعة صلاح الدین، ١٩٩١/٥/٢٩)، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی ئەوکاتی حیزبی بەعس و بیروباوەڕەکانی ئەو پارتە بە ئینتیمای عەرەبی و عروبە...هتد.

زانکۆی سەلاحەددین لەساڵی دامەزراندنییەوە تا ساڵانی ١٩٩١ و دواتریش، پەیڕەوی سیستەمی پەکپۆشی کردووە بۆ قوتابییان، کچان تەنورەی ڕەساسی و قەمیسی سپی و چاکەتی نیلی، کوڕان بانتۆڵی ڕەساسی و قەمیسی سپی و چاکەتی نیلیان پۆشیوە، ئەو جۆرە جلەی زانکۆی تاڕادەیەکی زۆر چینایەتی دادەپۆشی (ناوخۆش، ٢٠٢١: ٢٨٨) تەنیا جیاوازی ئەوەبوو کە منداڵی دەوڵەمەندەکان قوماشی جلەکانیان باشتربوو

لـە هـی ئەوانـی تر.هـەر قوتابییەکیـش پابەنـد نەبووایـە بـە یەکپۆشـی و سـەرپێچی ڕێنماییەکانـی کردبوایـە بۆمـاوەی (١) ڕۆژ (فصـل) کـراوە، کۆلێـژی ئادابیـش وەک کۆلێژەکانـی تـری زانکـۆی سـەلاحەددین سـالانە لێژنـەی تایبـەت بـە یەکپۆشـی پێـک هێنـاوە لـە مامۆسـتاکان بـە شـێوەیەکی تونـد ڕێنماییەکانـی یەکپۆشـی بەسـەر قوتابییانـدا جێبەجـێ کـراوە، بـۆ نموونـە لـە ١٩٨٧/١١/٢٩دا بەهـۆی سـەرپێچی کـردنی قوتابییـان لـەم بابەتـەدا لـە کۆلێـژی ئـاداب (٣١) قوتابـی بڕیـاری (فصـل) کردنیـان بـۆ دەرچـوو و بەسـەریاندا جێبەجـێ کـراوە (جامعـة صـلاح الدیـن، ١٩٨٧/١١/٢٩). لەهەمانکاتـدا قوتابییـان بەهـۆکاری نەهاتـن (غیابـات) فەصڵکـراون، ئەمـەش بەپێـی ڕێنماییەکانـی وەزارەتـی خوێندنـی بـاڵاو توێژینـەوەی زانسـتی بـووە کـە قوتابییـان بـە کەوتـووە دەرنەچـوو هەژمـار کـراون لـە هەربابەتێـک کـە زیاتـر لـە ١٠٪ی کاتژمێـری دیـاری کـراوی بابەتەکـە نەهاتـوو (غیـاب) بـن، تەنانـەت بۆیـان نەبـوو لـە تاقیکردنـەوەی کۆتایـی لـە خوولـی یەکـەم و دووەم بەشـداری بکـەن لـەو بابەتـە و لـەو سـاڵەی خوێندنیانـدا. بـۆ نموونـە لـە ١٩٨٨/١١/٢ بەپێـی نووسراوێکـی فەرمـی کۆلێـژ (٤٧) قوتابـی بەدەرنەچـوو هەژمـار کـراون لـەو بابەتانـەی کـە نەهاتنیـان زۆربـووە (جامعـة صـلاح الدیـن، ١٩٨٨/١١/٢٠؛ جامعـة صـلاح الدیـن، ١٩٨٨/٤/٣٠). قوتابییـان بـە هـۆکاری گـزی کردنیـش لـە کۆلێـژ (فصـل) کـراون تەنانـەت ناویـان لـە تۆمـاری قوتابییـان لابـردراوە واتـە (ترقیـن قید)کـراون (جامعـة صـلاح الدیـن، ١٩٨٨/٦/٥)، بێجگـە لـەم هۆکارانـە زۆرجـار قوتابییانـی کۆلێـژی ئـاداب بـە هـۆکاری سیاسـی (فصـل) کـراون یـان گواسـتراونەتەوە بـۆ زانکۆکانـی تـری عێـراق و دووچـاری گرتـن و لێـدان و دژواری زۆرهاتوونەتـەوە بـۆ نموونـە لـە سـاڵی خوێندنـی ١٩٨١-١٩٨٢،واتـە سـاڵی گواسـتنەوەی زانکـۆ لـە سـلێمانییەوە بـۆ هەولێـرو دامەزراندنـی زانکـۆی سـەلاحەددین، قوتابییـان بەهـۆی خراپـی شـوێنی زانکـۆ و لێکدابـڕانی قوتابییـان و دووری کۆلێـژەکان لەیەکـتر هەسـتیان دەکـرد لـە هاوبیرەکانیـان دابـڕاون، لەلایەکـی تریشـەوە قوتابیـان

دۆخیـان زۆر خـراپ بـوو بەشـە ناوەخۆییـان نەبـوو، لـە ماڵەکانـدا ژوور بـۆ قوتابییـان گیرابـوو و بەسـەریاندا دابەشـکرابوو (ابراهیـم، ٢٠٢٢/١١/١١). دۆخـی سیاسـی زۆرخـراپ بـوو حوکوومەتـی بەعـس ڕەفتـاری خـراپ بـوو لەگـەڵ خەڵـک و قوتابییانـی زانکـۆی سـەلاحەددین تەنانـەت ڕاگـری کۆلێژیـش کـە عـەرەب بـووە و بەعسـی بـووە وەک قوتابییـان باسـی دەکـەن مامەڵـەی زۆرخـراپ بـووە لەگـەڵ قوتابییـان (شـاکر، ٢٠٢٢/١٢/٦)، لەلایەکـی تریشـەوە فشـاری پیاوانـی بەعـس زۆر بـووە لەسـەر قوتابییـان کەداوایـان کـردووە خۆبەخشـانە خۆیـان ناونووسـین بکـەن بـۆ بەرەکانـی جەنـگ، تەنانـەت بـۆ ئـەم مەبەسـتە زۆرجـار لـە کۆلێـژدا قوتابییـان سـوکایەتیان پـێ کـراوە و جنێویـان پـێ دراوە، بۆیـە قوتابییـان بڕیـاری خۆپێشـاندان دەدەن دوای گفتوگـۆ و کۆبوونـەوە ٢ی مایسـی ١٩٨٢ دەستنشـان دەکـەن بـۆ ڕۆژی خۆپێشـاندان کـە لـە کۆلێـژێ ئەندازیـاری دەسـت پێـدەکات بـۆ کۆلێـژی زانسـت و پـەروەردە (عبدالرحـمان، ٢٠١٨: ٢٠٩- ٢١٠)، هەرچـی سـەبارەت بـە کۆلێـژی ئادابـە کـە ژمارەیـەک لەقوتابییانـی ئـەم کۆلێـژە بوێرانـە بەشـداری خۆپێشـاندانیان کـردووە، لەسـەرەتادا ژمارەیـەک دروشـمیان نووسـیوە و بـۆ کۆلێژەکانـی تریـان بـردووە وەک کۆلێـژی کشـتۆکاڵ، دواتـر قوتابییـان لـە ٢مایـس١٩٨٢ لـە کاتژمێـر ٤ی ئێـوارە لـە بـەردەوام پارێـزگای هەولێـر دەسـتیان کـردووە بـە خۆپێشـاندان کـە یـەک لـە دروشـمەکانیان (یسـقط صـدام حسـین) بـووە، هـەردوو بـۆ سـێ جـار ئـەم دروشـمەیان گگوتووەتـەوە یەکسـەر ئەمنێکـی زۆر لـە نـاو بـازاڕ دەسـتیان کـردووە بەلێـدان و گرتنـی قوتابییـان و خەڵکەکـە، دواتـر گواسـتراونەتەوە بـۆ دائیـرەی ئەمـن، لەسـەرەتادا ژمارەیەکـی زۆر لـە خەڵـک و قوتابـی گیـراون دواتـر ژمارەیەکیـان ئـازاد کـراون و هەندێکیشـیان لـە دائیـرەی ئەمـن زیندانـی کـراون، یـەک لـەو قوتابییانـەی کۆلێـژی ئـاداب کـە لـەو خۆپێشـاندانە گیـراوە لـەو کاتـەی دروشـمی (یسـقط صـدام حسـین) ی گوتۆتـەوە (ئەختـەر عبداللـە شـاکر) بـووە کـە نـاسراوە بـە (تامـان شـاکر) مـاوەی ٢ مانـگ و نیـو لـە زینـدان ماوەتـەوە و

ڕەوشی زیندانیان زۆر خراپ بووە، ئەشکەنجەیەکی زۆر دراون و بە بەردەوامی لێدان و سوکایەتیان پێ کراوە، دوای دوو مانگ و نیو گەڕاوەتەوە بۆ کۆلێژ، بەڵام تاقیکردنەوەکانی لەکیس چووە، خۆشبەختانە ژمارەیەک مامۆستای بەشەکەی هاوکاریان کردووە و دووبارە تاقیکردنەوەیان پێ کردووەتەوە ئەوانیش (د.جبار قادر غەفور، د.محمد معروف فتاح (حەمەی مارف)، د.کوردستان موکریانی، م.ابراهیم باڵدار (شاکر، ٢٠٢٢/١٢/٦)، بەهۆی ئەم خۆپێشاندانانە (١٨٦) قوتابی زانکۆی سەڵاحەددین لەگەڵ (٢٧) مامۆستا لە زانکۆی ناوبراو گواسترانەوە بۆ زانکۆکانی بەغداد بەسرە و موسڵ (غەفور، ٢٠٢٢/١١/١٣)، کە ژمارەیەک لە قوتابییانی کۆلێژی ئاداب و مامۆستایانی هەمان کۆلێژیەم هۆیەوە گواستراوە.

دوای ئەم خۆپێشاندانە لە ڕۆژی ٥ی مایسی ١٩٨٢ کۆڕێک لەلایەن (د.جمال ڕەشید) لەسەر داواکاری بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری ئەمانەتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان بەئەنجام گەیاندراوە، هەروەها لە هۆڵی ئەمینداریەتی گشتی ڕۆشنبیری لاوان بووە (هۆڵی ڕۆشنبیری)، ئەم کۆڕە لەلایەن (د.کوردستان موکریانی) یەوە بەڕێوەبردراوە نزیکەی (١٥٠)کەس لە هۆڵەکە ئامادەبوون، ژمارەیەکی زۆر لە قوتابییانی کۆلێژی ئاداب و زانکۆی سەڵاحەددین بەشداربوون، بێجگەلە قوتابییان ژمارەیەکی زۆری خەڵکیش بەشداربوون، بابەتی کۆڕەکەش دەربارەی مێژوو بوو (مولود، ٢٠٢٢/١٢/٤)، ئەم کۆڕە هاوکات بوو لەگەڵ خۆپێشاندانی قوتابییانی زانکۆی سەڵاحەددین و مانگرتنی قوتابییان ونەچوونە ناو پۆلەکانیان (موکریانی، ٢٠٢٢: ١٢١)، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خۆپیشاندانی قوتابیان لە پەرەسەندندا بوو لەلایەن ڕژێمی بەعسیشەوە. بەوپەڕی توندوتیژی و هێزەوە بەرپەرچی قوتابییان دراوەتەوە، لەلایەکی تریشەوە شەری نێوان ئێران و عێراق و جەیشی شەعبی[1] و پاڵە پەستۆی بەعس و نەمانی ئازادی ڕادەبرین، ئەدیب و نووسەرو قوتاییان ئەو کۆڕەیان بە دەرفەتزانی و هەستی نیشتمانپەروەریان جولا، ئەمەلە کاتێکدا بوو کە لە دەرەوە هۆڵەکە تەندرا بو بە پیاوانی ئەمن و زیل و زریپۆشی سەربازی تەندرابوو، هەر لە هەمان کاتدا ناو بازارو شوێنەکانی نزیک هۆڵەکەش بە هەمان شێوە تەندرابوون بەپیاوانی ئەمن و سەربازی و لە چەندین خاڵدا زریپۆش و زیلی سەربازی دەبینرا (مەولود، ٢٠٢٢/١٢/٤). لە دوای پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەکە پرسیارێکی زۆر کراوە لەلایەن دکتۆر جەمال ڕەشیدەوە وەڵامدراوەتەوە کۆڕەکە بەهێمنی تەواوبووە (موکریانی، ٢٠٢٢: ١٢١)، هەر کە کۆڕەکە تەواوبووە قوتابییان بەهۆی جۆش و خرۆشی کوردایەتیان دەستیان کردووە بە گوتنەوەی سروودی ئەی ڕەقیب و لە دەرەوەی هۆڵەکە لەگەڵ ئەمن و پیاوانی ڕژێم ڕووبەڕووبوونەتەوە لەلایەن ئەمنەوە تەقە بۆ ئاسمان کراوە و قوتابییانیش بە بەردهاوێشتن وەڵامیان داونەتەوە، دواتر لەناو کۆڵانەکان پیاوانی ئەمن بەدوایان کەوتوون بەمەبەستی دەستگیرکردنیان، یەک لەو قوتابییانەی بەشداری ئەم کۆڕەی کردووە (د.محمد خضر مەولود) بوو کە ئەوکات قوتابیی بەشی کوردی بووە لە زانکۆی سەڵاحەددین یەک لەو قوتابییانە بووە کە سروودی ئەی ڕەقیبی گوتۆنەوە و ئەمن بە دوای کەوتوون، دواتر لە یەک لە ماڵەکانی پشت سەرۆکایەتیی زانکۆی سەڵاحەددین خۆی شاردووەتەوە کە ئەو ماڵەی خۆی تێدا حەشارداوە ٤ قوتابیی تریشیان لە ژێرزەومینەکەیان شاردووەتەوە (٣)کورو (١)کچ بوون تاوەکوو نەکەونە دەست پیاوانی ڕژێم، شیاوی باسکردنەوە ئەو کات ماڵەکانی دەوروبەری هۆڵی ڕۆشنبیری و پشت سەرۆکایەتیی زانکۆی سەڵاحەددین دەرگاکانیان کردووەتەوە و داوایان لە قوتابییان کردووە کە خۆیان لە ماڵەکانیان حەشار بدەن تانەکەونە دەست ئەمن و پیاوانی سەربازی ڕژێم (مەولود، ٢٠٢٢/١٢/٤).

١. ڕێکخراوێکی نیمچە سەربازی بوو کە لە خۆبەخشە مەدەنییەکان پێکهاتبوو بۆ پاراستنی ڕژێمی بەعس لە بەرامبەر ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆ و بۆ ئەوەی وەک بەرپەرچدانەوەیەک لە بەرامبەر هەر هەوڵێکی کودەتا لەلایەن سوپای ئاسایی عێراقەوە مامەڵە بکات.

دواتـر قوتابییـان کۆلێـژ بـە هـۆی نەکردنـی جەیـش شـەعبیش فصـل کـراون بـۆ نموونـە دوای تەواوبوونـی سـاڵی خوێندنـی ١٩٨٥-١٩٨٦،لـە ٢٢ی خوزەیرانـی١٩٨٦ قوتابییانـی کۆلێـژی ئـاداب دەبـوو بچنـە جەیـش شـەعبی، ژمارەیـەک قوتابیـی بڕیاریـان داوە بەشـداری ئـەم هەڵمەتـە نەکـەن و نەچـن، هـەروەک (م.سـەلام ناوخـۆش) یـەک لـەو قوتابییانـە بـووە و دەڵێـت (کـە هاتینـەوە کولییـە هـەر زوو فەصـل کرایـن، بـەڵام چ فەصلکردنێـک دەبابـە لەبـەر دەمـی کۆلێـژ بـوو، هەنـدێ هاوقۆنـاغ لـە کۆلێـژ نەدەوێـران سـەلامیان لـێ بکـەن، هەندێکـی تـر غەمبـار بـوون، ئێمـەش پـێ دەکەنیـن) دواتـر قوتابییـان لـە ٢٧ی تشرینـی دووەمـی١٩٨٧ لـە کۆلێـژ وەرگێراونەتـەوە (ناوخـۆش، ٢٠٢١: ٢٩٤). هـەر لـە هەمـان سـاڵدا لـە کاتـی تاقیکردنەوەکانـی سـەری سـاڵدا بەعـس ژمارەیـەک قوتابیـی قۆناغـی چـواری بەشـی کـوردی دەسـتگیر کـرد کـە ئەوانیـش (موحەمـەد خـدر مولـود، ئـازاد عبدالواحیـد کەریـم، عیـماد ئەحمـەد، فـارس کریـم، سـەردار کاکـە حەمەشریـف، لقـمان عەبـاس، ڕوونـاک محمـد، سـعید حاشـوش) (مەولـود، ٢٠٢٢/١٢/٤؛ ناوخـۆش، ٢٠٢١: ٢٩٤) بـوون، بەشـێوەیەک سـەیارەی ئەمـن لەنـاو کۆلێـژ بـوو، قوتابییـان هەمـوو ڕایـان کـردووە بـۆ ڕزگاربوونـی گیانیـان، ئـەو قوتابییانـەی بەشـی کـوردی لەسـەر ئـەوە گیـران هەندێـک تۆمەتبـار کرابـوون بـە شـیوعی، هەنـدێ نەچووبـوون بـۆ جەیـش شـەعی. هەنـدێ لـە کافتریـا لـە بـارەی پێشـمەرگە قسـەیان کردبـوو، عـماد لـە بەشـی ناوەخـۆ لـە قوتابییەکـی بەعسـی دابـوو، بۆیـە ئەویـان (عیـماد ئەحمـەد) یـان لەژێـر ئەشـکەنجەدا زۆر بـە دڕندانـە شـەهید کـرد، ئەمـە هەمـووی لـە تۆڵـەی ئـەوە بـوو، شـەوێک پێشـمەرگەی شـیوعی چووبوونـە بەشـی ناوخـۆی کـوران، لـە ئـاداب کەسـێکی نزیـک لـە بەعـس کوژرابـوو، مامۆسـتایەک لـە کۆلێـژی زانسـت کـوژرا بـوو، بەشـێکی زۆری قوتابییـان نەچووبوونـە جەیـش شـەعبی (ناوخـۆش، ٢٠٢١: ٢٩٦- ٢٩٧)، تەنانـەت پێویسـت بـوو لەسـەر مامۆسـتایانی زانکـۆش بچـن بـۆ جەیـش شـەعبی بـەم هۆیـەش مامۆسـتایان دووجـاری دۆخێکـی ناخـۆش بووبوونـەوە، بـۆ نموونـە سـەرۆکی بەشـی کـوردی (د.ئیبراهیـم عزیـز ئیبراهیـم) لـە سـاڵی١٩٨٦ هاوینەکـەی لـە مەشـقدا وتـەی نەشـیاویان پـێ گوتبـوو ئیـتر ناوبـراو کۆلێـژی بەجـێ هێشـت و چـووە نـاو شـۆڕش، دواتریـش چـوو بـۆ دەرەوەی وڵات (مەولـود، ٢٠٢٢/١٢/٤).

دۆخـی زانکـۆ بەشـێوەیەک دژوار بـوو، تەنانـەت سـەردانیکردنی و هاموشـۆی قوتابییـان لـە کۆلێژێکـەوە بـۆ کۆلێژێکـی تـر قەدەغەکرابـوو، بەعـس لـەوە دەترسا قوتابییـان ڕێکخسـتن بکـەن دژی حوکومەتـی و دۆخـی سیاسـیی خراپـی ئەوکاتـی ناوچەکـە بۆیـە ترسـی لـە گۆڕینـەوەی بـیروڕا لای قوتابیـان هەبـوو، ئـەو قوتابییانـەی بوێـر بـوون و چـالاک بـوون یـان منداڵـی پێشـمەرگە بـوون و لـە خۆپیشـاندانەکان بەشـدارییان کردبـوو یـان تۆمەتـی شـیوعییەتیان لەسـەربوو هەمیشـە لەنـاو کۆلێـژ دا لەلایـەن ڕێکخـراوی قوتابییانـی – بەعـس چاودێریـان لەسـەر بـووە ئـەوکات قوتابیانـی ئـەو ڕێکخـراوە ڕۆڵێکـی نەرێنـی و خراپیـان گێـراوە،

تەنانـەت یـەک لـە قوتابییـەکان کۆلێـژی ئـاداب بەنـاوی (ئەختـەر عبداللـە شـاکر) (تامـان شـاکر) لـە ساڵی١٩٨٤بەمەبەسـتی سـەردانی کردنـی هاورێکانـی لەکۆلێـژی ئەندازیـاری سـەردانی ئـەم کۆلێـژەی کـردووە، لەنـاو کۆلێـژی ناوبـراو گیـراوە، بـۆ ماوەیـەک لـە دائیـرەی ئەمـن گیـراوە و ئەشـکەنجەدراوە، بێجگەلـە ناوبـراو ژمارەیەکـی تریـش لـە قوتابییانـی زانکـۆ لـە هەمـان شـوێن زندانـی کـراون و ڕەفتـار و هەلسـوکەوتی نەشـیاو ئەشـکەنجەیان بەرانبـەر بـەکار هێـنراوە (شـاکر، ٢٠٢٢/١٢/٦).

سـەبارەت بەلایەنـی ڕۆشـنبیری قوتابییـان لەنـاو کۆلێـژی ئـاداب جێـگای تێبینییـە لـە نـاو ئـەم کۆلێـژەدا کروپـی کتێـب خوێندنـەوە هەبـووە کـە ئـەو گرووپـە قوتابییـە کتێبیـان خوێندووەتـەوە و دواتـر لـە یانـەی کۆلێـژ گفتۆگۆیـان لەبـارەوە کـردووە (شـاکر، ٢٠٢٢/١٢/٦)، لـە هەمانکاتـدا چالاکـی ڕۆشـنبیری هەبـووە لـە کۆلێـژ، بەنـاوی قوتابییـان و ئەدیبـان و شـاعیرانی گەنـج یـان بەنـاوی نووسـەرانی گەنـج قوتابییـان هەفتانـە کـۆڕ و

سـەمیناری ئەدەبـی و شـعر و چیرۆکخوێندنەوەیـان.

لـەو کۆڕانـەدا نـەک هـەر قوتابییانـی کۆلێـژی ئـاداب، بەڵکـوو کۆلێژەکانـی تریـش بەشـدارییان کـردووە، هەروەهـا ئەدیـب و نووسـەرانیش بەشـداربوون، دواتـر ئـەم چالاکییانـە پاڵپشـت بـوون بـە چاپکـردن و بڵاوکردنـەوەی دوو ژمـارەی (ئاسـۆس)کە بڵاوکـراوەی قوتابییانـی بەشـی کـوردی کۆلێـژی ئـاداب بـووە. لـەو قوتابییانـەی کـە لـەو کۆڕانـەدا بەشـدار بـوون قوتابییـان (مهابـات قەرەغـی، محمـد خـضر مولـود، اسـماعیل بەرزنجـی، احمـد لتیـف خورشـید، ماهـر عزیـز.....)، بەشـێک لـە قوتابییـان لەوانـە وەک (محمـد خـضر مەولـود) هەفتانـەی وتاریـان بـڵاو کردووەتـەوە لـە ڕۆژنامـەی هـاوکاری، پاشـکۆی عێـراق بـە (کـوردی)، نووسـەری کـورد (مەولـود، ٢٠٢٢/١٢/٤)، بەشـێکی زۆر لـە قوتابییانیـش سـاڵانە پاڵپشـت بـوون بـۆ کۆلێـژ و یارمەتـی ڕاگرایەتـی و بـەش و کۆلێژیـان داوە تەنانـەت یـەک لـە ساڵەکان قوتابییـان لـە ڕێگـەی کارکردنـی بەکۆمـەڵ (العمـل الشـعبی) هۆڵەکانـی کۆلێژیـان بۆیـاغ کردووەتـەوە (جامعـة صـلاح الدیـن، ١٩٨٣/١١/٧). لـە ١٩٩١/٣/١١دا واتـا ڕۆژی ڕاپەرینـی هەولێـر ژمارەیـەک لەقوتابـی کۆلێـژی ئـاداب کـە سـەربە پارتـی بەعـس بـوون، دژ بـەم ڕاپەرینـە ڕاوەسـتان و شـەڕیان کـرد، یـەک لـە قوتابییەکانـی کۆلێـژی ئـاداب - بەشـی مێـژوو کـە قۆناغـی سـێ بـووە لـەم ڕووبـەڕوو بوونەوەیـەدا بەنـاوی (مهـدی سـاڵح احمـد) دەکوژرێـت (جامعـة صـلاح الدیـن، ١٩٩١/٥/١١؛ دزەیـی، ٢٠٢٢/١٢/١١).

ب - پرۆگرامـی خوێنـدن لـە کۆلێـژی ئـاداب لەنێـوان سـاڵانی (١٩٨١ - ١٩٩١)

سـەبارەت بـە پرۆگرامـی خوێنـدن لـە کۆلێـژی ئـاداب، لـە هەمـوو بەشـەکانی کۆلێـژ بـە زمانـی عەرەبـی بـووە؛ تەنیـا لـە بەشـی کـوردی نەبێـت کـە بابەتەکانیـان بەزمانـی کـوردی خوێنـدووە، بـەڵام لـە نـووسراوی فەرمـی و داڕشـتنی پرۆگرامـەکان نـاوی بابەتـەکان هـەر بـە زمانـی عەرەبـی تۆمـار کـراون. لـە زانکـۆی سـەڵاحەددین لـە زۆربـەی کۆلێـژ و بەشـەکان بابەتێـک خوێنـدراوە بەنـاوی ڕۆشـبیریی نەتەوەیـی (الثقافـة القومیـة) ئـەم بابەتـە لـە دوو بـەش پێـک هاتـووە، بەشـێکیان (کەلەپـووری عەرەبـی التراث العربـی) و بەشـەکەی تـری چارەنووسـی سیاسـیی حیزبـی بەعـس (التقریـر السـیاسي لحیـزب البعـث)، بەشـی یەکەمیـان لەلایـەن مامۆسـتایانی پسـپۆڕی مێـژوو و جوگرافیـا... گوتراوەتـەوە، بـەڵام بەشـەکەی تریـان کـە تایبـەت بـووە بـە پارتـی بەعـس و بیروبۆچوونـی ئـەم پارتـە ڕێگەیـان نـەداوە کـە هەمـوو مامۆسـتایەک بیڵێتـەوە؛ تەنیـا ئەوانـەی پلـەی بەرزیـان لەنـاو حیزبـی بەعـس هەبـووە و هەڵگـری هەمـان ئایدۆلۆژیـا و بیروبـاوەڕ بـوون (غەفـور، ١٣/ ١١/ ٢٠٢٢). کـە بەشـێوەیەکی دلسـۆزانە بابەتەکـە یـان بـۆ قوتابییـان گەیانـدووە جێـگای سـەرەنجە پرۆگرامـی خوێندنـی بەشـی کـوردی لـە سـاڵی خوێندنـی ١٩٨٣-١٩٨٤تەرخانکـراوە بـۆ هەمـوو قوتابییانـی بەشـەکە ئەوانـەی زمانـی سـەرەکیان کـوردی بـوو یـان عەرەبـی بـوو لـە بەشـەکە وەرگیـراون و خوێندویانـە، بـەڵام لـە سـاڵی دواتـردا بـەم شـێوەیە نەمـاوە، بـۆ نموونـە پرۆگرامـی سـاڵی خوێندنـی ١٩٨٧-١٩٨٨ گۆڕانـکاری تێـدا کـراوە پرۆگرامێکـی تایبـەت بـە قوتابییـان (قسـەکەر بـە زمانـی کـوردی - الناطقینباللغـة الکوردییـە) و پرۆگرامێکـی تریـش داڕێـژراوە بەنـاوی قوتابییانـی (قسـەنەکەر بـە زمانـی کـوردی (غیـر الناطقیـن باللغـة الکوردیـة) کـە مەبەسـت لەوانـە عەرەبـی زمـان بـوون و لـە بەشـی کـوردی خوێندویانـە، تەنانـەت بـۆ یەکەمجـار لـە ڕێبـەری دەرچوونـی قوتابییانـی سـاڵی (١٩٨٦-١٩٨٧) نـاوی هـەردوو گـرووپ جیاکراوەتـەوە و بـە دوو لیسـتی جیـا لـە یەکـتر ناوەکانیـان نـووسراوە لـە ژێـر ناونیشـانی (الناطقیـن - غیـر الناطقیـن) ئامـاژەی بـۆ کـراوە (دلیـل جامعـة صـلاح الدیـن، ١٩٨٤: ١٨؛ دلیـل تخـرج الـدورة الخامسـة، ١٩٨٦: ١٠٧؛ دلیـل تخـرج الـدورة السادسـة، ١٩٨٧: ١٢٥- ١٢٦).

سـەرەنجدانی پرۆگرامەکانـی بەشـی کـوردی لەسـاڵی خوێنـدن (١٩٨٣-١٩٨٤/ ١٩٨٧ - ١٩٨٨) گۆڕانکاریەکـی زۆر تێبینی دەکرێـت لـە هەمـان کاتیشـدا نـاوی هەمـوو بابەتەکانـی ئـەم بەشـە بـە زمانـی عەرەبـی تۆمارکـراوە و ئامـاژەی بـۆ کـراوە.

هەرچـی سـەبارەت بـە پرۆگرامـی خوێندنـی سـاڵ (١٩٨٧ - ١٩٨٨)ی بەشـی کـوردی یەکـە پرۆگرامـەکان بـۆ لێنکراوەتەسـەر و گرووپـی قوتابییانـی بەشـەکە بـە نـاوی (الناطقیـن/ غیـر

الناطقیــن).

ســەبارەت بــە بەشــی عەرەبیــش لــە ســاڵی خوێندنــی (١٩٨١-١٩٨٢) سیستەمی خوێنـدن بەشێوەی وەرزی بـووە لـەم بەشـەدا، دواتـر لـە سـاڵی خوێندنـی (١٩٨٢-١٩٨٣) سیسـتەمی خوێندنـی لـە وەرزیـەوە گـۆڕاوە بـۆ سـاڵانە، هـەر بۆیـەش لـەو سـاڵەدا گۆڕانـکاری زۆر لـە پڕۆگرامەکانـی خوێنـدن کـراوە (دلیـل جامعـة صـلاح الدیـن، ١٩٨٤: ١٤٣- ١٤٤)، دواتـر تاسـاڵی خوێندنـی (١٩٩٠-١٩٩١) گۆڕانکاریـەکان زۆر کـەم بـوون، بـۆ نموونــە لێــرەدا برۆگرامــی خوێندنــی ســاڵی (١٩٨٧-١٩٨٨) دەخەینــە ڕوو:

بەشـی کۆمەڵناسـی یـەک لـە بەشـەکانی کۆلێـژی ئـاداب بـووە هـەروەک ئاماژەمـان بۆکـرد لـە سـەرەتادا لقێـک بـووە لـە بەشـی زمانـی کـوردی دواتـر لـە سـاڵی ١٩٨٤-١٩٨٥ بـووە بــە بەشــێکی ســەربەخۆ لــە نــاو کۆلێــژدا، پڕۆگرامەکانــی خوێندنــی ئــەم بەشــە لەنێــوان ســاڵانی (١٩٨١-١٩٩١) گۆڕانکارییەکانــی زۆر کــەم بــوون.

بەشـی ئینگلیـزی یـەک لـە بەشـە زانسـتییەکانی کۆلێـژی ئـاداب بـووە کـە لـە ساڵی١٩٨٤-١٩٨٥پلانی دامەزراندنـی بـۆ داڕێــژراوە و لــە ســاڵی خوێندنــی ١٩٨٥-١٩٨٦ دامــەزراوە و قوتابـی لـەم لـە بەشـە وەرگیـراوە، ئـەم بەشـە بـۆ وەرگرتنـی قوتابییــان مەرجــی تایبــەت بەخــۆی هەبــووە وەک ئــەوەی قوتابـی بـۆ وەرگیـران لـەو بەشـە پێویسـت بـوو کۆنمـرەی پـۆلـی شەشـەم و نمـرەی بابەتـی ئینگلیـزی ڕەچـاو دەکـرا و مـەرج بـوو نمـرە لـە بابەتـی ئینگلیـزی لـە پـۆلـی شەشـەمی ئامادەیــی لــە (٧٠) لــە (١٠٠)کەمــتر نەبێــت، دەســەڵاتیش درا بـوو بـە ئەنجوومەنـی کۆلێـژ بـۆ کـەم کردنـەوەی نمرەکـە بەپێـی داواکاری بـەش ناوبـراو بـۆ قوتابـی، لەلایەکـی تریشـەوە قوتابییــان بــەر لــە وەرگیرانیــان لــەم بەشــە تاقیکردنــەوەی نووســینەکان پــێ کــراوە لــە زمانــی ئینگلیــزی نمــرەی ئــەم تاقیکردنەوەیـە ٣٠٪ و نمـرەی پێشوتریشـی ٧٠٪ی لەسـەربووە. بــەم پێوەرانــە قوتابییــان لــە بەشــی ئینگلیــزی وەرگیــراون (محمــد، ١٩٩٠: ٥٩).

سـەبارەت بـە پڕۆگرامـەکانی ئـەم بەشـە، تێبینـی دەکرێـت بەشــی ئێنگلیزییــش هاوشــێوەی بەشــی کــوردی بابەتــە ئێنگلیزییـەکان بـە زمانـی عەرەبـی ئامـاژەی بـۆ کـراوە، لـە کاتێکــدا ئــەم بابەتانــە بــە ئینگلیــزی خوێنــدراون.

بەشـی مێـژووش سـاڵی ١٩٨٥-١٩٨٦ کراوەتـەوە و یەکـەم پۆلـی قوتابـی لـە هەمـان سـاڵدا وەرگیـراون، بابەتەکانـی ئـەم بەشـە زانسـتییە بـە زمانـی عەرەبـی خوێنـدراون.

ســەبارەت بــە پڕۆگرامەکانــی بەشــی مێــژووش، بــەشی مێــژوو تێبینــی دەکرێــت زۆرینــەی بابەتــەکان تایبــەت بــە مێــژووی وڵاتــانی عــەرەبی و عروبــە و بیروبۆچــوونی حیزبــی بەعــس، لــە بەرانبــەردا لــە پڕۆگــرانی چــوار قۆنــاغ تەنیــا دوو بابــەت تایبــەت کــراوە بــە مێــژووی کــورد، ئەمیــش بەشــێوەیەکی پراکتیکــی چەســپاندنی بیروبــاوەڕی حیزبــی دەسـەڵات ئـەو کاتـی عێـراق بـووە (محمـد، ١٩٩٠، ٧٢ – ٧٥).

بەشـی جوگرافیـا کـە لـە سـاڵی١٩٨٦-١٩٨٧ دامـەزراوە و یەکـەم پۆلـی قوتابییانـی وەرگرتـووە، پڕۆگرامەکانـی هەمـووی بـە زمانـی عەرەبـی بـووە تەنانـەت شـیکردنەوەی بابەتـەکان و وەڵامدانـەوەی بابەتەکانیـش لەلایـەن قوتابییانـەوە بـە هەمـان شـێوە بـووە.

تێبینــی دەکەیــن لــە پڕۆگرامەکانــی بەشــی جوگرافیــاش جوگرافیـای کوردسـتان فەرامـۆش کـراوە، هـەروەک ئاماژەمـان بـۆ کـرد لـە هەمـوو بەشـەکان وانەیـەک خوێنـدراوە بـە نـاوی (الثقافــة القومیــة) کــە بەشــێک لــەم بابەتــە تایبــەت بــووە بـە بیروبۆچوونـی پارتـی بەعـس لـە هەمـان کاتـدا وە تێبینـی دەکرێـت لـە ژمارەیـەک لـە بەشـەکان وانـەی (وەرزش مەشـقی سـەربازی) دانـراوە کـە ئەمـەش دەتوانیـن بلێیـن تاڕادەیـەک ڕەنگدانـەوەی شـەری ئێـران – عێـراق بـووە لەسـەر زانکـۆ، بێجگـە لەمانـەش کۆمەڵناسـی و بەشـی مێـژوو (بیروبۆچوونـی کۆمەڵایەتـی و مێـژووی صـەدام حسـین) وەک بابـەت لـەم سـاڵانەدا لـە پڕۆگرامـی ئـەم دوو بەشـەدا جێگرکـراوە، واتـە لــە ڕێگــەی پڕۆگرامــەوە هەوڵــدراوە بــە چڕتریــن شــێوە بیروبۆچوونـی بەعـس بـڵاو بکەنـەوە و پـەرەی پـێ بـدەن لـە نــاو زانکۆکانــدا (محمــد، ١٩٩٠، ٨٣ – ٨٨).

شـیاوی باسـە لەکۆلێـژی ئـاداب بەشـێک هەبـووە بـە نــاوی خوێندنــی خۆڕایــی (التعلیــم المجــاني)، ئــەم بەشــە تایبـەت بـووە بـە کتێبـە پڕۆگرامیەکانـی بەشـە زانسـتییەکانی کۆلێژکـە سـاڵانە بـە خۆرایـی ئـەم کتێبانـە دابەشـکراون بەسـەر قوتابییــان. جێــگای ســەرەنجە ئــەم کتێبانــە بەشــێوەیەکی

بابەتیانە و زۆر پوخت لەلایەن مامۆستایانی پسپۆڕ بە بوارەکە نووسراوە و ئامادەکراوە. بۆ نموونە کتێبی زمانی کوردی بۆ دەست پێکەران کە لەلایەن (د.کامل حسن عزیز البصیر) ەوە دانراوە. بۆ بەشی کوردی لە ساڵی (١٩٧٧)، دواتر هەمان کتێب لە ساڵی (١٩٨٦) لەسەر ئەرکی زانکۆی سەڵاحەددین چاپکراوەتەوە و بە قوتابییانی ئەم بەشە دراوە. (مەولود، ٢٠٢٢/١٢/٤).

تەوەری سێیەم: خوێندنی باڵا و کۆنفرانس و خوولەکان

یەکەم: خوێندنی باڵا و کۆنفرانس

کولێژی ئاداب لە ساڵی دامەزراندنییەوە ساڵ لە دوای ساڵ ژمارەی مامۆستایان و قوتابییانی لە گەشەسەندن و زیادبووندا بووە، لەگەڵ ئەم بەرەوپێشچوونەشدا لە کاروانی پێشکەوتن بەردەوام بووە، لەگەڵ تێپەڕینی ساڵەکان بەشی زانستی نوێ کراوەتەوە لەم کولێژەدا، لە هەمان کاتدا بڕیاری کردنەوەی خوێندنی باڵا دراوە، بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٨٦- ١٩٨٧ خوێندنی باڵا لە بەشی زمانی کوردی و بەشی زمانی عەرەبی کراوەتەوە، لەم ساڵەدا (١١) قوتابی لە خوێندنی باڵای ماستەر وەرگیراون، بەشی کوردی (٧) قوتابی (ڕێبەری کولێژی ئاداب، ٢٠٠٤: ١٢) و لە بەشی زمانی عەرەبی (٤) قوتابی (جامعة صلاح الدین، ب. س: ٦٢)وەرگیراون، شیاوی باسە لەم ساڵەدا لە بەشی کوردی (٥) قوتابی خوێندویانە، چونکە دووانیان کێشەیان بۆ دروستبووە بەهۆی خزمەتی سەربازییەوە، بۆیە لەگەڵ قوتابییانی ساڵی دواتر خوێندویانە کە ئەوانیش (هۆگر محمود فرج و هیدایەت عبداللە حیران) بوون (محمد، ١٣/ ١٢/ ٢٠٢٢).

بۆ ساڵی خوێندنی ١٩٨٧- ١٩٨٨ بۆ یەکەمجار لە بەشی مێژوو خوێندنی باڵا کراوەتەوە، لەم ساڵەدا لەسەر ئاستی کۆلێژ (٢٣) قوتابی بۆ خوێندنی ماستەر وەرگیراون، بەشی کوردی (١٢) قوتابی، بەشی عەرەبی (٨) قوتابی، بەشی مێژوو (٣) قوتابی، لە ساڵی ١٩٨٨- ١٩٨٩ (١٣) قوتابی لە خوێندنی ماستەر وەرگیراون بەشی کوردی (٧)، بەشی عەرەبی (٤)، بەشی مێژوو (٢) قوتابی بوون (جامعة صلاح الدین، ٢٦/ ٩/ ١٩٨٧؛ محمد، ١٩٩٠: ١٤- ١٥)، بۆ ساڵی دواتر، واتە ساڵی خوێندنی ١٩٨٩- ١٩٩٠ (١٣) قوتابی لە سەر ئاستی زانکۆ لە خوێندنی ماستەر وەرگیراون، بەشی کوردی (٧) قوتابی، بەشی عەرەبی (٣) و بەشی مێژوو (٣) قوتابی بوون (جامعة صلاح الدین، ١/ ١٠/ ١٩٨٩)، بۆ ساڵی ١٩٩٠- ١٩٩١ (٨) قوتابی وەرگیراون، بەشی کوردی (٥)، بەشی عەرەبی (١)، بەشی مێژوو (٢) (صالح، ب. س: ٢٢). قوتابییانی وەرگیراو بەپێی ساڵی وەرگیران و بەشە زانستییەکانیان دەتوانین بەم شێوەیەوەی خوارەوە پۆلێنیان بکەین:

خشتەی ژمارە (٦)

ناوی قوتابییانی خوێندنی باڵا- ماستەر بەپێی ساڵی وەرگیران و بەشە زانستییەکانیان (١٩٨٦- ١٩٩١)

| ساڵ | ناوی قوتابی وەرگیراو لە ماستەر | بەشی زانستی |
|---|---|---|
| ١٩٨٦- ١٩٨٧ | ١. دڵشاد علی محمد | کوردی |
| | ٢. فریدون عبدول محمد | کوردی |
| | ٣. فوئاد حسین احمد | کوردی |
| | ٤. رفیق محمد محی الدین | کوردی |
| | ٥. محمود فتح الله احمد | کوردی |
| ١٩٨٦- ١٩٨٧ | ١. جبار عباس صالح | عەرەبی |
| | ٢. حمزە فاضل یوسف | عەرەبی |
| | ٣. شاکر هادی حمود | عەرەبی |
| | ٤. ضاری حمید ڕجە | عەرەبی |
| ١٩٨٧- ١٩٨٨ | ١. ابراهیم أحمد حسین محمد | کوردی |
| | ٢. حمە نوری عمر کاکی شریف | کوردی |
| | ٣. بێخال عبدالله سعید قادر | کوردی |
| | ٤. احمد حسن فتح الله | کوردی |
| | ٥. سلام فرج کریم محمد | کوردی |
| | ٦. محمد دلێر ئەمین محمد | کوردی |
| | ٧. محمد فاضل مستەفا عبدالرحیم | کوردی |
| | ٨. تالب حسین علی محمد | کوردی |
| | ٩. شلیر ڕسول محمد معروف | کوردی |
| | ١٠. فتاح مامە علی حسین | کوردی |
| | ١١. عبدالله یاسین علی محمد | کوردی |
| | ١٢. مستەفا محمد کریم محمد | کوردی |

| | | |
|---|---|---|
| ١٩٨٧- ١٩٨٨ | ١. لەتیف محمد حسن قادر | عەرەبی |
| | ٢. محمد صابر مستەفا محمد ساڵح | عەرەبی |
| | ٣. نازەنین علی محمد سلیمان | عەرەبی |
| | ٤. تۆفیق ابراهیم صالح | عەرەبی |
| | ٥. رشید احمد ڕشید محمد | عەرەبی |
| | ٦. جلیل حسن محمد صالخ | عەرەبی |
| | ٧. سهیلە تەها محمد ساڵح | عەرەبی |
| | ٨. محمود جابر عباس شکور | عەرەبی |
| ١٩٨٧- ١٩٨٨ | ١. موسى مستەفا ابراهیم مستەفا | مێژوو- ئیسلامی |
| | ٢. سلام حسن تەها حسین | مێژوو- ئیسلامی |
| | ٣. طلب صبار محل عوید | مێژوو- ئیسلامی |
| ١٩٨٨- ١٩٨٩ | ١. فازل مجید محمود قاسم | کوردی |
| | ٢. قومری سعید عزیز حسین | کوردی |
| | ٣. ابراهیم قادر حمد احمد | کوردی |
| | ٤. محمد بکر محمد احمد | کوردی |
| | ٥. کوسر عزیز احمد حسین | کوردی |
| | ٦. یوسف شریف سعید | کوردی |
| | ٧. عبدالله عزیز محمد ابراهیم | کوردی |
| ١٩٨٨- ١٩٨٩ | ١. عبدالله نوري عبدالله | عەرەبی |
| | ٢. بشینە ڕشید سالح | عەرەبی |
| | ٣. حمد احمد عیسى | عەرەبی |
| | ٤. حسین عدنان مهدی | عەرەبی |
| ١٩٨٨- ١٩٨٩ | ١. احمد عبدالعزیز محمود | مێژوو- ئیسلامی |
| | ٢. اسماعیل شوکر ڕسول محمد | مێژوو- ئیسلامی |
| ١٩٨٩- ١٩٩٠ | ١. نەوزاد وقاص سعید | کوردی |
| | ٢. عبدالله حسین ڕسول | کوردی |
| | ٣. تاهر محمد علی | کوردی |
| | ٤. رحمان اسماعیل حسن | کوردی |
| | ٥. نوزت أحمد عثمان | کوردی |
| ١٩٨٩- ١٩٩٠ | ١. جەوهەر محمد أمین عبدالله | عەرەبی |
| | ٢. علی سلێمان | عەرەبی |
| | ٣. جلال جانی أغا بابا | عەرەبی |
| ١٩٨٩- ١٩٩٠ | ١. فائزه محمد عزت | مێژوو |
| | ٢. سلطان جبر سلطان | مێژوو |
| | ٣. نەبەز مجید ئەمین | مێژوو |

| | | |
|---|---|---|
| ١٩٩٠- ١٩٩١ | ١. نجم الدين خالد نجم الدين | کوردی |
| | ٢. بکر عمر علی | کوردی |
| | ٣. پەرێز صابر محمد | کوردی |
| | ٤. خانزاد علی قادر | کوردی |
| | ٥. ابوبکر عمر قادر | کوردی |
| | ١. د. علاء الدين محمد ڕشيد | عەرەبی |
| ١٩٩٠- ١٩٩١ | ١. عبدالله محمد علی | مێژوو |
| | ٢. اومید ابراهیم جوزەلی | مێژوو |

(جامعة صلاح الدين، ٢٦/ ٩/ ١٩٨٧؛ جامعة صلاح الدين، ب. س ٦٢؛ دليل الدراسات العليا لجامعة صلاح الدين ١٩٨٩: ٧٢- ٧٣- ٧٦- ٧٧- ٨٠ ؛ عزت، ١٤/ ١٢/ ٢٠٢٢؛ ڕسول، ١٥/ ١٢/ ٢٠٢٢؛ عبدالله، ١٥/ ١٢/ ٢٠٢٢؛ ئەلوەنی، ١٦/ ١٢/ ٢٠٢٢؛ قادر، ١٧/ ١٢/ ٢٠٢٢؛ ڕشيد، ١٢/ ٢٠٢٢؛ جامعة صلاح الدين، ٢٩/ ٥/ ١٩٩١)

یەک لە مەرجەکانی پێشکەشکردبۆ وەرگیران لە خوێندنی باڵا- ماستەر، وەرگرتنی لارینەبوون بوو، بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە دامەزابوون لە دام و دەزگاکانی دەوڵەت، فەرمانبەرانی کۆلێژی ئاداب کە خوازیاری پێشکەشکردنی ماستەر بوون لەلایەن کۆلێژەوە لاری نەبوونیان بۆ کراوە و تەنانەت کارئاسانیشیان بۆ کراوە (جامعة صلاح الدين، ٢٣/ ٥/ ١٩٩١؛ جامعة صلاح الدين، ٢٣/ ٥/ ١٩٩١؛ جامعة صلاح الدين، ٢٢/ ٥/ ١٩٩١)، یەک لە مەرجەکانی تری قوتابی پێشکەشکار پێویست بوو کۆنمرەی بەکالۆریۆسی لە (٦٥ ٪) کەمتر نەبێت، لە هەمانکاتدا بۆ ڕەگەزی (نێر) پێویست بوو کێشەی خزمەتی سەربازی نەبێت، لە ساڵی ١٩٨٩ شوێنێکی تایبەت بەزمانە زیندووەکان هەبووە لە زانکۆی سەلاحەددین (دائرة الدراسات والتخطيط والمتابعة، ١٢/ ١/ ١٩٨٩؛ جامعة صلاح الدين، ١٣/ ٢/ ١٩٨٩) وەک سەنتەرێک بووە ساڵانە خوولی ڕاهێنانی بۆ مامۆستایان کردووەتەوە کە ئەم خوولانەش مانگانە بوون، واتە ماوەی مانگێکی خایاندووە، لەلایەن بەشی ئینگلیزیی کۆلێژی ئادابەوە سەرپەرشتی

خوولــەکان کــراوە کــە تایبــەت بــوون بــەو خوازیارانــەی دەیانویســت لــە خوێنــدنی بــاڵا درێــژە بــە خوێندنیــان بــدەن، کرێــی بەشــداربوونیش (٢٠) دینــار بــووە (جامعــة صـلاح الدیـن، ١٤/ ٢/ ١٩٨٩)، ئـەم جـۆرە خوولانـە ڕۆژانـە بۆمـاوەی (٢) کاتژمێربـوون کاتژمێرێـک تایبـەت بـووە بـە زمـانی ئینگلیــزی، کاتژمێرەکــەی تریــش وەرگێــڕان بــووە، تەنانــەت کتێبــی تایبــەت بــە خوولەکــە و مامۆســتایانی بــۆ دیــاری کــراوە، کــە لــە ژێــر سەرپەرشــتیی ســەرۆکی بــەشی ئینگلیــزی بــووە لــە کۆلێــژی ئــاداب (جامعــة صـلاح الدیـن، ٢١/ ٢/ ١٩٨٩؛ دائـرة الدراسـات والتخطیـط والمتابعـة، ١/ ٦/ ١٩٨٩). دواتریـش لـە سـاڵی ١٩٩١ زمانـە زینــدووەکان بــە (ســەنتەری زمانــە زینــدوەکان) نــاو بـراوە و سـەر بـە کۆلێـژی ئـاداب بـەشی ئینگلیـزی بـووە، تەنانــەت هــەر لــە هەمــان ســاڵدا م. عبدالامیــر هاویــل ســاکا لــە سەرپەرشــتیاری ئــەم ســەنتەرە بەخــشراوە و، م. عصـام محمـد محمـود لـە شـوێنی دانـراوە (جامعـة صـلاح الدیــن، ٧/ ٥/ ١٩٩١).

هەرچــی ســەبارەت بــە پرۆگرامــەکانی خوێنــدنی باڵایــە هــەر بەشــێک لــە بەشــە زانســتییەکانی کۆلێــژی ئــاداب پرۆگرامــی تایبــەت بــە بەشــەکەی خــۆی ئامــادە کــردووە، کــە لەلایــەن لێژنــەی زانســتی بەشــەوە بڕیــاری لەســەر دراوە، پرۆگرامەکانیــش تایبــەت بــوون بــە دوو کــۆرسی خوێنــدن هــەر کۆرســێکیان ســێ مانــگ بــوو، دواتــر بــوار بــە قوتابییــان دراوە بــۆ نووســینەوەی ماســتەرنامەکانیان کــە ئەویــش مــاوەی ســاڵ و نیوێــک بــووە، واتــە مــاوەی خوێنــدنی ماســتەر بەبــێ درێژکردنــەوەی ڕێگەپێــدراو (٢) ســاڵ بــووە، پرۆگرامــە بەشــە زانســتییەکان بــەم شــێوەیە بــووە:

أ- بەشی کوردی

لەسـەرەتای کردنـەوەی خوێنـدنی بـاڵا لـەم بەشـەدا هەمـوو قوتابییانــی وەرگیــراوی ئــەم بەشــە بەزمانــەوانی و ئەدەبــەوە کــۆرسی یەکــەم و دووەمیــان پێکــەوە خوێندنــەوە، چونکــە پرۆگرامــەکان هەمــان پرۆگــرام بــووە، بــەڵام بەســەرەنجدانی پرۆگرامــەکانی ســاڵانی دواتــر بۆمــان دەردەکەوێــت کــە قوتابییــانی وەرگیــراوی ماســتەر لــەم بەشــەدا کــۆرسی یەکەمیــان بەیەکــەوە خوێنــدووەو هەمــان پرۆگرامیــان هەبــووە، بــەڵام کــۆرسی دووەم پرۆگرامەکانیــان جیابــووەو جیــاواز لەیەکــتر خوێندویانــە.

لــە ســاڵانی ١٩٨٦ وانــەکانی خوێنــدنی بــاڵا لەلایــەن مامۆســتایان (د. کامــل حســن بصیــر، د. ئەمیــن عــلی، د. شـکریە ڕسـول، د. وریـا عمـر ئەمیـن، د. عبدالمجیـد ڕشـید، د. عیزالدیــن مســتەفا، م. عبدالحمیــد یعقــوب) گوتراوەتــەوە.

لــە ســاڵی ١٩٨٩ مامۆســتایانی بــەشی کــوردی بــۆ خوێنــدنی بــاڵا- ماســتەر بریتــی بــوون لــە: (د. معــروف خزنــەدار، د. عزالدیــن مســتەفا ڕەســوڵ، م. محمــد معــروف فتــاح، د. محمــود نــوری عــارف، , کوردســتان عبدالرحــمان، د. شــکریە ڕسـوڵ ابراهیـم، د. محمـد فـاروق عمـر، د. عبدالمجیـد ڕشـید) (دلیـل الدراسـات العلیـا لجامعـة صـلاح الدیـن، ١٩٨٩: ٦٩).

ئەمــە لەکاتێــدا کــە وانــەکان بەزمــانی کــوردی دەخوێنــدرا و لەلایــەن مامۆســتایانەوە، بــە هەمــان زمــان بابەتــەکان شــی کراونەتــەوە و قوتابییــان لــە تاقیکردنەوەکانــدا وەڵامیــان داوەتـەوە، بـەڵام لـە هەمـوو ڕێبـەر و دۆکیومێنتـە فەرمییـەکانی زانکـۆ بـە زمـانی عـەرەبی ئامـاژە بـۆ بابەتـەکانی بـەشی کـوردی کــراوە.

ب- بەشی زمانی عەرەبی:

ئــەم بەشــە بەهەمــان شــێوەی بــەشی کــوردی لــە ســاڵی ١٩٨٦- ١٩٨٧، واتــە ســاڵی یەکەمــی کرانــەوەی خوێنــدنی بــاڵا- ماسـتەر لـەم بەشـەدا قوتـابی وەرگیـراوە، لـە سـاڵانی سـەرەتادا کــۆرسی یەکــەم و دووەم بەیەکــەوە خوێندویانــە بابەتــەکان بـۆ ئـەدەب و زمـان وەک یەکتربـوون، بـەڵام دواتـر پرۆگرامـی خوێنــدن لــە کــۆرسی دووەم بــۆ لقــی ئــەدەب و زمــان جیــا بووەتــەوە، بۆیــە کــۆرسی دووەم بەجیــا خوێندوویانــە.

ئــەو مامۆســتایانەی لــە ســاڵی ١٩٨٦ وانەیــان گوتووەتــەوە لــە خوێنــدنی بــاڵا بەڕێــزان (د. فوزیــە الدبــاغ، د. عبــاس توفیــق، د. غالــب المطلبــی، د. جایــد زیــدان، م. عبدالحمیــد یعقــوب) بــوون.

لـە سـاڵی ١٩٨٩ مامۆسـتایانی خوێنـدنی بـاڵا- ماسـتەر، لـەم بەشـەدا پێکدەهاتـن لـە بەڕێـزان (د. پاکیـزە ڕەفیـق حیلمـی، د. عبـاس تۆفیـق ڕەزا، د. غالـب فـازل المتلبـی، د. محمـد سـعید

الحافـز، د. زاهیـر لتیـف کریـم، م. کامـل سـعید عـداد) بـوون (دلیـل الدراسـات العلیـا لجامعـة صـلاح الدیـن، ١٩٨٩: ٧٤).

ج- بەشی مێژوو

سـەبارەت بـە بـەشی مێـژوو کـە خوێنـدنی بـاڵا لـەم بەشـەدا لـە سـاڵی خوێنـدنی ١٩٨٧- ١٩٨٨ کراوەتـەوە، نـاوی بابەتـەکانی ئـەم بەشـە هەمـووی بەزمـانی عـەرەبی بـووە، چونکـە زمانی خوێنـدن و نووسـین لـەم بەشـەدا زمـانی عـەرەبی بـووە، مامۆسـتایانی بـەشی مێـژوو بـۆ خوێنـدنی بـاڵا- ماسـتەر پێکهاتبـوون لـە بەڕێـزان (د. عـماد الدیـن خلیـل عمـر، حسـام الدیـن عـلی غالـب، د. ئەرسـەن مـوسی ڕشـید، د. ابراهیـم یـاس الـدوري).

هەریـەک لـە بەشـەکانی لێژنـەی تایبـەت بەخـۆی هەبـووە بـۆ ڕایـی کـردنی کارەکانی خوێنـدنی بـاڵای بەشـەکەیان بـۆ نموونـە لـە سـاڵی ١٩٩١ لێژنـەی خوێنـدنی بـاڵای بـەشی مێـژوو بریتـی بـوون لـە (د. فـاروق صـادق حیـدر، د. عـماد الدیـن خلیـل عمـر، د. حسـام الدیـن عـلی غالـب، د. ئەرسـن مـوسی ڕشـید) (جامعـة صـلاح الدیـن، ٢/ ٥/ ١٩٩١). لـە هەمـان کاتیشـدا وەک پێشـتر ئاماژەمـان بـۆ کـرد لـە کۆلێـژ هۆبـەی تایبـەت هەبـووە بـۆ خوێنـدنی بـاڵا بـۆ ڕاییکـردنی کارەکانی خوێنـدنی بـاڵای کۆلێـژ بـۆ نموونـە لـە سـاڵی ١٩٩١دا بەڕێوەبـەری ئـەم یەکەیـە (کەوسـەر عزیـز ئەحمـەد) بـووە، لـە هەمـان سـاڵدا گـۆڕاوە بـۆ (سـمیرە عبداللـە عمـر) (جامعـة صـلاح الدیـن، ١٣/ ٥/ ١٩٩١).

هەریـەک لـە قوتابییـانی وەرگیـراو لـە کۆلێـژی ئـاداب لەلایـەن ژمارەیـەک مامۆسـتای بەتوانـا وانەیـان پـێ گوتـراوە هـەروەک ئاماژەمـان بـۆ کـرد لـە هەمانکاتیشـدا بابەتیـان بـۆ دەستنیشـان کـراوە لەگـەڵ سەرپەرشـتیاری نامـەکانی ماسـتەریان و زۆرینەشـیان لـەکاتی دیاریکـراوی خۆیـان نامەکانییـان پێشـکەش کـردووە.

تێبینـی دەکرێـت یەکـەم قوتابی لـە بـەشی کـوردی کۆلێـژی ئاداب کـە بڕوانامـەی ماسـتەری پـێ بەخشراوە (ڕفیـق محمـد محـی الدیـن) بـووە لـە ژێـر سەرپەرشـتی (د. عبدالرحـمان معـروف) بـووە، یەکـەم مامۆسـتای ئافـرەت کـە لەهەمـان بەشـدا بڕوانامـەی ماسـتەری بەدەسـتهێناوە (بێخـاڵ عبداللـە سـعید) بـووە بـە سەرپەرشـتی (م. معـروف فتـاح)، لـە بـەشی عـەرەبی یەکـەم قوتـابی (شـاکر عبـاس صالـح) بـووە بـە سەرپەرشـتی (د. فوزیـة أدهـم دبـاغ)، یەکـەم ئافرەتیـش لـەم بەشـەدا (نازەنیـن عـلی محمـد) بـوو بـە سەرپەرشـتی (د. تاهیـر لەتیـف کریـم)، هەرچـی سـەبارەت بـە بـەشی مێـژووە یەکـەم قوتـابی (طلـب صبـار محـل) بـووە لـە ژێـر سەرپەرشـتی (د. ئەرسـەن مـوسی ڕشـید) بـووە، یەکـەم ئافرەتیـش لەهەمـان بـەش (فائـزة محمـد عـزەت) بـووە بـە سەرپەرشـتی (د. ئەرسـەن مـوسی ڕشـید). شـیاوی باسـکردنە تـا سـاڵی ١٩٩٠ لێژنـەی تاوتۆکـردنی ماسـتەر لـە دوو ئەنـدام پێـک هاتـووە لەگـەڵ سەرپەرشـتیار، بـەڵام لـە سـاڵی ١٩٩٠ و دواتـر تێبینـی دەکرێـت لێژنـە لـە سێ ئەنـدام پێـک هاتـووە لەگـەڵ سەرپەرشـتیاری نامـەی ماسـتەرەکە (بـۆ زانیـاری زیاتـر، بڕوانـە خشـتەی ژمـارە ٦).

جێـگای ئامـاژە بۆکردنـە، قوتابییـانی خوێنـدنی بـاڵا هەمیشـە بەدواداچوونیـان بـۆ کـراوە لەلایـەن کۆلێژەکانیانـەوە بەمەبەسـتی کارئاسـانی و یارمەتیدانیـان لـە ئاسـتەنگەکاندا، بـۆ نموونـە لـە سـاڵی ١٩٨٧ لـە سـەرۆکایەتی زانکـۆوە داوا لـە کۆلێـژەکان کـراوە کـە بەدواداچـوون بـۆ قوتابییـانی خوێنـدنی بـاڵا بکرێـت (جامعـة صـلاح الدیـن، ١٦/ ٩/ ١٩٨٧)، دواتریـش لەلایـەن سـەرۆکایەتیی زانکـۆی سـەڵاحەددینەوە داوا لـە هەمـوو کۆلێـژەکان کـراوە کـە (کـۆڕ بـۆ قوتابییـانی خوێنـدنی بـاڵا) سـازبکرێت بەشـێوەی مانگانـە، بەمەبەسـتی بەدواداچـوون بـۆ کاری قوتابییـەکان (جامعـة صـلاح الدیـن، ٢٩/ ١١/ ١٩٨٧)، کۆلێـژی ئـاداب بـۆ ئـەم مەبەسـتە ڕۆژی ١٦/ ١٢/ ١٩٨٧ی دیـاری کـردووە بـۆ کـۆڕی خوێنـدنی بـاڵا لـە کۆلێـژ لـە یانـەی مامۆسـتایان سـازکراوە (جامعـة صـلاح الدیـن، ١٣/ ١٢/ ١٩٨٧)، وەرگیرانیـش لـە ماسـتەر مەرجـی تایبـەت بەخـۆی هەبـووە، هـەر قوتابییـەک کـە پێشەکشـیی خوێنـدنی بـاڵا- ماسـتەری کردبووایـە لـە کۆلێـژ، لـە سـەرەتادا تاقیکردنـەوەی نووسـینێکی ئەنجـام داوە، دواتـر بەشـێوەی زارەکـی بەمەبەسـتی هەڵسـەنگاندنی کەسـیەتی تاقیکردنەوەیەکـی تـری لـە کۆلێـژ لەلایـەن مامۆسـتایانەوە بـۆ ئەنجـام دراوە، کـە زۆرجـار نێـوانی دوو تاقیکردنەوەکـە ٣ بـۆ ٤ ڕۆژ بـووە (جامعـة صـلاح الدیـن، ٢٧/ ٢/ ١٩٨٨)، مامۆسـتایانی کۆلێـژی ئـاداب سـاڵانە لـە لێژنـەی خوێنـدنی بـاڵا لـە سـەر ئاسـتی زانکـۆی

سەلاحەددین بەشداربوون، بۆ نموونە لەساڵی ١٩٨٩ (د. معروف خەزنەدار) ئەندامی لێژنەی ناوبراو بوو (جامعة صلاح الدین، ٢٣/ ٢/ ١٩٨٩؛ جامعة صلاح الدین ١٧/ ٥/ ١٩٨٩)، ساڵانەش دوای تەواوبوونی کۆرسی یەکەم و دواتریش کۆرسی دووەم تاقیکردنەوە لە بابەتەکان بۆ قوتابییان ئەنجام دراوە، ئەم تاقیکردنەوانەش لەسەر ئاستی کۆلێژ لێژنەی تایبەت بەخۆی بۆ دانراوە، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٩١ دوای تەواوبوونی کۆرسی یەکەم لێژنەیەکی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە پێک هێنراوە لە بەڕێزان (د. زاهیر لتیف کریم، د. عباس توفیق ڕەزا، د. فوزیە دباغ) (جامعة صلاح الدین، ١/ ٦/ ١٩٩١).

شایانی باسە لەماوەی نێوان ساڵانی ١٩٨١-١٩٩١دا، چالاکی جۆربەجۆری وەکوو: سمینار، کۆڕ و...هتد، لە کۆلێژی ئاداب ئەنجامدراوە، بەڵام کۆنفرانسی زانستی لەسەر ئاستی کۆلێژ ئەنجام نەدراوە، بەڵکوو تەنیا لەسەر ئاستی زانکۆی سەلاحەددین کۆنفرانس ئەنجام دراوە لە ساڵی ١٩٨٨ مامۆستایانی کۆلێژی ئاداب بە شێوەیەکی چالاک و کارا بەشدارییان تێدا کردووە، کۆنفرانس کە لە سەرەتادا لە ٢١ی کانوونی دووەمی ١٩٨٨ لێژنەیەکی ئامادەکاری بۆ پێک هێنراوە بەمەبەستی ڕایکردنی کارەکانی کۆنفرانس، دواتر ئەم لێژنەیە لە ٤ی ئابی ١٩٨٨ هەمووارکراوەتەوە، جێگای باسە مامۆستایانی کۆلێژی ئادابیش بەشدار بوون لەم لێژنەیەدا (جامعة صلاح الدین، ٤/ ٨/ ١٩٨٨).

دواتر ڕۆژی کۆنفرانس دیاری کراوە، کۆنفرانس لە ٢٩ی تشرینی دووەم ١ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٨ سازکراوە، لەژێر دروشمی (بالعلم والمعرفة تدعم انتصارات قادسیة صدام المجیدة)، ژمارەیەک لە مامۆستایانی کۆلێژی ئاداب بە توێژینەوە بەشدارییان کردوە وەک (د. خلیل اسماعیل، د. محمد ڕؤوف خالص...) (خلاصات الابحاث المؤتمر العلمي، ب. س: ٤٩- ٦٠).

دواتریش زانکۆی سەلاحەددین بڕیاری سازکردنی کۆنفرانسی دووەمی زانکۆ دەدات کە لە سەرەتادا لێژنەیەکی ئامادەکاری پێک هێناوە بە بەشداری مامۆستایانی کۆلێژی ئاداب (سکرتاریة المؤتمر العلمي الثاني جامعة صلاح الدین، ٧/ ١١/ ١٩٨٩)، بڕیار دراوە کۆنفرانسەکە لە ٢٧-٢٩ی تشرینی دووەمی ١٩٩٠ سازبکرێت لە ژێر ناونیشانی (بالتقدم العلمي الرصین في ضل النصر والسلام ندعم معرکة بناء عراقنا العظیم) (جامعة صلاح الدین، ٥/ ٩/ ١٩٨٩)، ژمارەیەک لە مامۆستایانی کۆلێژی ئاداب بە توێژینەوە بەشداربوون وەک (د. خلیل اسماعیل، د. نوری هەرزانی، د. حسام الدین علی غالب، م.ابراهیم یاس الدوری، م.حسن علی، م.علی محمود اسعد...). شیاوی باسکردنە بەشێک لە دانیشتنەکانی کۆنگرە و پێشکەشکردنی توێژینەوەکان لە کۆلێژی ئاداب لە یانەی قوتابییان بەڕێوەچووە، سەرۆکایەتیی دانیشتنەکانیش لەلایەن د. نوری هەرزانییە وە کراوە (هەرزانی، ١٥/ ١٢/ ٢٠٢٢). لەهەمان کاتیشدا مامۆستایانی کۆلێژ ساڵانە بەشدارییانکردووە لە کۆنفرانسەکانی عێراق و دەرەوەی عێراق لە ڕێگەی پێشکەشکردنی توێژینەوە یان لە ڕێگەی ئامادەبوون، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٩٠ د. خلیل اسماعیل محمد لەگەڵ م. عبدالباقی عبدالجبار امین بەتوێژینەوەیەکی هاوبەش لە ژێر ناونیشانی (تطور الوظیفة السکنیة لمدنیة اربیل)، بەشدارییان لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی قاهیرە کردووە. (محمد، ١٩٩٠: ٤٨).

دووەم: توێژینەوەی زانستی و خوولەکان

مامۆستایانی کۆلێژی ئاداب بە هەموو بەشە زانستییەکانییەوە هەمیشە پێشەنگ بوون لە نووسینی توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکانیان، کە لەم ڕێگەیەوە توانیویانە خزمەتێکی زۆری قوتابییان و زمان و کولتوور و مێژوو بکەن، لە ڕێگەی توێژینەوەکانیان کارئاسانیی زۆریان بۆ توێژەران و قوتابییان کردووە لە بوارە جیاجیاکاندا، بێجگە لە دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی لە ڕێگەی کۆکردنەوەی توێژینەوەکانیان و بڵاوکردنەوەی وەک کتێبڕۆڵیان بینیوە.

مامۆستایان ساڵانە ژمارەیەک توێژینەوەی بەسەنگیان بڵاو کردووەتەوە لە بارەی فۆلکلۆر و ئەدەب و زمانی کوردی و مێژووی شارە کوردییەکان و کەسایەتییە کوردییەکان، کە ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لەسەر پاراستن و بزرنەبوونی بەشێکی زۆر لە ئەدەب و فۆلکلۆری کوردی، لە ڕاستیدا ئەو جۆرە توێژینەوانە

دەچنـە چوارچێـوەی هەسـتکردن بـە ئینتـما و نیشـتمانپارێزی.

لێـرەدا دەتوانیـن وەک نموونـە سـاڵی ١٩٨٦ بەنموونـە بـاس بکەیـن؛ چونکـە لـەم سـاڵەدا کۆلێـژی ئـاداب فـراوان بـووە و بەشـەکانی بـۆ (٦) بـەشی زانسـتی و ژمـارەی مامۆستاکانیشـی زیـاد بـووە، دواتریـش سـاڵی ١٩٨٩- ١٩٩٠ تیشـک دەخەینەسـەر، واتـە سـاڵێک بـەر لـە ڕاپەڕینـی ئـاداری شـاری هەولێـر، لـە سـاڵی ١٩٨٦ زیاتـر ٢٥ توێژینـەوە کاریـان لەسـەر کـراوە بـەڵام لـە سـاڵی ١٩٨٩- ١٩٩٠ نزیکـەی سـەد توێژینـەوە زیاتـر کاری لەسـەر کـراوە لـە کۆلێـژی ئـاداب ئەمـەش بـە بەراوردکـردن بـە سـاڵی ١٩٨٦ ژمـارەی توێژینـەوەکان زۆر بەرزبووەتـەوە، ئەمـەش دەرخـەری ئـەو ڕاسـتییەیە کـە مامۆسـتایانی بەشـە زانسـتییەکانی کۆلێـژی ئـاداب زۆر چالاکانـە و دلسـۆزانە لەپـاڵ جێبەجێکـردنی ئەرکـی خۆیـان و پێگەیانـدنی نـەوەی نـوێ درێخیـان نەکـردووە لـە پێشخسـتنی زانسـت و زانیـاری و خزمەتکـردنی کۆمەڵگـە لـە ڕێگـەی توێژینەوەکانیـان، مامۆسـتایان لـە سـۆنگەی بەرپرسـیاریەتی وابەسـتەکردنی کۆمەڵگە لەگـەڵ کۆلێـژ بـە مەبەسـتی ئـەوەی زانکـۆ دامەزراوەیەکـی دوورنەبێـت لـە کۆمەڵگـە بەڵکـوو زانکـۆ ببێتـە هـۆکاری پێشخسـتنی کۆمەڵگـە و نزیـک بوونـەوەی بیروبۆچوونـەکانی و تاوەکـوو کۆمەڵگـەش سـوود لـە بروانامـە بـەرزەکانی خـۆی ببینێـت ساڵانە ژمارەیەکـی زۆر خوولیـان بـۆ کەسـانی دەرەوەی زانکـۆ و تەنانـەت بـۆ قوتابییـان و فەرمانبـەرانی ناوەنـدی زانکـۆش سـازکردووە. لێـرەدا دەتوانیـن وەک نموونـە ئامـاژە بەسـاڵەکانی ١٩٨٦ و سـاڵی خوێنـدنی ١٩٩٠-١٩٩١ بکەیـن، لـە سـاڵی ١٩٨٦ ژمارەیـەک خـوول بەئەنجـام گەیەنـدراون وەک خـوولی فێربـوونی زمـان بـۆ مامۆسـتایانی زمـانی ئینگلیزیـی مامۆسـتایانی دواناوەنـدی سـنووری هەولێـر و فەرمانبـەرانی زانکـۆی سـەڵاحەددین ئەنجـام گەیەنـدراوە کـە خوولەکـە مـاوەی (١) یـەک مانـگ بـووە، ژمارەیەکـی زۆر مامۆسـتا و فەرمانبـەران بەشـدارییان تێـدا کـردووە، دواتـر خوولێکـی تـری (٧) مانگـی بـە هەمـان مەبەسـت بـۆ مامۆسـتایانی ئامادەییـەکانی هەولێـر کراوەتـەوە کـە تایبـەت بـووە بـە زمـانی ئینگلیـزی، لـە (ئەمانـە عامـەی پـەروەردە- سـەنتەری یەکـەی مەشـق و ڕاهێنـان) ئەنجـام دراوە لـە خوولەکـەدا (ڕێـگاکانی وانـە وتنـەوە، شـیکردنەوەی کتێبـەکانی پرۆگـرام، زانسـتی دەنـگ، زانسـتی دەرونـزانی زمـان) خوێنـدراوە، (٤) مانـگ لەلایـەن کۆلێـژی ئادابـەوە بەشـداری کـراوە و سەرپەرشـتی کـراوە (٣) مانـگ بـە بەشـداری و سەرپەرشـتی دەرەوەی زانکـۆ بـووە، ژمارەیـەک مامۆسـتای کۆلێـژی ئـاداب بـەشی ئینگلیـزی وەک وانەبێـژ بەشـدارییان لـەم خوولـەدا کـردووە (م. محمـد معـروف فتـاح، م. عبدالحمیـد یعقـوب جبرائیـل) بـوون، ژمـارەی بەشـداربووانی خوولەکـە (٢٨) مامۆسـتا بـوون (دلیـل دورات التعلیـم المسـتمر، ١٩٨٦: ٤٢).

لـە هەمـان ساڵدا لەلایـەن بـەشی کـوردی خـوول کراوەتـەوە بـۆ قوتابییـانی قۆناغـی سـێیەمی بـەشی کـوردی ئەوانـەی زمـانی کـوردی (زمـانی دایـک) یـان نەبـووە (غیـر ناطقیـن)، لـە ١٥/ ٢/ ١٩٨٦ بـۆ ١٥/ ٣/ ١٩٨٦ خوولەکـە بـەردەوام بـووە (٣٤) قوتـابی بەشـدار بـوون، خوولەکـەش لەلایـەن مامۆسـتایان (د. ابراهیـم عزیـز ابراهیـم، د. محمـد نـوس عـارف، د. شـکریە ڕسـول ابراهیـم، م. دلشـاد عـلی محمـد) گوتراوەتـەوە، پرۆگرامەکـەش بریتـی بـووە لـە (ڕێزمـانی زمـانی کـوردی، گفتوگۆکـردن، پەخشـان، هۆنـراوە) (دلیـل دورات التعلیـم المسـتمر، ١٩٨٦: ٤٢).

لـە سـاڵی ١٩٩٠- ١٩٩١ یـش ژمارەیـەک خـوول ئەنجـام دراوە لەلایـەن بەشـە زانسـتییەکانی کۆلێـژی ئـاداب، بـەشی زمـانی عـەرەبی (٢) خـوولی ئەنجـام داوە، یەکەمیـان لـە ٣٠/ ١٠/ ١٩٩٠ بـۆ مـاوەی دوو هەفتـە بـەردەوام بـووە بەناونیشـانی (دورة تحریـر الکتـب الرسـمیة والمخاطبـات الاداریـة)، لـە هۆڵـی کۆلێـژی ئـاداب سـازکراوە بـۆ فەرمانبـەرانی زانکـۆ و بەمەبەسـتی بەرزکردنـەوەی ئاسـتی فەرمانبـەران لـە بەشـەکان، ئـەم خوولـە لەلایـەن مامۆسـتایان (م. کامـل سـعید عـواد، م. لطیـف محمـد حسـین، م. محمـد صابـر مسـتەفا، م. زاهیـر لەتیـف کریـم، د. محمـد سـعید داود حافـز) ئەنجامـدراوە، خوولێکـی تریـش بەهەمـان شـێوە لەلایـەن هەمـان بـەشی زانسـتییەوە سـازکراوە لـە ژێـر ناویشـنانی (تحریـر الکتـب الرسـمیة و المخاطبـات الاداریـة)، لـە هۆڵـی کۆلێـژی ئـاداب بـووە بـۆ (فەرمانبـەرانی پارێـزگای هەولێـر) ئەنجـام دراوە، بەمەبەسـتی بەرزکردنـەوەی ئاسـتی زمانـەوانی فەرمانبـەرانی فەرمانگـەکانی ناوچـەی حوکمـی زاتی، مامۆسـتایان (م. کامـل سـعید عـواد، م. لطیـف محمـد حسـن، م. محمـد سـابیر

مستەفا، د. زاهیر لتیف کریم، د. محمد سعید داود الحافز، م. سەلاح مهدی حسن) وانەبێژی خوولەکە بوون (جامعة صلاح الدین، ١٩٩١: ٣٥)، ئەم خوولانەی بەشی عەرەبی گرنگیەکی زۆریان پێ دەدرا بەتایبەت ئەوانەی بابەتەکانیان دەکەوتە چوارچێوەی گرنگی دان بەسەلامەتی زمانی عەرەبی، چونکە ئەم بابەتە ئەوکات بەیاسا کرابوو، لە ڕێگەی نووسراوی فەرمیشەوە داوا لە هەموو کۆلێژەکان کرابوو کە گرنگی بدرێت بەسەلامەتی زمانی عەرەبی (جامعة صلاح الدین، ٢/ ١١/ ١٩٨٧)، بەشی ئینگلیزی (٢) خوولیان سازکردوە یەکێکیان لە ١١/ ٢/ ١٩٩١ لە هۆڵی کۆلێژی ئاداب بەناوی (دورة في تقوية اللغة الانكليزية) بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی زمانەوانی بۆ فەرمانبەرانی فەرمانگەکانی حکومی زاتی، وانەبێژانی خوولەکە لە مامۆستایان (د. سام عبدالرزاق سعید، م. فارس صليوا عەدیس، م. عبدالقادر سعید فەرهادی، م. عبدالحميد يعقوب جبرائيل) پێک هاتبوون. خوولەکەی تریش لە ژێرناوی (التسهيل لاعمال التجارة في اللغة الانكليزية وبالتنسيق مع غرفة تجارة اربيل) بووە، بۆ فەرمانبەرانی فەرمانگەکان کراوەتەوە، وانەبێژانی خوولەکەش (د. عبدالله معتصم الدباغ، م. عبدالحميد يعقوب جبرئيل، د. بسام عبدالرزاق سعيد، م. لتيف سعيد، فارس صليوا عوديس، م. ڕعد محمد جاسم) بوون (دليل دورات التعليم المستمر، ١٩٩١: ٣٦؛ جامعة صلاح الدين، ٢٨/ ٥/ ١٩٩١).

بەشی کوردی لە ١٥/ ١٠/ ١٩٩٠ خوولێکی لەژێر ناونیشانی (تطوير تدريس اللغة الكردية في المدرسة المتوسطة بالتنسيق مع وحدة التدريب في مديرية تربية اربيل) کرۆدتەوە، خوولەکە لە کۆلێژی ئاداب سازکراوە بۆ مامۆستایانی قۆناغی ناوەندی لە شاری هەولێر بووە، مامۆستایانی وانەبێر (د. عبدالمجيد ڕشيد، د. عبدالله مراد، د. شكريه ڕسول ابراهيم، م. دلشاد على محمد، د. محمد فاروق عمر سديق) بوون.

بەشی مێژوو لە ١٠/ ١٠/ ١٩٩٠ خوولێکی (٣) هەفتەیی کردەوە لە ژێر ناونیشانی (تطوير تدريس مادة التاريخ)، مامۆستایانی ئامادەی لە ناوچەی حوکمی زاتی بەشداربوون و خوولەکە لە کۆلێژی ئاداب بەڕێوەچووە، ژمارەیەک مامۆستای کۆلێژ وەک وانەبێژ لەم خوولانەدا بەشداربوون (د. حسام الدين على غالب، م. كريم عجيل حسين، د. جمال ڕشيد احمد، د. ابراهيم ياس خضر).

بەشی جوگرافیا بەهەمان شێوە لەکردنەوەی ئەم خوولانە بەشدار بووە، بۆ نموونە لە ١٥/ ١٠/ ١٩٩١ خوولێکی لە کۆلێژی ئاداب ئەنجامداوە کە ماوەکەی یەک مانگ بووە لەژێر ناونیشانی (تطوير تدريس مادة الجغرافية)و تایبەت بووە بە مامۆستایانی ئامادەیی ناوچەی حوکمی زاتی، وانەبێژانی خوول (د. خليل اسماعيل محمد، د. محمد خالص ڕؤوف سعيد، م. عماد الدين عمر حسن، د. عبدالله حسون، م. عطا حمه أمين غريب، م. على محمد أسعد) بوون.

بەشی کۆمەڵناسی خوولێکی بۆ سەرپەرشتیاران و بەڕێوەبەرانی خانەی چاودێری کۆمەڵایەتی لە حوکمی زاتی کردووەتەوە بۆ ماوەی دوو هەفتە، کە لە ١٥/ ١/ ١٩٩٠ دەستی پێکردوە لە کۆلێژی ئاداب بووە، خوولەکە لەلایەن ژمارەیەک وانەبێژ بەڕێوەبردراوە (د. عبدالكريم عبدالسادة النصار، د. على عبدالامير على، م. ئاسۆ ئیبراهیم عبدالله، م. نوری یاسین هەرزانی، م. نازم جواد كازم، م. عبد على سلمان، د. صلاح محمد نورى).

لە هەموو خوولەکانیشدا (٢٥- ٣٠) کەس بەشدارییان کردووە بەشێوەیەکی گشتی مافی بەشداری کردن لەم خوولانە لە نێوان (٢٥- ٣٠) دیناربووە. دواتریش مامۆستایانی بەشداربوو وەک وانەبێژ لەم خوولانەدا لەلایەن کۆلێژەوە پاداشت کراون (دليل دورات التعليم المستمر، ١٩٩١: ٣٧- ٣٩؛ جامعة صلاح الدين، ٢٨/ ٥/ ١٩٩١)، واتە تەنیا لە ساڵی ١٩٩٠- ١٩٩١دا (٨) خوولی تایبەت بە فەرمانبەرانی ناو زانکۆ و دەرەوەی زانکۆ سازکراوە ماوەی خوولەکانیش لە دوو هەفتە و زیاتر لە دوو هەفتە بووە.

ئەنجام

لــە دوای شــیکردنەوەی لێکدانــەوەی مێــژووی کۆلێــژی ئــاداب و ڕەوشی کارگێــری و ژمــارەی گەشەســەندنی مامۆســتایان و قوتابییــان و چالاکیــە زانســتییەکانی ئــەم کۆلێــژە لــە نێــوان ســاڵانی ١٩٨١- ١٩٩١، لـە ژێـر ڕۆشـنایی بەڵگەنامـەکان گەیشـتینە ئـەو ئەنجامــەی کــە ئــەم کۆلێــژە دۆخــی ســیاسی کاریگــەری هەبــووە لــە ســەری هــەر لــە ســەرەتای دامەزراندنییــەوە کــە بەبڕیارێکــی ســیاسی زانکــۆ لــە ســلێمانییەوە گواســترایەوە بــۆ هەولێــر، و زانکــۆی ســەڵاحەددین دامــەزرا تاوەکــوو ڕەنگدانــەوەی سیاســەتی بەعــس لــە پرۆگرامــەکانی خوێنــدنی بەشــەکانی کۆلێــژی ئــاداب.

جێــگای بــاسی ئــەم کۆلێــژە هــەر لــە ســەرەتاوە خــاوەن مامۆسـتای دڵسـۆز و لێهاتـوو بـووە کـە گرنگییەکـی زۆریـان بـە پرۆسـەی خوێنـدن و بەرەوپێشـچوونی کۆلێـژ داوە لـە لایـەک، لـە لایەکـی تریشـەوە سـاڵانە ژمارەیەکـی زۆر توێژینەوەیـان بـڵاو کردووەتـەوە لـە خوولـەکان و کۆنگـرە و کۆنفرانسـەکاندا سـاڵانە بەشـدار بـوون، قوتابییانیـش شانبەشـانی مامۆسـتایان درێخییــان نەکــردووە لــە وەرگرتنــی زانســت و زانیارییــەکان و بەشـــداربوونیان لـــە كـــۆڕ و كۆبوونـــەوە زانســـتییەکان. هەرچەنـدە لـە ڕووی کارگێریشـەوە کۆلێـژ لەلایـەن سـتافێکی بەئەزمــوون بەڕێوەبــردراوە کــە هەمــوو هەوڵێکیــان داوە بــۆ ڕاپەڕانــدنی کارەکان و ڕێکخســتن و خزمەتکــردنی کۆلێــژ.

جێــگای باســە تێبینــی دەکرێــت کێشــەی نەبــوونی باڵەخانەیەکـی گونجـاو و شـوێنی شایسـتە بـۆ کۆلێـژ، بابەتێکـە کــە لــە ســاڵی ١٩٨١- ١٩٩١ەوە واتــە ســاڵی دامەزرانــدنی کۆلێــژی ئــاداب هەتاوەکــوو ڕۆژگاری ئەمڕۆشــمان کۆلێــژ بەدەســتییەوە گرفتــارە.

لیستی سەرچاوەکان

یەکەم: بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکان


جامعـة السـليمانية، كليـة الاداب، الادارة الذاتيـة، م: التقريـر السـنوي للعـام الـدراسي ١٩٧٩- ١٩٨٠، العـدد: ٢٠ س، ١١٠، بتاريـخ: ٢٠/ ٤/ ١٩٨٠.

رئاسـة جامعـة صـلاح الديـن، اربيـل، عـمادة كليـة الاداب، الذاتيـة، امـر اداري، موضـوع: توزيـع المسـؤوليات، العـدد: ٥٤/٧/ ١١٢٨، بتاريـخ: ٧/٤/ ١٩٨٥.

رئاسـة جامعـة صـلاح الديـن، عـمادة كليـة الاداب، الذاتيـة، امـر اداري، موضـوع: توزيـع المسـؤوليات، عـدد: ٧/ ٥٤/ ١١٢٨، بتاريخ: ٤/ ٧/ ١٩٨٥.

رئاسـة جامعـة صـلاح الديـن، عـمادة كليـة الاداب، الذاتيـة، امـر اداري، موضـوع: تعييـن، بصـوره مؤقتـة، العـدد: ٧/ ٣٥/ ١٩١٢، بتاريـخ: ٣/ ١١/ ١٩٨٥.

رئاسـة جامعـة صـلاح الديـن، عـمادة كليـة الاداب، الذاتيـة، امـر اداري، موضــوع، تعييــن بصــورة مؤقتــة، العــدد: ٧/ ٣٥/ ٥٩٤، بتاريــخ: ٣/ ٤/ ١٩٨٥.

وزارة  التعليـم العـالي والبحـث العلمـي، رئاسـة جامعـة صـلاح الديـن، أربيــل، عــمادة، كليــة الاداب، الدراســات العليــا، موضــوع / مبــاشرة، العــدد: ٣/ ١٣/ ٩٨٨٢٧، بتاريــخ: ١/ ١٠/ ١٩٨٩.

وزارة التعلـم العـالي والبحـث العلمـي، رئاسـة جامعـة صـلاح الديـن / اربيل،عـمادة كليـة الاداب،الافـراد، موضـوع، احالـة طلب،العـدد: ٤٥٠/٣٥/٧،   بتاريـخ:١٩٩١/٤/٢٩.

وزارة التعليـم العـالي والبحـث العلمـي، رئاسـة جامعـة صـلاح الديـن/ أربيـل، عـمادة كلية الاداب، الافراد، موضـوع: عـدم ممانعـة، العـدد: ٧/ ٣٠/ ٧٢٣٠، بتاريـخ: ٢٣/ ٥/ ١٩٩١.

وزارة التعليـم العـالي والبحـث العلمـي، رئاسـة جامعـة صـلاح الديـن/ أربيـل، عـمادة كلية الأداب، الافراد موضـوع: عـدم الممانعـة، العـدد: ٧/ ٣٠/ ٧١٣، بتاريـخ: ٢٣/ ٥/ ١٩٩١.

وزارة التعليـم العـالي والبحـث العلمـي/ رئاسـة جامعـة صـلاح الديـن، اربيل،عـمادة كليـة الاداب، مكتـب معـاون العميـد، الموضـوع / شـكر و تقديـر، العـدد: ٣٥/٧/ ٤٩٤، بتاريـخ: ٢/٢٧/ ١٩٨٩.

وزارة التعليــم العــالي والبحــث العلمــي/ رئاســة جامعــة صــلاح الديــن، اربيــل، كليــة الاداب،قســم الشــؤون القانونيــة والاداريــة، الادارة،موضوع،شـكر و تقديـر، العـدد: ١١٠٨/٢/٤، بتاريـخ ١٩٩٠/١/٢٥.

وزارة التعليـم العـالي و البحـث العلمـي/ رئاسـة جامعـة صـلاح الديـن، اربيــل، كليــة الاداب،قســم الشــؤون القانونيــة والاداريــة، الادارة، موضوع،المدرسـون المسـاعدون، العـدد: ٦٩١٨/١/١، بتاريـخ ١٩٨٨/٦/٢٧.

وزارة التعليـم العـالي البحـث العلمـي/ رئاسـة جامعة صلاح الديـن، اربيل،

كلية الاداب،قسم الشؤون القانونية والادارية، الافراد،موضوع،تشكليل لجينة، العدد: ٧٨٩/١٨/٧، بتاريخ ١٩٩١/٥/٢٨.

وزارة التعليم العالي البحث العلمي/ رئاسة جامعة صلاح الدين، اربيل، عمادة كلية الاداب، التسجيل،،امر اداری، العدد:٢٩٦١/١٣/٣، بتاريخ ١٩٨٨/١٠/١٢.

وزارة التعليم العالي البحث العلمي/ رئاسة جامعة صلاح الدين، عمادة كلية الاداب، الافراد، موضوع: أحالة طلب، العدد:٧٩٢/٣٥/٧، بتاريخ ١٩٩١/٥/٢٨.

وزارة التعليم العالي البحث العلمي/ رئاسة جامعة صلاح الدين، عمادة كلية الاداب، التسجيل، موضوع: فصل طلبة لمخالفة التعليمات الزي الموحد، العدد:٢٠٠٤/١٣/٣، بتاريخ ١٩٨٧/١١/٢٩.

وزارة التعليم العالي البحث العلمي/ رئاسة جامعة صلاح الدين، عمادة كلية الاداب، التسجيل، موضوع: رسوب بسبب الغيابات، العدد:٣٦٨٣/١٣/٣، بتاريخ ١٩٨٨/١١/٢٠.

وزارة التعليم العالي البحث العلمي/ رئاسة جامعة صلاح الدين، عمادة كلية الاداب، التسجيل، موضوع: رسوب بسبب الغيابات، العدد:١٨٠٤/١٣/٣، بتاريخ ١٩٨٨/٤/٣٠.

وزارة التعليم العالي البحث العلمي/ رئاسة جامعة صلاح الدين، عمادة كلية الاداب، مكتب العميد، امر اداری، العدد:٢٠٣٠/١٣/٣، بتاريخ ١٩٨٨/٦/٥.

وزارة التعليم العالي البحث العلمي/ رئاسة جامعة صلاح الدين،عمادة الكلية الاداب، الشؤون،العلمية، موضوع: اسماء تدريسين، العدد ٣٠٨/٣٥/٢٥، بتايخ ١٩٨٩/١/٢٩.

وزارة التعليم العالي البحث العلمي/ رئاسة جامعة صلاح الدين،محافظة اربيل،قسم الشؤون القانونيةوالادارية، الافراد، امر جامعي، موضوع تعيين، العدد: ٤٧٩٦/٢/٤، بتايخ: ٤/٢٣/ ١٩٩٠.

وزارة التعليم العالي البحث العلمي/ رئاسة جامعة صلاح الدين،محافظة اربيل،عمادة كلية الاداب،افراد، امر اداری،تشكيل لجنة العدد: ٨/٧/ ٥٠٩، بتاريخ: ٥/٨/ ١٩٩١.

وزارة التعليم العالي البحث العلمي/ رئاسة جامعة صلاح الدين،محافظة اربيل،عمادة كلية الاداب موضوع،تشكيل لجنة، العدد: ١٨/٧/ ٥٢٣، بتاريخ: ٥/١١/ ١٩٩١.

وزارة التعليم العالي البحث العلمي/ رئاسة جامعة صلاح الدين،محافظة اربيل،عمادة كلية الاداب،الافراد،تشكيل لجنة، موضوع:تشكيل لجنة،العدد: ١٨/٧/ ٧٥٦، بتاريخ: ٥/٢٧/ ١٩٩١.

وزارة التعليم العالي البحث العلمي/ رئاسة جامعة صلاح الدين،محافظة اربيل،عمادة كلية الاداب موضوع،تشكيل لجنة، العدد: ١٨/٧/ ٨٩٧، بتاريخ: ٦/٣/ ١٩٩١.

وزارة التعليم العالي البحث العلمي، جامعة السليمانية، كلية الاداب، الشعبه (التجهيزات) موضوع (تأييد استلام)، عدد: ٢٠/ ١٥/ ٥١٤، بتاريخ:، ٤/٢٤/ ١٩٨١.

وزارة التعليم العالي البحث العلمي، جامعة صلاح الدين فی اربيل، عمادة كلية الاداب، موضوع، اعادة (تعيين)، العدد: ٩/٧/ ٢٠١١، بتاربخ: ١١/١٤/ ١٩٨٥.

وزارة التعليم العالي البحث العلمي، رئاسة جامعة صلاح الدين، اربيل، قسم الشؤون القانونية والادارية، الافراد،موضوع،تعيين، العدد: ٥٧٢/٢/٤، بتاريخ ١٩٩٠/١/١٤.

وزارة التعليم العالي البحث العلمي، رئاسة جامعة صلاح الدين، اربيل، قسم الشؤون القانونية والادارية، الافراد،موضوع،نقل خدمات، العدد: ٢٢١٢٧/٢/٤، بتاريخ ١٩٩٠/٢/١٨

وزارة التعليم العالي البحث العلمي، رئاسة جامعة صلاح الدين، عمادة كلية الاداب، الافراد، موضوع: مكافاة، العدد:٨٩٤/١١/٢، بتاريخ ١٩٩١/٦/٣.

وزارة التعليم العالي البحث العلمي، رئاسة جامعة صلاح الدين، عمادة كلية الاداب، التسجيل، موضوع: صرف مكافاة، العدد:٨٢٥/١٣/٣، بتاريخ ١٩٩١/٥/٢٩.

وزارة التعليم العالي البحث العلمي، رئاسة جامعة صلاح الدين، عمادة كلية الاداب، تكريم الشهداء، العدد:٥١٨/١٣/٣٠، بتاريخ ١٩٩١/٥/١١.

وزارة التعليم العالي البحث العلمي، رئاسة جامعة صلاح الدين- اربيل، قسم الشؤون القانونية والادارية، امر جامعي، موضوع تعيين، العدد: ٢/٤/ ١٤٩٧٥،بتاريخ: ١١/٦/ ١٩٨٩.

وزارة التعليم العالي البحث العلمي، رئاسة جامعة صلاح الدين- اربيل، عمادة كلية الاداب، الافراد، موضوع: تشكيل لجنة، العدد: ١٨/٧/ ٧٦١، بتاريخ: ٥/٢٧/ ١٩٩١.

وزارة التعليم العالي البحث العلمي، رئاسة جامعة صلاح الدين في أربيل، عمادة كلية الاداب، موضوع: سلفة، العدد:١١٣/٥٤/٧، بتاريخ ١٩٨٣/١١/٧.

وزارة التعليم العالي البحث العلمي، رئاسة جامعة صلاح الدين، اربيل، عمادة كلية الاداب، الافراد، العدد: ٣٥/٧/ ٤٦٣، بتاريخ: ٤/٣٠/ ١٩٩١.

وزارة التعليم العالي البحث العلمي، رئاسة جامعة صلاح الدين، عمادة كلية الاداب،الافراد، موضوع: تشكيل لجنة، العدد: ١٨/٧/ ٨٩٧، بتاريخ: ٦/٣/ ١٩٩١.

وزارة التعليم العالي البحث العلمي، رئاسة جامعة صلاح الدين، محافظة اربيل، مديرية الادارة،الادارة، امر جامعي، موضوع: الزى

الموحـد للموظفـات، العــدد: ٢٥٧٠٧/١٢/٣٠، بتاريــخ: ١٩٨٥ /١٢/٨.
وزارة التعليـم العـالي البحـث العلمـي، رئاسـة جامعـة صـلاح الديـن، محافظـة اربيـل، قسـم الشـؤون،القانونية والادارية، موضـوع: تعميـم العــدد: ٤٩١٢/٢/٤، بتاريــخ: ١٩٩٠/٣/٧.
وزارة التعليـم العـالي والبحـث العلمـي رئاسـة جامعـة صـلاح الديـن/ أربيـل، عــمادة كليــة الاداب، موضــوع: طلــب، العــدد: ٧/ ٣٥/ ٧١٦، بتاريــخ: ٢٣/ ٥/ ١٩٩١.
وزارة التعليم العـالي والبحـث العلمـي، جامعـة السـليمانية، كليـة الأداب، م: أرسـال معلومـات، الرقـم: ٧/ ٣٧/ ١٣٧٤، بتاريـخ: ١/ ١٠/ ١٩٨٠.
وزارة التعليـم العـالي والبحـث العلمـي، جامعـة صـلاح الديـن، اربيـل، قسـم الشـؤون القانونيـة والاداريـة، الافراد،موضوع،اختبـار، العـدد: ١٦٨٦٨/٢/٤، بتاريـخ ١٩٨٩/١٢/٩.
وزارة التعليـم العـالي والبحـث العلمـي، دارئـرة الدراسـات والتخطيـط والمتابعـة، قسـم القبـول المركـزى، موضـوع: امتحـان الكفـاء في اللغـات الاجنبيــة، ت م ٥/ ١٨٢٢، بتاريــخ: ١/ ٦/ ١٩٨٩.
وزارة التعليـم العـالي والبحـث العلمـي، دائـرة الدراسـات والتخطيـط والمتابعـة، موضـوع: اللغـة الاجنبيـة والدراسـات العليـا، العـدد: ت م ٢/ ١٤٣، بتاريــخ: ١٢/ ١/ ١٩٨٩.
وزارة التعليـم العـالي والبحـث العلمـي، رئاسـة جامعـة صـلاح الديـن- اربيـل، عـمادة كليـة الاداب، الافـراد، موضـوع: صرف مكافـأة، العـدد: ٢/ ٨/ ٧٩٤، بتاريــخ: ٢٨/ ٥/ ١٩٩١.
وزارة التعليـم العـالي والبحـث العلمـي، رئاسـة جامعـة صـلاح الديـن- اربيـل، عــمادة مكتبــة الاداب، مكتــب العميــد، العــدد: ٧/ ٢٧/ ٨٠٩٩، بتاريــخ: ١٣/ ١٢/ ١٩٨٧.
وزارة التعليـم العـالي والبحـث العلمـي، رئاسـة جامعـة صـلاح الديـن- اربيـل، عـمادة كليـة الأداب، الافـراد، موضـوع: تشـكيل لجنـة، العـدد: ٧/ ١٨/ ٨٥١، بتاريــخ: ١/ ٦/ ١٩٩١.
وزارة التعليـم العـالي والبحـث العلمـي، رئاسـة جامعـة صـلاح الديـن- اربيـل، عـمادة كليـة الاداب، الافـراد، موضـوع: صرف مكافـأة، العـدد: ٢/ ١١/ ٧٩٤، بتاريــخ: ٢٨/ ٥/ ١٩٩١.
وزارة التعليـم العـالي والبحـث العلمـي، رئاسـة جامعـة صـلاح الديـن أربيـل، عـمادة كليـة الاداب، الافـراد، موضـوع: تكليـف، العـدد: ٧/ ٥٧/ ٥٠١؛ بتاريــخ: ٧/ ٥/ ١٩٩١.
وزارة التعليـم العـالي والبحـث العلمـي، رئاسـة جامعـة صـلاح الديـن في اربيـل، قسـم الشـؤون العلميـة والدراسـات العليـا، موضـوع: محـضر اجتــماع، العــدد: ٣/ ٢/ ٥٨٧٨، بتاريــخ: ١٧/ ٥/ ١٩٨٩.
وزارة التعليـم العـالي والبحـث العلمـي، رئاسـة جامعـة صـلاح الديـن في اربيـل، سـكرتارية مجلـس الجامعـة، موضـوع: أعـادة تشـكيل لجنـة تحضيريــة، العــدد: ١/ ١/ ٨١٤١، بتاريــخ: ٤/ ٨/ ١٩٨٨.
وزارة التعليـم العـالي والبحـث العلمـي، رئاسـة جامعـة صـلاح الديـن في اربيـل، السـكرتارية، موضـوع: قانـون الحفـاظ عـلى سـلامة اللغـة العربيــة، العــدد: ١/ ١/ ١٣٧٦٢، بتاريــخ: ٢/ ١١/ ١٩٨٧.
وزارة التعليـم العـالي والبحـث العلمـي، رئاسـة جامعـة صـلاح الديـن في أربيـل، موضـوع: تقريـر، العـدد: ٣/ ٢/ ٢٠٩٩، بتاريـخ: ٢١/ ٢/ ١٩٨٩.
وزارة التعليـم العـالي والبحـث العلمـي، رئاسـة جامعـة صـلاح الديـن/ أربيــل، عــمادة كليــة الاداب، موضــوع: تأييــد، العــدد: ٧/ ٣٥/ ٨٣١؛ بتاريــخ: ٢٩/ ٥/ ١٩٩١.
وزارة التعليـم العـالي والبحـث العلمـي، رئاسـة جامعـة صـلاح الديـن/ أربيـل، عـمادة كليـة الأداب، الافـراد، موضـوع: عـدم الممانعـة، العـدد: ٧/ ٣٠/ ٧٠١، بتاريــخ: ٢٢/ ٥/ ١٩٩١.
وزارة التعليـم العـالي والبحـث العلمـي، رئاسـة جامعـة صـلاح الديـن، اربيـل، عـمادة الكليـة الاداب، الافـراد، موضـوع: أعفـاء وتكليـف، العـدد: ٧/ ٥٧/ ٥٣٦، بتاريــخ: ١٣/ ٥/ ١٩٩١.
وزارة التعليـم العـالي والبحـث العلمـي، رئاسـة جامعـة صـلاح الديـن، أربيـل، مكتـب مسـاعد رئيـس الجامعـة، للدراسـات العليـا، موضـوع القبــول في الدراســات العليــا، العــدد: ٣/ ١٣/ ١١١٨٠، بتاريــخ: ٢٦/ ٩/ ١٩٨٧.
وزارة التعليـم العـالي والبحـث العلمـي، رئاسـة جامعـة صـلاح الديـن، أربيـل، عـمادة الكليـة الاداب، الافـراد، موضـوع: المـادة تشـكيل لجنـة، العـدد: ٧/ ١٨/ ٦٢١، بتاريــخ: ٢/ ٥/ ١٩٩١.
وزارة التعليـم العـالي والبحـث العلمـي، رئاسـة جامعـة صـلاح الديـن، قسـم الشـؤون العلميـة والدراسـات العليـا، موضـوع: اعـلان، العـدد: ٣/ ٢/ ١١٨٢٠، بتاريــخ: ٥/ ٩/ ١٩٨٩,
وزارة التعليـم العـالي والبحـث العلمـي، رئاسـة جامعـة صـلاح الديـن، محافظـة أربيـل، قسـم الشـؤون العلميـة والدراسـات العليـا، موضـوع: اعـلان عــن دوره، العــدد: ٣/ ٢/ ١٧٤٦؛ بتاريــخ: ١٤/ ٢/ ١٩٨٩.
وزارة التعليـم العـالي والبحـث العلمـي، رئاسـة جامعـة صـلاح الديـن، محافظـة اربيـل، قسـم الشـؤون العلميـة والدراسـات العليـا، موضـوع: محــضر اجتــماع، العــدد: ٣/ ٢/ ٢٢٢١، بتاريــخ: ٢٣/ ٢/ ١٩٨٩.
وزارة التعليـم العـالي والبحـث العلمـي، رئاسـة جامعـة صـلاح الديـن، مكتـب مسـاعد رئيـس الجامعـة للدراسـات العليـا/ قسـم الدراسـات العليـا، موضـوع: متابعـة الطلبـة، العـدد: ٣/ ١٣/ ١٠٨٩٥، بتاريـخ: ١٦/ ٩/ ١٩٨٧.
وزارة التعليـم العـالي والبحـث العلمـي، رئاسـة جامعـة صـلاح الديـن، مكتـب مسـاعد رئيـس الجامعـة للدراسـات العليـا، موضـوع: نـدوات الدراســات العليــا، العــدد: ٣/ ٢/ ١٤١٠٣، بتاريــخ: ٢٩/ ١١/ ١٩٨٧.

وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، رئاسة جامعة صلاح الدين، مكتب مساعد رئيس الجامعة للدراسات العليا، موضوع: اعلان، العدد: ٣/ ٢/ ٢٥١٤، بتاريخ: ٢٧/ ٢/ ١٩٨٨.
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، سكرتارية المؤتمر العلمي الثاني لجامعة صلاح الدين، موضوع: محضر الاجتماع الثالث، العدد: ٣/ ٢/ ١٥٠١٨؛ بتاريخ: ٧/ ١١/ ١٩٨٩.
وزارة التعليم العالي والبحث المعلي، رئاسة جامعة صلاح الدين، محافظة أربيل، مكتب مساعد رئيس الجامعة للدراسات العليا، موضوع: القبول في الدراسات العليا، العدد: ١١١٨٠/١٣/٣، التاريخ: ٢٦/ ٩/ ١٩٨٧.
وزاره التعليم العالى والبحث والعلمي، رئاسة جامعة صلاح الدين في أربيل، قسم الشؤوون العلمية والدراسات العليا، موضوع: اللغة الاجنبية و الدراسات العليا، العدد: ٣/ ٢/ ١٧٣٦، بتاريخ: ١٣/ ٢/ ١٩٨٩.
وزارەت التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة السليمانية، كلية الأداب، م: أرسال استمارات، أحصائية، رقم: ٧/ ٣٦/ ١٣٥٧، بتاريخ: ٢٥/ ٩/ ١٩٨٠.

دووەم: بڵاوکراوە حکومییەکان
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة صلاح الدين- اربيل، دليل تخرج، الدورة الاول ١٩٨١ ــ ١٩٨٢)، دورة النصر وعدم الانحياز، طبع في مطبعة جامعة صلاح الدين، اربيل، ١٩٨٢.
دليل تخرج الدورة الثانية، دورة انتصار ميسان ١٩٨٢- ١٩٨٣، طبع في مديرية مطبعة جامعة صلاح الدين، اربيل، ١٩٨٣.
دليل جامعة صلاح الدين لسنة الدراسية (١٩٨٣- ١٩٨٤)، مديرية مطبعه جامعة صلاح الدين، اربيل، ١٩٨٤.
وزارةت التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة صلاح الدين، دليل تخرج الدورة الرابعة، دورة تاج المعارك، طبع بمطابع جامعة الموصل، الموصل، ١٩٨٥.
وزارة التعليم العالي البحث العلمي، رئاسة جامعة صلاح الدين، دليل تخرج الدورة الخامسة، دورة الفاوا المنتصر (١٩٨٥- ١٩٨٦)، مطبعة جامعة صلاح الدين، اربيل، ١٩٨٦.
وزارة التعليم العالي البحث العلمي، رئاسة جامعة صلاح الدين، دليل تخرج الدورة السادسة، دورة ميلاد القائد (١٩٨٦- ١٩٨٧)، مطبعة جامعة صلاح الدين، اربيل، ١٩٨٧.
وزارة التعليم العالي البحث العلمي، رئاسة جامعة صلاح الدين، دليل تخرج الدورة السابعة، دورة تحرير الفاو (١٩٨٧- ١٩٨٨)، ب.م، ١٩٨٨.
دليل تخرج الدورة الثامنة، دور النصر والسلام (١٩٨٨ ــ ١٩٨٩)،مطبعة التعليم العالى، اربيل، ١٩٨٩.
دليل تخرج، الدورة التاسعة دورة التصدى (١٩٨٩ ــ ١٩٩٠)، وزارة التعليم العالى والبحث العلمي، جامعة صلاح الدين، طبع بمطابع التعليم العالى اربيل، ١٩٩٠.
المجموعة الاحصائية السنوية لجامعة صلاح الدين ١٩٨١- ١٩٨٢، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة صلاح الدين، مديرية الأحصاء، عدد: ٩، ب. م، ١٩٨٢.
وزارة التعليم العالي البحث العلمي، جامعة صلاح الدين، مديرية الاحصاء، المجموعة الاحصائيه السنوية جامعة صلاح الدين، ١٩٨١- ١٩٨٣، عدد (٩)، اربيل، ب.س.
وزارة التعليم العالي البحث العلمي، جامعة صلاح الدين، التقرير السنوى جامعة صلاح الدين للعام الدراسي ١٩٨٨- ١٩٨٩، اربيل، ١٩٩٠.
جامعة السليمانية خلال سنوات الثورة المجيدة ١٩٦٨-١٩٦٩، ١٩٧٨- ١٩٧٩، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، رئاسة جامعة السليمانية، مديرية الأحصاء والتخطيط، ب. م، ب. س.
وزارة التعليم العالى والبحث العلمي، جامعة صلاح الدين، كلية الاداب، النشرة الاحصائية كلية الاداب، اربيل:١٩٩٢.
الجمهورية العراقية، وزارة التعليم العالي البحث العلمي/جامعة صلاح الدين، اربيل، دليل الدراسات العليا لجامعة صلاح الدين للعام الدراسى ١٩٨٧ ــ ١٩٨٨، اربيل،١٩٨٨.
زانکۆی سەڵاحەددین، کولێژی ئاداب، ڕێبەری کولێژی ئاداب بۆ قوتابییانی ساڵی خوێندن (٢٠٠٤- ٢٠٠٥)، هەولێر، ٢٠٠٤.
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة صلاح الدين، مكتب مساعد رئيس الجامعة للدراسات العليا، تقرير الفصل الثاني للدراسات العليا ١٩٨٦- ١٩٨٧، ب. م، ب. س.
الجمهورية العراقية وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة صلاح الدين/ أربيل، دليل الدراسات العليا لجامعة صلاح الدين للعام الدراسي ١٩٨٨- ١٩٨٩، مطبعة التعليم العالي، أربيل، تشرين الاول ١٩٨٩.
دليل دورات التعليم المستمر (١٩٨٥- ١٩٨٦)، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، رئاسة جامعة صلاح الدين، مديرية دار الكتب للطباعة والنشر، جامعة موصل، ١٩٨٦.
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، رئاسة جامعة صلاح الدين، قسم الشؤون العلمية والدراسات العليا، التعليم المستمر، اعداد: شعبة التعليم المستمر، دليل دورات التعليم المستمر في جامعة صلاح الدين للعام الدراسى ١٩٩٠- ١٩٩١، ب. م، ١٩٩١.
خلاصات الابحاث المؤتمر العلمي الاول لجامعة صلاح الدين، ٢٩

تشرين الثاني- ١ كانون الأول ١٩٨٨، اربيل، ب. س.
قانون جامعة السليمانية، رقم (١٤٣)، قانون العراق، ١٠/ ١٠/ ١٩٦٨.
محمد، سهيله طه، الدليل الاول، جامعة صلاح الدين، كلية الاداب، اربيل، ١٩٩٠.
صالح، ڕوپاک على، وزاره التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة صلاح الدين، كلية الاداب، النشرة الاحصائية لكلية الاداب ١٩٩٢، ب.س.

سێیەم: کتێب
موکریان،د. کوردستان، ٢٠٢٢، لە هەولێرەوە بۆ هەولێر (ژیان و بیرهاتن)، سنندج، کوردستان.
ناوخۆش،سەلام، ٢٠٢١، من نووسیم، تۆ نەخوێندەوە، کتێبی دووەم، تاران.
عبدالرحمان، پ. ی. د. ئاراس، ٢٠١٨، خۆپێشاندان و ڕاپەرینەکانی باشوری کوردستان دژی حوکوومەتی عێراق ١٩٧٥- ١٩٨٨، بەرگی دووەم، سلێمانی.

چوارەم: چاوپێکەوتن:
محمد، د. خلیل اسماعیل، هەولێر، ٢٠٢٢/١١/٤.
عزت، د. فائزه محمد، هەولێر، ١٤/ ١٢/ ٢٠٢٢.
موکریانی، د. کوردستان، هەولێر، ١٤/ ١١/ ٢٠٢٢.
مولود، د. محمد خضر، هەولێر ٢٠٢٢/١٢/٤.
مستەفا، د. محمد فازل، هەولێر، ١٣/ ١٢/ ٢٠٢٢.
هەرزانی، د. نوری، هەولێر، ١٢/١١/ ٢٠٢٢.
دزەیی، د.یوسف معروف، هەولێر،٢٠٢٢/١٢/١١.

فتاح، ژیلوان محمد معروف، هەولێر، ٨/ ١١/ ٢٠٢٢.
ئیبراهیم، شوکریە ڕسول، هەولێر، ٤/ ١١/ ٢٠٢٢.
کەریم، صبریە جلال، هەولێر، ١١/١١/ ٢٠٢٢.
سلێمان، نەسرین محمد امین، هەولێر، ١١/١٠/ ٢٠٢٢.

پێنجەم: پەیوەندی تەلەفۆنی:
غەفور، د. جبار قادر، هۆڵەندا، ١١/١٣/ ٢٠٢٢.
عبدالله، د. جەوهەر محمد أمین، هەولێر، ١٥/ ١٢/ ٢٠٢٢.
قادر، د. خانزاد علی، هەولێر، ١٧/ ١٢/ ٢٠٢٢.
محمد، د. دلشاد علی، سلێمانی، ١٣/ ١٢/ ٢٠٢٢.
سعید، وقاص، هەولێر، ١٥/ ١٢/ ٢٠٢٢.
رسول، د. عبدالله حسین، هەولێر، ١٥/ ١٢/ ٢٠٢٢.
رشید، د. علاء الدین محمد، هەولێر، ١٥/ ١٢/ ٢٠٢٢.
ئەلوەنی، د. نجم خالد، هەولێر، ١٦/ ١٢/ ٢٠٢٢.
ابراهیم، شادان ڕسول، لندن، ٢٠٢٢/١١/١١.
شاکر، تامان، هەولێر، ٢٠٢٢/١٢/٦.

شەشەم: ماڵپەری ئینتەرنێت:
بیجان، ئامانج نازم، پ. د. جەبار قادر غەفور، کورتەیەک لە ژیان و بەرهەمەکانی، com.historyofkurd.www، ٩/ ٢/ ٢٠٢٣.
النقشبندی، د. حسام الدین، المركز الأكاديمي الأبحاث، acadcr.cm، ٩/ ٢/ ٢٠٢٣.
المركز الاكاديمى للابحاث com.acadctr.www، ٢٠٢٢/١٢/٥.

**ملخص**

بسبب المشاكل السياسية ومقتل عدد من الاساتذة في جامعة السليمانية، شعرت الحكومة العراقية أن وجود الجامعة في السليمانية يشكل تهديدًا لحكومة البعث، لذلک قررت نقل الجامعة من مدينه السليمانية إلى مدينه أربيل في ١٩٨١.

في عام ١٩٨٢ تظاهر الطلاب ضد نقل الجامعة وسوء أوضاع دراستهم. ردت حكومة البعث بالعنف ولم تمتنع عن أي عنف ضد طلاب جامعة صلاح الدين. ومع ذلک، على الرغم من التوترات، كانت أعداد الطلاب والاساتذة وفتح الأقسام العلمية في كلية الآداب يتزايد كل عام.

الجدير بالذكر ان أساتذة كلية الاداب قاموا كل عام بفتح دورات للموظفين من خارج الجامعة بهدف دمج الجامعة مع المجتمع. في الوقت نفسه، أعطى افتتاح الجامعة في أربيل نوعاً من الانفتاح ومزيد من الاختلاط بين الثقافات وتجديد مدينة أربيل.

يعد فتح الدراسات العليا في كلية الآداب بجامعة صلاح الدين تطورًا علميًا آخر للكلية، حيث أتيحت الفرصة لعدد من الطلاب كل عام لإكمال دراساتهم العليا في هذه الكلية.



## Abstract

College of Arts – Salahaddin University 1991 – 1981
(A Study on Scientific and Administrative Activities)

Due to political problems and the killing of a number of teachers in Sulaimani University, the Iraqi government felt that the presence of the university in Sulaimani was a threat to the Ba'ath government, so it decided to move the university from Sulaimani to Erbil in .1981

In 1982, students demonstrated against the transfer of the university and the conditions of their studies. The Ba'ath government responded with violence and did not refrain from any violence against the students of Salahaddin University.

However, despite the tensions, the number of students and teachers and the opening of scientific departments in the College of Arts was increasing every year.

It is noteworthy that the college teachers have opened courses for employees outside the university every year, in order to integrate the university with the society.

At the same time, the opening of the university in Erbil gave a kind of openness and further mixing of cultures and a renewal of the city of Erbil.

The begining of postgreadute programs in the College of Arts of Salahaddin University is another scientific development of the college, which every year a number of students had the opportunity to complete their higher education at this college.